# بێتەل

## لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا

## ١٩٦١- ١٩٧٥

عەقید ڕوکن عەبدوڵا ڕەمەزان

دەستەی ئێنسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

- **ناوی کتێب:** بێتەل لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا ١٩٦١- ١٩٧٥
- **نووسینی:** عەقید ڕوکن عەبدوڵا ڕەمەزان
- **پێداچوونەوەی:** سەلام جەمال
- **زنجیرەی بڵاوکراوە:**
- **ساڵی چاپ و شوێن :** ٢٠٢١- هەولێر
- **چاپخانە:**
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (....) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.**

پێشکەشە بە:

ـ ڕابەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول مستەفا بارزانی.

ـ کادیرە ماندوونەناسەکانی بێتەل.

ـ گشت شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

# پێڕست


- پێشەکی ..........................................................

▪ **بەشی یەکەم:**

- قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن..
- شۆڕشی ئەیلوول و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئـــامرازەکـانی پەیوەندی ..
- دەستبەسەرداگــرتنـــی یەکەم ئــامێــری بێتەل ..
- دەستبەسەرداگرتنی بێتەل لە شەڕەکاندا ....

▪ **بەشی دووەم:**

- قۆناغەکانی دامەزراندن و فراوانکردنی موخابەرەی گشتی ........
- قۆناغی یەکەم ١٩٦١- ١٩٦٤ ........................................
- ئاراس یەکەم بنکەی بێتەلی شۆڕش ..............................................
- شیکردنەوەی یەکەم بروسکەی شیفرەکراو لە سەرەتای شۆڕش .........
- سەرەتای دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیکردن (بێتەل) لە بارەگای مەکتەبی ...
- پەیوەندی نێوان بێتەلی شۆڕش و بێتەلی حکوومەت .........
- دامەزراندنی بێتەلی گشتی لە ساڵی ١٩٦٤ ......................
- قۆناغی دووەم ١٩٦٤- ١٩٧٠ ..........................................
- خولەکانی بێتەل ....................................

- قۆناغی سێیەم و کۆتایی ١٩٧٠- ١٩٧٥ .................................

■ بەشی سێیەم:

- جۆرەکانی پەیوەندیکردن بە بێتەل ..............................
- بروسکە چییە ؟ ..........................................................
- یەکەمین ئەو بروسکانەی لە سەرەتای دامەزراندنی تۆڕی پەیوەند .....
- پەیوەندی نێوان بێتەلی ئاراس و بێتەلی پیرمام ................
- بروسکەی مستەفا بارزانی بۆ ملازم خدر دەباغ ...........
- بروسکەی مستەفا بارزانی لە کاتی داستانی هێزی دەشتی هەولێر ...
- بروسکەی مستەفا بارزانی لە شەڕی مەرگە ..........................
- بروسکە لەبەرژەوەندی خەڵك ..............................................

■ بەشی چوارەم:

- شیفرە و شیفرەکاری (جفرة) ..............................................
- ڕۆڵی بروسکە شیفرەکراوەکان لە پاراستنی گیانی پێشمەرگە و ............
- ئاگاداربوون لە هاتنی ڕۆژنامەنووسانی بیانی .........................

■ بەشی پێنجەم:

- مۆرس ..............................................................

■ بەشی شەشەم:

- تەتەر یان پەیامبەر ..............................................

■ بەشی حەوتەم:

- بارەگاکانی بێتەل و هۆیەکانی گواستنەوە ......................

- ■ **بەشی هەشتەم:**

- بەشەکانی دەزگای موخابەرەی گشتی و جۆرەکانی بێتەل ................
- جۆرەکانی بێتەل ...................................................

- ■ **بەشی نۆیەم:**

- موخابەرە بۆ پێگەیاندنی کادیری پارچەکانی تری کوردستان .........
- بێتەلی شۆڕش و هاوکاری حیزبەکانی تری کوردستان ...............
- کۆنترۆڵی بێتەلی دوژمن و پلانی بارزانی .................................
- هەندێك گرنگی و بەکارهێنانەکانی تری بێتەل بەگشتی ...........
- ناوی کادیرانی بێتەل لە شۆڕشی ئەیلوولدا ............................
- پاشکۆی ژمارە ١: وێنەکان ................................................
- پاشکۆی ژمارە ٢: وێنەکانی دەزگای بێتەل ................................
- پاشکۆی ژمارە ٣: بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان ................................


هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

لە پاش شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ دوای گەڕانەوەی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق ئەو پێشوازییە گەرمەی لێیان کرا لەلایەن خەڵک لەسەرتاپای عێراق هەر لە بەسراوە هەتا هەولێر نیشانەی ئەوە بوو کە گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی شانازی بە نەبەردی و خۆڕاگری و بوێری ئەو کەلە پیاوە دەکەن و بە ڕێبەر و پێشەوای خۆیان دەزانن بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان.

بۆ ئەم مەبەستەش بارزانی کەوتە دانۆستان لەگەڵ (عبدالکریم قاسم) سەرۆکی ئەو کاتی عێراق کە بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار حکوومەت دان بەمافە ڕەواکانی گەلی کورددا بنێت و لە دەستووری عێراق بیچەسپێنێت، جۆرێک لە ئارامی و سەقامگیری باڵ بەسەر عێراق و کوردستاندا بکێشێت، بەڵام پاشگەزبوونەوەی حکوومەت لە بەڵێنەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەی زیاتر کەوتە نێوان کورد و حکوومەتی عێراق. سەرئەنجام یەکەم ئاگری شۆڕش لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی هەڵگیرسا و خەڵکی ناڕەزا بە چەك و تفاقی خۆیان پەیوەندیان بە ڕیزەکانی شۆڕش کرد، ژمارەی شۆڕشگێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو تا شۆڕش هەموو کوردستانی گرتەوە.

دوژمن بە چەك و جبەخانەی سەردەمیانە، بە پشتیوانی فڕۆکە و تانك و زرێپۆش و بە هاوکاری و پشتیوانی زۆر لە وڵاتانی بیانی و دەورووبەر، بە دڕندانەترین شێوە هێرش و پەلامارەکانی دژ بە خەڵکی سڤیل و هاووڵاتیانی کورد دەست پێکرد، لەبەرامبەردا پێشمەرگە بە سادەترین چەکی سوکی ئەو سەردەمە و بە کەمترین فیشەك و تەقەمەنی، بەرگرییان لە پێشڕەوییەکانی سوپای عێراق گرت و خەونە شۆڤێنییەکانیان سەرەوژوور کرد و پارێزگارییان لە خاکی پیرۆزی کوردستان کرد.

ئەمەش بە یەکێک لە ڕووداوە سیاسییە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی بزاڤی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا دادەنرێت و ڕووداوەکانی تری بە

دوادا هـاتن بـووە بنچینەیەکـی گرنگـی مـتمانە بەخۆبـوونی لە لای گەلـی کـورد دروستکرد. هاوکات بووە بەڵگەیەکی مێژوویی نیشاندانی هێـز و توانـا و عەقـڵ و جەستەی تاکی کورد.

بابەتی کتێبەکە نیشاندانی خەباتی نەتەوەی کـوردە لە باشـووری کوردسـتان و ئەو هەوڵ و تەقەلا و ئیرادە پۆلایینەیە لەو پارچەیەی کوردستان. هەروەها بابەتی سەرەکی پەرتووکەکە کە ئامرازی پەیوەندی کردنە هەر لە سەرەتای سـەرهەڵدانی شۆڕشـەوە نەبـووە و پێشـمەرگەکانیش گرنگییەکـی ئەوتۆیـان بە ئامێرەکـانی پەیوەندی کردن نەداوە، هەر کاتێک لە هێرشەکانیشدا دەسـتیان بەسـەردا دەگیـرا لە شـوێنێک کەڵەکە دەکـران یـان بـە زۆری دەشـکێنران و لـە نـاودەبران. بـەڵام پەیوەندی کردنی کومـەڵێك ئەفسـەر و سـەرباز و پـۆلیس بـە ڕیزەکـانی شـۆڕش، بیرۆکەی دامەزراندنی تـۆڕێکی پەیوەنـدیکردن بـۆ هێزەکـانی شـۆڕش بەپێویسـت زانرا، چونکە پێشتر گواستنەوەی ئاگاداری و زانیاری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تـر لە ڕێگەی تەتەرەوە (قاسد، پەیك) بوو، کە چەندان کـاتژمێر یـان ڕۆژی دەخایانـد، بەڵام دوای دامەزراندنی ئەم تۆڕەی پەیوەندی کردنە، بروسکە و نامەکان بە چەند چرکەیەك دەگەیشتن.

نووسینەوەی بابەتێکی گرنگی لـەو جـۆرە، سـەرەڕای ئـەوەی دڵـۆپێکی تـر لـە دەریای مێژووی کورد و شۆڕشی ئەیلوول زیـاد دەکـات، لـە هـەمانکات ئـەرکێکی سەرشانمانە ڕۆڵ و جوامێری ئەو کەڵەمێرد و قارەمانانە باس بکەین و بنووسین کـە ئەمڕۆیان دروستکرد، تا نەوەی نوێ بزانن باب و باپیرانیان چ قارەمانێك بـوون، بـە کەمترین پێداویستی توانیوویانە گەورەترین داستان و سەروەری تۆمار بکەن.

منـیش وەك ئەفسـەرێك درك بە گرنگـی ڕۆڵ و کـاریگەری پەیوەنـدیکردن دەکەم، هـەروەك چـۆن جـەنابی بـارزانی نەمـر لـە پەیڤێکیانـدا لەوبـارەوە دەفەرمووێت: (موخابەرە بڕبڕەی پشتی شۆڕشە)، جگە لەوەی هۆکاری کارئاسـانی بـوو بـۆ پێشـمەرگە لەبـەرەکانی جـەنگ، هاوکـات فریادڕەسـی گیـانی سـەدان پێشمەرگە و فەرماندەی سەربازیش بوو.

**عەقید ڕوکن عەبدوڵا ڕەمەزان**

# بەشی یەکەم

## قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن

هەرچەنـدە زمـان ئامرازێکـە بـۆ پەیوەنـدی کـردن، بەڵام سـەرەتای مێـژووی بەکارهێنانی هونەری پەیوەندیکردن لە ناو سوپادا دیار نییە، ئەوەش دیار نییە، کە یەکەمجار کام سوپا بەکاریهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بـە گریک و چینییەکان دەکـەن، کـە یەکـەم نەتـەوە و لەشـکرن بـۆ پەیوەنـدیکردن و ئاگادارکردنـەوەی یـەکتری لـە جوڵـە و هێرشـی بەرامـبەر سـودیان لـە هێماکـان وەرگرتووە، بۆ نموونە کاتێك هەر هێرشیك یان جوڵەیەك دەکرایە سەر چینییـەکان، بۆ ئاگادار کردنەوەی یەکتری پەنایانبۆ بەر ئاگر کردنەوە دەبـرد و لەسـەر دیـواری گەورەی چین ئاگریکی گەورەیان دەکردەوە.

پەیوەندیکردن یەکێکە لەو کارانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیـدا گرنگییەکـی زۆری پێ دراوە و بەردەوام لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا و پێشکەوتووە، هـەر بەهـۆی ئـەم گرنگیەش بووە کە هونەری پەیوەندیکردن گەیشتۆتە ئەم پێشکەوتنەی ئـەمڕۆ کە ئێمەی تێداینە و جیهانی کردووە بە گوندێکی بچووک. بێگومان ئەم پێشکەوتنە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، لێرەدا بە کورتی سەرنجێك دەخەینە سـەری، دواتـر لـە

بابەتە سەرەکییەکەی خۆماندا بە درێژی باسی لێوە دەکەین، ئەوانیش:

**١. قۆناغی پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ**

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا قۆناغی پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ، بە کۆنترین ڕێگای پەیوەندیکردن دادەنرێت، چونکە ڕێگای پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ لە نێوان مرۆڤەکاندا چ لە نێوان دوو کەس بە ڕاستەوخۆ یان بە بەکارهێنانی کەسی سێیەم بووبێت، هیچ کاتێك لە ناو ناچێت و ناسڕێتەوە هەرچەندی پێشکەوتنیش بەردەوام بێت.

**٢. قۆناغی پەیوەندیکردن بە سیم (السلكية)**

ئەم قۆناغە، هاوشان لەگەڵ دۆزینەوە و داهێنانی کارەبا سەری هەڵداوە، لە کاتێك زانایان و شارەزایان بیریان لە ڕێگایەك دەکردەوە تا لە ڕێگەیەوە مرۆڤەکان بتوانن پەیوەندی بە یەکەوە بکەن، توانرا بروسکە، تەلەگراف و نامەی کارەبایی و تەلەفۆن دابهێنن. دواتر توانرا ئامێری فاکس دابهێنن کە بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی فراوانتر لە ڕێگەی سیمەوە (سلك)ەوە نامە و بەڵگەنامە بنێردرێت.

**٣. قۆناغی پەیوەندی کردنی بێسیم (لاسلكي)**

ئەم قۆناغە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ ناردنی یەکەم هێمای بێسیم دەست پێدەکات کە بووە هۆی داهێنانی ڕادیۆ و دامەزراندنی ژمارەیەك ئێزگەی تایبەتی ڕادیۆیی. لە ئەنجامی ململانێی نێودەوڵەتی و بڵاوبوونەوەی شەڕ لە زۆرێك لە ناوچەکان، پەیوەندی بێسیم لە زۆر بواردا بە تایبەتی لە بواری سەربازی بەکارهێنرا.

دوای ئەمە تەلەڤزیۆن داهێنرا کە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و بووە هۆی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە ئێزگەی تەلەڤزیۆنی کە لە پەخشی زەمینییەوە بوو بە پەخشی مانگی دەستکرد و بەهۆیەوە زیاتر و زیاتر بەرفراوانبوو.

## ٤. قۆناغی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی گەیاندن

ئەم قۆناغە بە داهێنانی کۆمپیوتەر دەست پێدەکات، تا گەیشتە کۆنترۆڵ کردنی بچووکترین وردەکاری ژیان کە بە هۆی گەیشتن بە تۆڕی ئینتەرنێت ئەم تۆڕە باڵی بەسەر هەموو جیهانی گەیاندن و پەیوەندیکردن کێشا، تەنانەت وای لێهاتووە تا ڕادەیەك پەیوەندیکردن ببێتە نیمچە خۆڕایی و ماندوبوونێکی زۆری پێویست نەبێت.

## شۆڕشی ئەیلوول و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن

لە بەدواداچوون و سۆراغ کردنمان بۆ چۆنییەتی بەدەستهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن، بۆمان دەرکەوت کە بە دوو ڕێگا یان دوو شێوە بە دەست هاتوون:

١. لە ڕێگای دەستبەسەرداگرتنی یەکەکانی سوپا و پۆلیس، چونکە لەو سەردەمەدا پۆلیس لە سەرانسەری عێراق ڕۆڵێکی باشی لە دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆ، بە تایبەتی لە کوردستان هەبوو کە بە پێی یاسای ناوخۆش ئەرکی پاراستن و بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوەوەی وڵات ئەرکی پۆلیسە، سوپا تەنیا ئەرکی پاراستنی سنوورە لە هەر هێرشێکی دەرەوە یاخود بەرەنگاربوونەوەی ناوخۆیی، ئەگەر پۆلیس نەیتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات.

٢. لە ڕێگای ئەو ئەفسەر و پلەدارە کوردانەی ناو سوپا و پۆلیس کە بە خۆیان و کەلوپەلەکانیانەوە پەیوەندییان بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە دەکرد، بە تایبەتی بەڕێوەبەر و پلەداری بنکە پۆلیسییەکانی (مەخفەر)ی گوند و شارەدێ سنوورییەکانی کوردستان، بە پلەی یەکەمیش پلەدارە کوردەکانی نێو بنکەکان کە زۆربەیان سەر بەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.

بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەم ئەفسەر و پلەدارانە بە زیندوویی بمێنێتەوە، بە پێویستی دەزانم بە شێوەیەکی ڕیزبەندی بە پشت بەستن بە سەرچاوە و چاوپێکەوتنەکان

لەگەڵ ئەو کەسانەی لە دوور و نزیکەوە ئاگاداری ئەرك و ماندوبوونی ئەو بەڕێزانە بوون، ناوی هەموو ئەو شۆڕەسوارانە بێ جیاوازی بە یادبهێنمەوە کە بوونە هەوێنی دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی کردنی شۆڕش کە بە موخابەرەی گشتی ناسراوە:

## ١. بەدەستهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی بەدەستەوەدان لەلایەن پۆلیس و ئەفسەرانی کورد

یەکەم مەئمور (مفەوەز)ی کورد کە بنکەی پۆلیسی خۆی بەگشت کەلوپەلەکانییەوە بە چەك و تەقەمەنی و ئامێرەکانی پەیوەندی کردنەوە لە ١٩٦١/٩/٦[1]، ڕادەستی پێشمەرگەی کردووە بە ناوی عەبدولڕەحمان سەید عەلی بوو، ناوبراو بەرپرسی بنکەی پۆلیسی زاخۆ بووە، لەو سەردەمە بە مەئموری مەخفەر ناودەبرا، خۆی لە ڕیزەکانی ڕێکخستن بووە و ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە هەمان کات پەیوەندییەکی بەردەوامی بە مستەفا بارزانی یەوە هەبوو.

هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هاوشان لەگەڵ ڕاپەرینە جەماوەرییەکەی ١٩٦١/٩/٦ خۆی ڕادەستی پێشمەرگە بکات بە گشت کەلوپەلەکانی ناو مەخفەر پێشمەرگە سودێکی زۆری لێبینی، بە تایبەتی چەك و تەقەمەنی و ئامێرەکانی بێتەل، دواتریش پێشمەرگە توانی هەرچی بنکەی پۆلیسە لەو ناوچەیە دەستی بەسەردا بگرێت تا فایدییە، بەڵام دواتر لەلایەن سوپای عێراقەوە پێشڕەوییەکانیان وەستێنرا[2].

ئەمە لە کاتێکدا لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمەی حکوومەتی عێراقدا هاتووە: کاتێك پێشمەرگە دەستبەسەر شاری زاخۆدا دەگرن لە شەوی ١٠-١٩٦١/٩/١١ یەکێك لەو شوێنانە بنکەی پۆلیسی زاخۆیە، گشت ئەفسەر و

[1]. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ شێروان عەبدولڕەحمان ناسراو بە فەریق شێروان، (پیرمام، ٢٠١٨/٥/٦).
[2]. هەمان سەرچاوە.

پۆلیسەکان دەستبەسەر دەکرێن، بەڵام عەبدولڕەحمان سەید عەلی، کە مەئمور (مفەوەز) بووە، لەگەڵ چەند پۆلیسێکی تر بە ئازادی لە ناو پێشمەرگەکان هاتووچۆیان کردووە وەك ئەوەی کە خۆیان پێشمەرگە بن.

لە ١٩٦١/٩/٢٠ پاش ئەوەی زاخۆ و ناوچەکانی تر لەلایەن سوپا و پۆلیسی عێراق دەستی بەسەردا دەگیرێتەوە، ناوبراو لەگەڵ پۆلیسەکانی تر لەگەڵ پێشمەرگە چووەتە ناوچە ئازادکراوەکان[1]. لەلایەکی ترەوە، لە سەرەتای شۆڕش ناوبراو لەلایەن خودی مستەفا بارزانی هاوشان لەگەڵ عەگید سدیق ئامێدی دەست نیشان دەکرێن وەک وەفدی دانووستان لەگەڵ تورکیا[2]. ئەمە جگە لەوەی لە سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بەوە کراوە، کە یەکەم ئەفسەری کورد بنکەی پۆلیسی خۆی ڕادەستی پێشمەرگە کردووە بە گشت کەلوپەلەکانی لە چەك و تەقەمەنی و ئامێری پەیوەندیکردن و کەلوپەلی تر عەبدولڕەحمان عەلی بووە لە ١٩٦١/٩/٩. بە هەمان شێوە لەبارەی سەرهەڵدانی زاخۆ هاتووە: لە یاخیبوونی ١٩٦١/١١/٦ ژمارەیەك یاخیبوو هاتنە ناو بنکەی پۆلیسی قەزای زاخۆ و لەلایەن مەئموری بنکەوە بەناوی عەبدولڕەحمان سید علی پێشوازیان لێکراوە کە پێشتر لەگەڵیان ڕێککەوتووە بۆ ڕادەست کردنی بنکەی پۆلیس و دەستیان بەسەر کەلوپەلی ناویدا گرتووە و پۆلیسەکانیشیان چەك کردووە[3].

لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ بەرپرسی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، بە ناوی عەلی فەتاح دوای بەڕێکردنی گشت پۆلیس و کارمەندانی بنکەکە، هەرچی چەك و تەقەمەنی و ئامێرەکانی پەیوەندی کردنە دەباتە بارزان و ڕادەستی شۆڕشی دەکات[4].

یەکەم کارمەندی بێتەل، کە بە بێتەلەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە

---

[1]. من وثائق الحركة الكردية التحررية، مجلة متين، عدد ٨٥، ص ٩٠-٩١.

[2]. د. جاسم الياس مراد، مذكرات فارس كورماركى، (مطبعة زاخو، ٢٠٠٢)، ص ٣٧.

[3]. احمد فوزى، خناجر و جبال، (بێ شوێن، بێ ساڵ)، ص ١٥٩.

[4]. پەیامی ئەیلوول، خورشید رواندوزی(لە ڕێگەی سەرۆك بارزانی یەوە)، تاویار گۆران، ژمارە ٣٦، تشرینی یەکەم و دووەم ٢٠١٤، ل ١٨.

سلێمان مەولود تەها نانەکەلی، ناسراو بە مەلا سلێمان[1] بووە. ناوبراو لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی وەك کادیری بێتەل (لاسلکي) لە بەشی بێتەل لـە بەڕێوەبەرایـەتی پۆلیسی هەولێر دادەمەزرێت، لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ بە خۆی و بێتەلەکەیەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، مەلا سـلێمان بـە یەکـەم کادیری بێتەل دادەنرێت کـە پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە کـردووە، لەبـەر دڵسـۆزی، ئەمینی و دەستپاکی، سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیـار دەدات ببێتـە بێتـەلی تایبـەتی مستەفا بارزانی.

بۆ یەکەمجار مـەلا سـلێمان هاوشـان لەگـەڵ مسـتەفا ئامێـدی بەسەرپەرشـتی شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن لە بارەگای گەڕۆکی بارزانی لە گونـدی بامـەڕنێ تۆڕی بێتەلی شۆڕش دادەمەزرێنن دواتر بە ئێزگەی بێتەلی ئاراس ناونراوە[2].

مسـتەفا ئامێـدی لـە ١٩٦١/٩/١١ لـە ناوچـەی ئامێـدی بـە خـۆی و ئـامێری بێتەلەکەیەوە پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە کـردووە، نـاوبراو یەکـەم کـەس بـووە کـە ئاگاداری بروسکەی گفتگوکانی دوژمن بووە لە ڕێی بێتەلەکەیەوە و بـە یـەکێك لـە دامەزرێنەرانی تۆڕی پەیوەندی کردنی شۆڕش (موخابەرەی شۆڕش) دەژمێردرێـت. لەگەڵ هەریەك لە شەوکەت مەلا ئیسـماعیل و مـەلا سـلێمان، پـاش دامەزرانـدنی ئێـزگەی بێتـەلی ئـاراس دەکرێتـە کـادیری بێتەلی لەشـکری یـەك بەسەرپەرشـتی ئەسعەد خۆشەوی لە دەڤەری بادینان[3].

ئەوەی لە سەر مێژووی بێتەل جێگای هەڵوەستەیە، ئەوەیە ئایا لە هەریەك لە مەلا سلێمان و مستەفا ئامێدی وەك دوو کادیری بێتەل، کامیان زووتر پەیوەندییان بـە شۆڕشـەوە کـردووە؟ بەپێـی سـەرچاوە بەردەسـتەکان دەردەکـەوێت، کـە جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە، بەڵام بە پێی مێژوو و ڕێـکەوت مسـتەفا ئامێـدی یەکـەم

---

[1]. لوقمان فاروق حەسەن نانەکەلی و ئاری فاروق حەسەن نانەکـەلی، هـۆزی نانەکـەلی لە مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆ دا، (تورکیا- چاپخانەی مێگا-ئەستەمبوڵ- ٢٠١٤)، ل ٢٣٢.

[2]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسـەن، ڕۆژانـێ لـە مێـژووی شۆڕشـی ئـەیلوول، چـاپی دووەم، (هەولێر- نووسینگەی تەفسیر- ٢٠١٦)، ل ل٤٠-٤٢.

[3] . هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

کارمەندی بێتەل بووە، کە بە ئامێری بێتەلەکەیەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە، چونکە ڕێکەوتی پەیوەندی کردنی مەلا سلێمان وەك ڕۆژ دیار نییە، لە کاتێکدا مستەفا ئامێدی لە ١٩٦١/٩/١١، واتە لەهەمان ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندیکردووە[١].

عەلی بێتەل، بەرپرسی تۆڕی پەیوەندی (موخابەرە)ی بنکەی پۆلیسی شارەدێی سەنگەسەر بووە، لە شەوی ٢٤-١٩٦٢/٧/٢٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە هەمان هێز (بنکەی پۆلیس)، توانیان هەرچی کەلوپەلی سەربازییە لە ئۆتۆمبێل، چەك و تەقەمەنی و ئامێری پەیوەندیکردن لە هەر سێ بنکە و مەخفەرەکانی سەنگەسەر، پشت ئاشان و سورگەلە، کە ئەو کات هەردوو مەخفەرەکەش لە ناو بنکەی پۆلیسی سەنگەسەردا بوون، دەستی بەسەردا بگرن و بیبەنە ناو شۆڕش[٢]، دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە یەکێك لە بەتالیۆنەکانی پاسەوانی سنوور دەکرێتە سەر پەلی موخابەرە)[٣].

بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن محەمەد لاسلکی[٤] و چەند پۆلیسێکی

---

[١]. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حسێن محەمەد باپیر ناسراو بە مستەفا ئامێدی (مدیر) لەلایەن موقەدەم عەبدوڵا ڕەمەزان، (دهۆك، ٢٠١٨/٥/١٥)؛ پەیامی ئەیلوول، سلێمان مەولود تەها نانەکەلی، پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣٤، نیسان ٢٠١٤، ل ٥٢؛ لوقمان فاروق حەسەن نانەکەلی و ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

[٢]. پێشمەرگەی دێرین عەلی سەعید محەمەد ناسراو بە عەلی بێتەل، پەیامی ئەیلوول، ئامادەکردنی فازل محەمەد نەقشەبەندی، ژمارە ٢٢، تشرینی یەکەم ٢٠١١، ل ٥٦.

[٣]. هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

[٤]. محەمەد ڕەسوڵ محەمەد ڕەسوڵ ناسراو بە محەمەد لاسلکی: لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە، ناوبراو پێشتر بێتەلچی بنکەی پۆلیسی کۆیە بووە. پەیامی ئەیلوول، یەکێ لە بیرەوەریەکانی محەمەد لاسلکی، ئامادەکردنی پەیامی ئەیلوول، ژمارە ١٥، ٢٠١٠، ل ٤٢.

هەواڵنامەی کتێب

تری کوردی بنکەی پۆلیسی شاری کۆیە بە ئامێری بێتەلی ژمارە٩ لەگەڵ نزیکەی ٥٠ چەکی جۆراوجۆر پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن[١].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆربەی ئەو ئەفسەر و پۆلیسانەی بە کەلوپەلەکانیانەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە لە سەرەتای شۆڕش لە ماوەی نێوان دەستپێکی شۆڕش تا نیوەی کۆتایی ١٩٦٢ بووە،

## ٢. بەدەستهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی شەڕ و هێرشکردن

لە ڕێگای هێرش و شەڕەوە توانراوە ژمارەیەکی زۆری ئامێری پەیوەندیکردن و کەلوپەلی یەدەگ بە دەست بهێنرێت، بێگومان لە جۆری ئامێری جیاواز و لە دروستکراوی وڵاتانی جیاوازی وەك بەریتانیا و ئەمریکا و کەنەدا و ڕووسیاو....هتد. ئەم بەدەست هێنانەش بە دوو شێوە بووە:

أ. لە ئەنجامی هێرشی لە ناکاو بۆ سەر سوپا و بنکەکانی پۆلیس و دەستبەسەرداگرتنی چەك و تەقەمەنی و ئامێری پەیوەندیکردن و کەلوپەلی تری سەربازی بە سود ، دواتر گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. یان بە دانانەوەی بۆسە و دەستبەسەرداگرتنی هەرچی کەلوپەلی سەربازییە.

ب. لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن و ڕاوەدوونانیان (واتە هێرشی پێچەوانە) یان تەفروتونا کردنی هێرشی دوژمن و دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی سەربازی.

بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو شەڕ و نەبەردیانە بدەم، کە تێیدا پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکردووە و دەستی بەسەر زۆر لە کەلوپەلی سەربازیدا گرتووە بە تایبەتی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن (موخابەرە). مەبەستی ئێمە باسکردنی شەڕەکە نییە، بەڵکو ئاماژەکردنە بە چۆنییەتی دەست

---

[١]. پەیامی ئەیلوول، یەکێ لە بیرەوەریەکانی محەمەد لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

کەوتنی ئەو ئامێرانە بو بەرژەوەندی پێشمەرگە کە لە ئەنجامی ئەو شەرانەدا بەدەست هاتن.

## دەستبەسەرداگرتنی یەکەم ئامێری بێتەل

لە ڕێکەوتی ١٩٦١/١٢/١٣ لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانێکی قوڕس و گەورە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای حکوومەت لە دەڤەری بادینان، سەرەڕای دەستکەوتی زۆر لە چەك و تەقەمەنی بۆ یەکەمجاریش توانرا دەستبەسەر ژمارەیەکی زۆر لە ئامێرەکانی پەیوەندی کردندا بگرن[1].

بەڵام ئەگەر لە ماوەی نێوان دەستپێکی شۆڕش و ئەم ڕێکەوتەی سەرەوە بکۆڵینەوە، کە زیاتر لە دوو مانگ دەبێت. ئایا گونجاوە لەم ماوەیەدا هیچ شەڕ و پێکدادانێك ڕووی نەدابێت؟ ئەگەر ڕوویداوە، دەکرێت هیچ ئامێرێکی پەیوەندیکردن دەستی بەسەردا نەگیرابێت؟

شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن کە دامەزرێنەری یەکەم ئێزگەی بێتەلە لە شۆڕشی ئەیلوول، دەڵێت: "لە سەرەتای شۆڕش بێتەل نەبوو، ئەگەر لە شەڕدا بێتەلێکیان بگرتایە، دەیان شکاند یان بایەخیان پێ نەدەدا. بۆیە داوام لە پێشمەرگەکان کرد، هەرکاتێك بێتەلیان گرت نەیشکێنن"[2].

هەروەها نوری حەیدەر هەمەوەندی، کە ئەویش دامەزرێنەری تۆڕی موخابەرەیە لە مەکتەبی سیاسی لە سەرەتای شۆڕش هەمان وتەکانی شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن دووپات دەکاتەوە و دەڵێت: کاتێك پێشمەرگە هێرشی ناوچەیەك یان یەکەیەکی سەربازی یان پۆلیسی ڕژێمی دەکرد، بێگومان دەستکەوتی دەبوو لە چەك و تەقەمەنی، زۆر جار سەرەڕای ئەم دەستکەوتانە، دەستکەوتی تریشی دەبوو وەك بێتەل، بەڵام بەهۆی نەشارەزایی پێشمەرگە لە

---

[1].شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٩-٤٠.

[2]. هەمان سەرچاوە ، ل ٣٩.

بەکارهێنانی، زۆرجار لە ناودەبردران یان لە سوچێك فڕێدەدران[1].

ئەمە جگە لەوەی لە ١٩٦١/٩/٦ مەخفەری زاخۆ ڕادەستی پیشمەرگە کراوە بە گشت کەلوپەلەکانی، لە هەمان مانگدا پێشمەرگە سوپا و پۆلیسی ڕاونـاوە تا فەیدیە[2]، کە ناکرێت لەو هەموو شەڕانە نەتوانرابێت دەستبەسەر ئامێری بێتەلدا نەگیرا بێت.

کەواتە لێرە بۆمان دەردەکەوێت، پێش ١٩٦١/١٢/١٣ بێتەل کەوتۆتە دەست پێشمەرگە، بەڵام لەبەر نەبوونی کەسی شارەزا لە بەکارهێنانی ئەو ئامێرەدا گرنگیان پێ نەداوە.

تۆمار کردنی داستان و نەبەردی و سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکان، پێشمەرگە توانیویەتی خۆی بەو چەك و تەقەمەنییەی دەستی بەسەردا دەگرت پڕ چەك بکات، هاوکات دەستبەسەر ژمارەیەکی زۆر لە بێتەل و ئامێری پەیوەندی کردندا بگرێت، ئەمانە بوونەتە هەوێن و بناغەی (موخابەرەی گشتی شۆڕش) بۆیە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو داستان و نەبەردیانە بکەین، کە توانراوە دەستبەسەر بێتەل و ئامێری پەیوەندی کردندا بگیرێت. بێگومان ئەمەش بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستماندان، بەگوێرەی مێژوو و شوێنی شەڕ و داستانەکان ئاماژەیان پێ دەکەین.

## دەستبەسەرداگرتنی بێتەل لە شەڕەکاندا

- **داستانی گەلی زاخۆ:** یەکێکە لەو داستانە مەزن و قارەمانانەی، کە گورزێکی کەمەرشکێنی لە هێزەکانی ئەو سەردەمەی ڕژێمدا، کە تا ئەو کاتی هیچ داستانێکی بەو شێوەیە لە شۆڕشی ئەیلوول تۆمار نەکرابوو. ئەم داستانە ورەی پێشمەرگەی بە شێوەیەك بەرزکردەوە، لەبەرامبەردا دوژمن پێیەکانی لە سەر

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، بێتەل وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە شۆڕشی ئەیلوول، (سلێمانی- چاپخانەی بزاڤی ڕوشنبیری- ٢٠٠٧)، ل ١٤.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێروان عەبدولڕەحمان ناسراو بە فەریق شێروان، سەرچاوەی پێشوو.

زەوی جێگیر نەدەبوون، پلانی هێرشەکەش بە شێوەیەك بووە، دوژمـن هـەر بیـری بۆی نەچووە.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٤/٧ لە شەڕێکی نەبەرد و قارەمانانـەدا لـە گـەلی زاخـۆ بـە سـەرکردایەتی عیسـا سـوار تـوانراوە دەستبەسـەر ژمارەیـەکی زۆر لـە چـەك و تەقەمەنی جۆراوجۆردا بگیرێت، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری بێتەلی جۆراوجۆری وەك ١١ دانە ئـامێری بێتـەلی ژمـارە ٩ و ٤ دانـە بێتـەلی سـەفەری و ٥ دانـە بێتـەلی سەرکۆڵ[1].

داستانی گەلی زاخۆ لە زۆرێك لە سـەرچاوە و دیمانـەکان لەگـەڵ خـودی ئـەو پێشـمەرگانەی بەشـداری ڕاسـتەوخۆیان هـەبووە لـە تۆمـارکردنی ئـەم نەبەردییـە باسکراوە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەو سەرچاوانەن کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دەستکەوتی بێتەل و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن دەکەن. جگـە لـە داسـتانی گـەلی زاخۆ، توانراوە لە گەلێك شەڕ و شوێنی تر دەستبەسەر ئامێری بێتەل دا بگرن وەك دەستکەوتی شەڕ.

پلانی گرتنی قەڵای ڕایات لە ناوچـەی باڵەکایـەتی داسـتانێکی تـری پێشـمەرگە بوو بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی، پێویست بوو چەنـدین پـەرتووك و ڕۆمـانی لـە سـەر بنووسرابا، یـان نەخشـەکەی بکرابا بە پرۆگرامـی خوێنـدن لـە قوتابخانـە و کـۆلێژە سـەربازییەکان. لـە کـاتی گرتنـی قـەڵای ڕایـات، سـەرەڕای دەسـتکەوتی سەربازی جۆراوجۆر، تـوانراوە دەستبەسـەر ئـامێرێکی بێتـەلی ژمـارە ١٢ دا بگـرن لەگەڵ ٨ دانە پاتری و مەکینەیەکی چارچکردنەوەی پاتری (جهاز شحن البطرية)[2].

دوای بـەرفراوانبوونی شـۆڕش، بـە تایبـەتی گرتنـەوەی ناوچـە سـنووری و شاخاوییەکان، لە گەلێك شوێن هێرش کراوەتـە سـەر یەکـە و بنکـەکانی دوژمـن و دەستبەسـەر بارەگاکانیانـدا گیـراوە، دەڤـەری خۆشـناوەتیش شـەرەفی ئـەوەیـان بەرکەوتووە، کە هەر لە سەرەتای شۆڕش بـە پلانێکـی تۆکمـە هێـرش بکەنـە سـەر بنکەکانی ڕژێم، هەروەك چۆن لـە ٢١/ ٨/ ١٩٦٢ هێرشـیان کردۆتـە سـەر ناحیـەی

---

[1]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢

خۆشناو و دەستیان بەسەر بنکەی پۆلیسی ناحیەکەدا گرت و تەواوی کەل و پەلی لەشکری و مۆخابرەی ناو بنکەکە دەستی بەسەردا گیرا[1].

شتێکی ئاساییە دوژمن پلانی ڕێگرتن و وەستاندنی ئەم پێشکەوتنەی پێشمەرگە بگرێتەبەر، چ بە دانانی هێڵی بەرگری یان بە هێرشی پێچەوانە. بۆیە لە ١٩٦٣/٥/١٥ لە گوندی دارە خورما لە بناری چیای قەرەچوغ دوژمن بە هێزی پۆلیسی (پاسەوانی) سنوور و چەکدارە مەدەنییەکانییەوە هێرش دەکەنە سەر بارەگای پێشمەرگەی شۆڕش، پاش شەڕێکی کەمتر لە دوو کاتژمێر، توانراوە دوژمن تێکبشکێنرێت و یەکێك لە دەستکەوتەکانی شەڕەکەش بێتەلێکی جۆری ژمارە ٣ بووە.

هەروەها لە مانگی ئابی ١٩٦٢ لە شەڕێکی قارەمانانەدا، پێشمەرگە توانیویانە دەستبەسەر دوو تانکی دوژمندا بگرن بە سەرنشینەوە، کە دوو بێتەلی ژمارە ٩ی ئەمریکی تێدابووە، ئەم جۆرە بێتەلە یەکێکە لەو جۆرە بێتەلانەی لەلایەن پەیمانی سەنتۆ بەکاردەهات، کە یەکێك بووە لە پێشکەوتووترین ئامێری بێتەلی ئەو سەردەم[2].

● **داستانی هندرێن ١٩٦٦:** هەرکاتێك باسی شۆڕشی ئەیلوول دەکرێت، یادی داستانی مەزنی هندرێن دێتە ناو گفتوگۆیەکە. چیای هندرێن بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی و تاکتیکی، گرنگییەکی زۆری هەیە، هەر وەك چۆن یەکێك لە پرەنسیپەکانی بەرگری ئەوەیە، کە دەڵێت : هەڵبژاردنی زەوی یاخود شوێنێك کە گرنگییەکی تاکتیکی هەبێت (اختيار ارض ذات الاهمية التعبوية)، چیای هندرێن یەکێک بوو لە شوێنە ستراتیجییەکان، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دوژمن هەموو هەوڵێکی داوە دەستی بەسەردا بگرێت. چەندین شەڕ و پێکدادانی تێدا ڕوویداوە، هەمیشە گۆڕەپانی پێکدادان و بەریەککەوتن بووە، باڵەفڕە شەڕکەرەکانی دوژمن زۆربەی جار هەناوی خۆیان لەم بەرەیە بەتاڵ دەکردەوە. بەڵام گرنگترین و گەورەترین شەڕ ئەوە بووە کە لە ١٩٦٦ /٥/١٢ ڕوویدا، کە هەندێك بە شەڕی دە

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ١٢١.

[2]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

ڕۆژە ناوی دەبەن، چونکە دوژمن لە ٢/٥/ ١٩٦٦ هێرشی کردۆتە سەر پێشمەرگە لەم شوێنە، سەرەتا توانیویەتی بەشێکی چیایەکە بگرێت، بەڵام لە هێرشێکی پێچەوانەدا بە فەرمانی مستەفا بارزانی و بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئیدریس بارزانی لە ١٢/٥/ ١٩٦٦ توانراوە دوژمن تێکبشکێنرێت و دەستبەسەر کەلوپەلی هێزە زەبەلاحەکەی دوژمندا بگیرێت، کە لە ناو دەستکەوتەکان ژمارەیەکی زۆر لە ئامێری بێتەلی جۆراوجۆر و پارچەی یەدەگی تێدابووە[1]. جگە لەوەی لەم داستانەدا هێزی پەلاماردەر ٤٠٠ کوژراو و ٦٠٠ بریندار هەبووە، چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی زۆری سەربازیش دەستی بەسەرداگیرا، دەستیش بەسەر ١٥ ئامێری جۆراوجۆری بێتەل و پەیوەندی کردندا گیراوە[2]. بە هەمان شێوە لە ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٢ ڕژێم دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیای زۆزك و هندرێن، بە پلان و سەرپەرشتی خودی مستەفا بارزانی توانرا هێزەکانی ڕژێم تێکبشکێنرێن لە ١٩٦٦/٥/١٢ و دوژمن ناچار بە ڕێکەوتننامەی ١٩٦٦/٦/١٩ بکات[3].

لە سەرچاوەیەکی تردا هاتووە و دەڵێت: لە داستان و شەڕی هندرێن، سەرەڕای دەستکەوتی زۆر و هەمەجۆر لە چەك و تەقەمەنی توانراوە دەستبەسەر ٦ دانە لە بێتەلی ژمارە ٩ و ٢ دانە لە ئامێری بێتەلی پەیوەندیکردن بە فڕۆکە لەگەڵ ٢٥ دانە بێتەلی ڕووسی ژمارە ٥ و ٧ دا بگرن[4].

لەداستانی هندرێن دەستکەوتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بریتی بوون لە: چەك و تۆپخانە و کەرەستەی جەنگی و کەرەستەی بێتەلی سێ بەتالیۆن (فوج) و کەتیبەی تۆپی چیایی (جبلی) و سریەی پەیوەندیکردن (مخابرة) و نەخۆشخانەی سەربازی و بەتانی و خێمە و جۆرەها کەلوپەلی ئەندازیاری و لقی

---

[1]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤١.

[2]. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم بەشی یەکەم، (هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤)، ل ٢١٩ – ٢٢١.

[3]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤١.

[4]. مامۆستا جەلال خدر، پەیامی ئەیلوول، داستانی هەندرێن، دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ١٢٢، ٣٠ ئاب ٢٠١٣، ل ٣٦، ٦٤.

گواستنەوەی بارگیرەکان (سرية نقلية الحيوانات) و کەلوپەلی نەخۆشخانەی سەفەری بە داودەرمان و پێویستییەکانییەوە[1]، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئامێرەکانی بێتەل و کەلوپەل، کە بە دوو کاروان گواستراونەتەوە پشتەوەی بەرەکانی شەڕ یان بارەگای دواوە، کاروانی یەکەم لە ٣٠ باری دەوار (بارگیر) پێکهاتووە و کاروانی دووەم لە ٤٠ بار[2].

لە شەڕ و داستانی چیای سەرتیز، کە لە پایزی ساڵی ١٩٧٤ ڕوویدا، ژمارەیەکی زۆر لە جاش و سەربازی ڕژێم کوژران و بریندار بوون، دەستبەسەر چەندین تۆپ و چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازیدا گیراوە. لەم شەڕەدا توانراوە دەستبەسەر ئامێرێکی بێتەلی جۆری ڕاکاڵدا بگیرێت[3].

بێگومان ئەم دەستکەوتنەی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، بە تایبەتی بێتەل بە بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوام بووە، واتە هەرکاتێك پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت چ لە ئەنجامی هێرشی دوژمن یان لە ئەنجامی هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە، هەمیشە سود لە دەستکەوتی بێتەل وەرگیراوە. ئەمە جگە لەوەی لە ماوەی شۆڕشدا پەیوەندی نهێنی لەگەڵ هەندێك وڵات و لایەن دروست کراوە بۆ هاوکاری کردنی ماددی و مەعنەوی، کە هەندێك لەو هاوکاریانە دابینکردنی ئامێری سەردەمیانەی بێتەل بووە.

نوری حەیدەر هەمەوەندی بەم شێوەیە باس لەم هاوکارییانە دەکات و دەڵێت: ڕۆژێك لە ساڵی ١٩٦٨ موقەدەم ڕۆکن عەزیز عەقراوی بە دوو جێبی لاندرۆڤەری پڕ لە ئامێری بێتەلی جۆری ژمارە ١٩ لەگەڵ ١٠ کەسی بیانی هاتوونەتە لایان بەمەبەستی مەشق پێکردنیان لە سەر چۆنییەتی کارپێکردنی ئەم جۆرە ئامێرانە، کە خۆی پێشتر کاری لەسەریان کردووە و شارەزایی هەبوو، پێی ڕاگەیاندوون کە پێویست ناکات خۆی دەتوانێت بەئیشیان بخات، لە پێش چاوی ئەوانیش بۆ دڵنیایی پرۆڤەیەکی کردووە[4].

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧.

[3]. وەسفی حەسەن، پەیامی ئەیلوول، داستانی چیای سەرتیز، حوزەیران ٢٠٠٩، ل ٦٣.

[4]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

لە ماوەی نێوان ١٩٦٥– ١٩٦٨ شۆڕش توانیویەتی چەندین ئامێری بێتەل لە جۆری ڕاکاڵ بە دەست بهێنێت و بەسەر هێز و ناوچەکانی پارتیدا دابەش بکات[١]. بەڵام عەبدوڵا دەروێش عەلی ناسراو بە عەبدوڵا لاسلکی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئامێری بێتەلی جۆری ڕاکاڵ لە شۆڕشی گوڵان بەکار هاتووە نەك ئەیلوول[٢].

ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٦٩ چەندین ئامێری بێتەلی جۆری ژمارە ٩ و وۆڵکی تۆڵکی walkie-talkie و دواتر بە تایبەتی ساڵانی ١٩٧٣– ١٩٧٤ ژمارەیەکی زۆر لە ئامێری بێتەل کەوتوونەتە دەست شۆڕش و بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کراوە بە تایبەتی ئامێری بێتەلی لۆکەیشنی location سەفەری[٣].

بەدەستهێنانی بێتەل تەنیا لە ڕێگای شەڕ و دەستبەسەرداگرتن نەبووە، بەڵکو ڕێگەی تریش هەبوون، سەرەڕای هاوکاری هەندێك لە وڵاتان لە ناوخۆی عێراقیش توانراوە ئامێر و کەلوپەلی بێتەل بە ڕێگای جۆراوجۆر چ بە کڕین لە ئەفسەر و پلەداری سوپای ئەو سەردەمی عێراق یان لە ڕێگای کوردی ناو سوپا و لەلایەن ڕێکخستنەکانی ناو شار بگەیەنرێتە شۆڕش لە شاخ. کاتێک شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا حەمە جوان کە شۆفێری حەمەی ئەوڕەحمان بووە لە ڕێگەی چەق چەق و سەرچنارەوە زۆر کەلوپەل و ئامێری بێتەلی دەگەیاندە شۆڕشگێرانی کورد، چەندین جاریش گیراوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە و ڕووبەڕووی لێدان و توندوتیژی بوتەوە[٤].

ئەمە جگە لەوەی بۆ دەست خستنی کەلوپەلی تایبەت بە کردنەوەی خولی

---

[١]. وەسفی حەسەن، پەیامی ئەیلوول، دیداری ڕێزدار ڕەشید سندی، ژمارە ١١، ئاب ٢٠٠٩، ل ٤٢.

[٢]. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، (پیرمام، ٢٠١٧/١٠/١٤).

[٣]. وەسفی حەسەن، پەیامی ئەیلوول، دیداری ڕێزدار ڕەشید سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

[٣]. هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.

[٤]. مارف ناسراو، بۆ کلتوری شارەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧٢.

بێتەل سود لەو کەسانە وەرگیراوە، کە لـە نێـو سـوپا پیشـە، یـان ڕشـتە (صـنف)ی بێتەل بووە یان کاری چاککردنەوەی بێتەل و ئامێرەکانی تری پەیوەندیکردن بووە، بۆ ئەم ئەم مەبەستەش نوری حەیدەر هەمەوەندی سودی لە کەسانێك وەرگرتووە بۆ دابینکردن و کڕینی ئەو کەلوپەلانە لە کەرکووك و بەغدا، کـە شـارەزایی بـواری پەیوەندیکردن بوونە[1].

هەواڵنامەی کتێب

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

# بەشی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

## قۆناغەکانی دامەزراندن و فراوانکردنی موخابەرەی گشتی:

### قۆناغی یەکەم ١٩٦١- ١٩٦٤

دەتوانین ناو لەم قۆناغە بنێین، قۆناغی زێڕین لە مێژووی شۆڕشـی ئەیلوولـدا، چونکە لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمجار شـۆڕش لـە پەیوەنـدیکردن بـەرگێکی مـودێرنی کردۆتە بەری و توانیویەتی بە سود وەرگرتن لە شارەزایی لاوانی گەل و قارەمانـانی وڵات لە بواری سەربازی هەنگاوێك بۆ پێشەوە بنێـت. بـوونی دەزگا و بـەش یـان بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ ئەم مەبەستە کـار و نامـە گۆڕینـەوەی چەنـدان کـاتژمێر و چەنـدین ڕۆژی کـەم کـردووەتەوە بـۆ چەنـد چرکـە و خولـەکێك. ئەمـە جگـە لـە نەهێشتنی ترس و دڵەراوکێی ئەو کەسانەی بە کاری گواستنەوەی نامـە و زانیـاری هەڵدەستان (تەتەر یان نامەبەر).

لە یەکێك لە وتە پر مانا و بایەخدارەکانی مستەفا بارزانی لە سەر موخابەرە کە

دەفەرمووێت: "موخابەرە بڕبڕەی پشتی شۆڕشە"[1] لەو سەردەمەدا هەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و پیاهەڵدانێکی ئاسایی نەبووە، چونکە هەمیشە بارزانی شتەکانی بە تەواوەتی دەخوێندەوە و لە ڕۆڵ و گرنگیانی دەکۆڵیەوە، دەیزانی کە پەیوەندیکردن لە ناو لەشکردا چەندە گرنگی خۆی هەیە، بۆیە هەمیشە ئەو کەسانەی کاری بێتەلیان دەکرد بە تایبەتی خاوەن بیرۆکەکان و دامەزرێنەرانی ئەم دەزگایە لە لای ڕێزێکی تایبەتیان هەبووە.

شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، یەکێك لە دامەزرێنەرانی موخابەرەی شۆڕش بوو، لە سەر ئەم هەڵوێستەی بارزانی دەڵێت: "مستەفا بارزانی هەمیشە بە چاوی باوك و کوڕ تەماشای منی دەکرد و ڕێز و خۆشەویستی نێوان من و بارزانی زیاتر لە میانەی باوك و کوڕ دەچوو"[2]. ئەوەتە لە کاتی بەخشینی میدالیای بارزانی نەمر بە سلێمان مەولود تەها نانەکەلی ناسراو بە مەلا سلێمان، مەسعود بارزانی پێی گوتووە: "جێگای شانازی منی مەلا سلێمان، تۆ برادەرێکی خۆشەویستی باوکم بوویت."[3] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سەرۆک مستەفا بارزانی خۆشەویستییەکی بێ ڕادەی بۆ بێتەلەکان هەبووە.

ئەم قۆناغە پێشمەرگەی بە بێتەل و چۆنییەتی بەکارهێنانی بێتەل ئاشناکرد، ئەمەش بە هەوڵ و ماندوبوونی ئەو ئەفسەر و کادیرانەی بێتەل بووە کە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە و بوونە هەوێنی ئەم دەزگا گرنگە (موخابەرەی گشتی). بەڵام ئەوەی لێرە زۆر گرنگە ئەوەیە کە کەسانێك لەم بوارەدا درەوشانەوە و خۆیان شۆڕشێکی تریان لە ناو شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرساند کە ناوی دەنێم (شۆڕشی پەیوەندی کردن) و بوون بە ئەستێرەیەك لە ئاسمانی شۆڕشی کوردی و مێژووییەکیان بۆ خۆیان و نەوەکانیان و میللەتی کورد تۆمارکرد و دوژمنیان خستە نێو سەر لێ شێواوییەکی وا کە ناچار دەکران ڕۆژانە بۆ چەندین جار شیفرە و بروسکەکانیان بگۆڕن، بەڵام هەریەکەیان لە شوێنێکی

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حسێن محەمەد باپیر ناسراو بە مستەفا ئامێدی (مدیر)، سەرچاوەی پێشوو.

[2]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤.

[3]. سلێمان مەولود تەها نانەکەلی، پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

جیاواز و بێ ئاگاداری ئەویتریان. هەرچەندە شانبەشانی ئەمانەش کادیری بێتەلی زیرەك و شارەزای تریش شوێن پەنجەیان دیارە و توانیانە ڕۆڵی خۆیان لە ناو شۆڕشدا ببینن.

درێژی و بەرفراوانی بەرەی شەڕ کە لە زاخۆ تا خانەقینی دەگرتەوە، کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردن کارێکی ئاسان نابێت لە کاتێکدا پەیوەندیکردن بە یەکەوە تەنیا لە ڕێگای تەتەر و نامەبەرەوە بووە، ئەمەش چەندین ڕۆژی دەخایاند تا زانیاری لە نێوان بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش (بارەگای بارزانی) و بارەگای مەکتەبی سیاسی و تەواوی بارەگاکانی تری حزبی و سەربازی ئاڵوگۆڕ بکرێت.

لە سەرەتای شۆڕش بارەگای سەرکردایەتی (بارەگای بارزانی) لە ناوچەی بارزان بووە، بەڵام لەبەر بە ئامانج گرتنی لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێم بە بەردەوامی شوێن گۆڕکێی پێکراوە، کە لە ڕووی پەرەنسیپی ئەمنییەوە کارێکی زۆر لە جێیە، ئەمە لە کاتێك بارەگای مەکتەبی سیاسی لە چەمی ڕێزان بووە و بارەگای پێشمەرگە و حزبی دەڤەری بادینان ڕوویان لە چیاکانی ئەو دەڤەرە کردووە و هێز و بارەگا حزبیەکانی هەولێریش خۆیان گەیاندۆتە چیای سەفین و ناوچە شاخاویەکانی تر. بۆیە ئەم دوورییەی نێوان بارەگاکان و سەرکردەکان هۆکارێکە بۆ بیرکردنەوەی دامەزراندن و بەکارهێنانی بێتەل و ئامێرەکانی پەیوەندی کردن. ئەم کارەش تەنیا لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێت کە شارەزا و پێشینەیەکیان هەبێت لەم بوارەدا، بۆیە هەر زوو ئەم بیرۆکەیە لەلایەن چەند کەسانێك کە پێشتر لە نێو پۆلیس و سوپا لێپرسراوێتی و شارەزاییان هەبووە کەوتە بواری جێبەجێکردن بەم شێوەیەی خوارەوە :

## ١. بێتەل لە بارەگای سەرکردایەتی (بارەگای بارزانی)

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، لە سەرەتای شۆڕش زۆر ئەفسەر و پۆلیس و کادیری بێتەل پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە و بوونەتە هەوێنی دامەزراندنی موخابەرەی گشتی و توانیان سود لە ئامێری بێتەل و پارچە یەدەگەکانیان وەربگرن کە لە شەڕو نەبەردیەکاندا دەستیان بەسەردا گیراوە،

چەندین لاو و پێشمەرگەی خوێن گەرمی کورد فێر بکەن تا وای لێهات هـیچ هێـز و بەتالیۆن و بارەگایەکی حزبی نـەمێنێت بەشـی موخـابەرەی تایبـەت بـەخۆیـان نەبێت.

ئەمـەش وایکـرد بـە چەنـد چرکەیـەك زۆرتـرین زانیـاری و فـەرمان لـە بارەگـا سـەرەکییەکانەوە بـۆ خـواروی خۆیـان بنێـرن بـێ ئـەوەی هـیچ کەسـێك ئـەرکی گواستنەوەیان پێ بسپێردرێت.

ئەمە سەرەڕای وەرگرتن و گوێگرتن (التنصت) لـە دەزگا بێتەلـەکانی ڕژێـم و پوچەڵکردنەوەی دەیان پلانیان. یەکێك لەو نـاوە مـەزن و درەوشـاوانە شـەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەنە.

● **شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن:** کاتێك نـاوی هەنـدێك کـەس دەڵێـین یـان ئاماژەی پێدەکەین مەبەستمان پیاهەڵدان نییە، بەڵکو ئاماژە پێدانە بە گرنگی ئەو کـارەی کردوویانـە لـەو سـەردەمە و کاریگەرییـە باشـەکەیەتی لـە نـاو ڕیزەکـانی لەشـکری کوردسـتاندا، چونکـە خـەڵکانێکی زۆر هـەن کارەکانیـان کاریگەرییـەکی ئـەرێنی باشـی کردۆتـە سـەر کارەکـانی پێشـمەرگە. پەیوەنـدی کـردنی نـاوبراو لـە کاتێکدایـە، کـە پێشـمەرگە بـە هـیچ شـێوەیەك گرنگـی بـە بێتـەل نـەداوە، بـەڵام پەیوەندی کردنی ئەو بە ڕیزەکانی پێشمەرگە و هەستکردن بە گرنگی بێتەل و ئەو بەرپرسـیارێتییە مێژوویـیـەی، وەك ئەفسـەر و کەسـێکی شـارەزا لــە بــواری پەیوەنـدیکردن و بـەکارهێنانی بێتـەل بـۆ ئاسـانکردنی بـارگرانی پێشـمەرگە و بەستنەوەی بارەگاکان بەیەکەوە و گوێگرتن لە گفتوگۆی دوژمن و ئاگاداربوون لـە پلانەکانیان بە پێویستییەکی زۆر گرنگی ئەو سەردەمەی زانیووە.

ڕاستە ناوبراو تایبەتمەندییەکەی ڕشتەی موخابەرە (صنف المخابرة) نەبووە، کـە خۆیشی دان بەم ڕاستیە دەنێت، بەڵام کاتێك قوتابی کۆلێژی پـۆلیس بـووە وانـەی موخابەرە و جفرەی خوێندووە[1].

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەك ئەم ئەفسەرانە دەتوانن سەرکەوتن لەو

[1]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

بوارەدا بەدەستبهێنن، کە لە ڕشتە یاخود بواری تایبەتی ئەواندا نییە. ناوبراو سەرەڕای بەکارهێنانی بێتەل، لە شیکردنەوەی شیفرە (جفرە) دەستێکی باڵای هەبووە، کە دواتر لە ناو پێشمەرگە دەنگی داوەتەوە و هەمیشە وای لە سوپا کردووە بە بەردەوامی شیفرەکانیان بگۆڕن.

یەکەم کاری لە بواری موخابەرە لە ناو شۆڕشدا لە شەڕی ١٩٦١/١٢/١٣ لە دەڤەری بادینان دەبێت، کاتێك لەم شەڕەدا سەرەڕای دەستکەوتی جۆراوجۆر توانراوە دەستبەسەر چەند ئامێرێکی بێتەلیشدا بگرن، لە سەر داوای خۆی یەکێك لە بێتەلەکانی وەرگرتووە لەگەڵ هەندێك پێداویستی تری تایبەت بە بێتەل، دواتر بە یارمەتی هەردوو عەریفی بێتەل مەلا سلێمان و مستەفا ئامێدی توانراوە دەست بە کاری موخابەرە بکەن لە گوێگرتن و ناردنی بروسکە[١]. هەردووکیان شان بەشانی بەڕێزیان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی لە ناو شۆڕش، ئەگەر مەلا سلێمان یەکەم کادیری بێتەل بوو بێت پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە[٢]، ئەوا مستەفا ئامێدی یەکەم کەس بووە بێتەلی بەکارهێناوە لە نێو شۆڕش[٣].

نوری حەیدەر هەمەوەندی بەم شێوەیە باسی شەوکەت دەکات و دەڵێت: چونکە خۆی لە سەرەتایی شۆڕشی ئەیلوول لە موخابەرەی پۆلیسی عێراقەوە هاتبووە دەرەوە، لە بواری کاری موخابەرە شارەزابوو[٤].

هەر لە سەر هەمان کەسایەتی، یۆنان هورمز بەم شێوەیە باسی ناوبراو دەکات و دەڵێت: دەزگایەکی تەواو نهێنی هەبوو بۆیە ناوبانگی کەمتر لە دەزگاکانی تری شۆڕش هەبوو، ئەویش دەزگای موخابەرە بوو لەلایەن لاوێکەوە بەڕێوە دەبردرا، کە لە چەندین ناوەندی جیاجیای دەزگای پۆلیسی عێراقیدا کاری

---

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٩-٤٠.

[٢]. سلێمان مەولود تەها نانەکەلی، پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

[٣]. مستەفا حسێن ئامێدی، هەڤدیتن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٦٢٦، مانگی ١١ی ٢٠١٠، ل ٥.

[٤]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

کردبوو، ئەم لاوە ناوی شەوکەت ئیسماعیل بوو[١].

بۆچی شەوکەت مەلا ئیسماعیل بە یەکێك لە ئەستێرە درەوشاوەکانی بواری بێتەل و لە دامەزرێنەرانی ئەم تۆڕە دادەنرێت، لە کاتێکدا زۆر کادری بەتوانای تر لەم بوارەدا شان بە شانی بەرێزیان هاوکاریان کردووە لە دامەزراندنی ئەو تۆرە وەك مەلا سلێمان و مستەفا حسێن ئامێدی و...... هتد، بەڵام ئەم ناوبانگ و ڕۆڵەیان نەبووە؟ لە وەڵامدا ئاماژە بە چەند هۆکارێك دەدەین لەوانە:

١. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن دەرچووی کۆلێژی پۆلیس بووە و بە پلەی ملازم کاتێک کە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە لەو کات (معاون)یان پێ دەوترا، ئەفسەریش لای مستەفا بارزانی ڕێزێکی تایبەتی هەبووە لە کاتێك ئەوانی تر عەریف بوونە.

٢. پەیوەندی کردنی هەموویان پێکەوە لە ماوەیەکی نزیک لە یەکەوە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردووە بە تایبەتی سەرەتاکانی دەست پێ کردنی شۆڕش، هێشتا ئەو ڕێزگرتنە لە نێوانیاندا مابوو، کە لە سوپادا لە نێوان ئەفسەر و دەرەجەدار (مراتب) هەیە، لەم ڕوانگەوە هێشتا بە چاوی ئەفسەر و لێپرسراوی خۆیان سەیری شەوکەتیان کردووە.

٣. بوونی کەسێك لەو کاتەدا بە پلەی ئەفسەر، واتە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانیاری دایە، لە هەمان کات خوێندنەوەی بۆ جیهانی دەرەوە لە ئاستێك بووە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە سەرەتای شۆڕش پەیوەندییان کردووە بە دەگمەن لەو ئاستەدا بوونە، مەگەر کەسانێك هەمان ئاستی خوێندنیان هەبوو بێت، چونکە خوێندن ئەوکات لە کوردستان بەو شێوەی ئێستا بڵاونەببووەوە یاخود زۆربەی خەڵك نەخوێندەوار بوون.

٤. توانایی ئەو بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخ بە تایبەتی ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی.

٥. شوێن پەنجەی ئەو لە شیکردنەوەی سەختترین و ئاڵۆزترین بروسکەی

---

[١]. یۆنان هورمز، بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستان دا، وەرگێر. ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوە موکریانی، چاپخانەی خانی(دهوك)، ٢٠٠٨ ل٧٦.

شـــیفرەکراودا ببـــووە هـــۆی پوچەڵکردنـــەوەی دەیـــان پلانـــی گـــەورەی دوژمـــن و فریادڕەسی ژیانی هەزاران پێشمەرگە و فەرماندەی سەربازی لـە ناویانـدا خـودی مستەفا بارزانی، دواتر باسی لێوە دەکەین. بەڕای من هەر ئەمەشە بووەتـە هـۆی درەوشـانەوەی لـە مێـژووی موخـابەرەی شـۆڕش و بەدەسـتهێنانی ڕێـزی تایبـەت لەلایەن خودی مستەفا بارزانی، ئەمە جگە لەوەی شـارەزاییەکی باشـی لـە زمـانی ئینگلیزی هەبووە، سەرەڕای زمانی کوردی دایك و زمانی عەرەبی.

٦. دڵسۆزی و متمانـە و پاراسـتنی نهێنـی، ئەمـەش بـە یـەکێك لـە پرەنسـیپەکانی باوەڕی و پێدانی کاری لەو جۆرە هەژماردەکرێت.

● **مەلا سلێمان:** مەلا سلێمان ئەسـتێرەیەکی تـری دیـارە لەو بـوارەدا کە شـوێن پەنجەی دیـار و ڕوونـە، زۆر پـەرتووك و چاوپێکـەوتن ناویـان هێنـاوە، بۆیـە لـەم ڕووەوە دەتوانین بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی دەزگای موخابەرەی شۆڕش دابنێین.

مـەلا سـلێمان یەکێکـە لـەو دوو عەریفانـەی هاوشـان لەگـەڵ شـەوکەت مـەلا ئیسماعیل و عەریف مستەفا ئامێدی توانیویانە تـۆڕی پەیوەنـدی کردنـی شـۆڕش دامەزرێنن[١]. ئەمە لە کاتێکدا عەبدوڵا لاسلکی لە سـەرەتای پەیوەنـدی کردنـی بـە شۆڕشەوە، بە تایبەتی لەو کاتەوەی بەشداری خـولی بێتـەلی کـردووە، تێکـەڵاوی لەگەڵ بێتەلی ئێزگەکانی ناوچەی بادینـان لەوانـە مسـتەفا حسـێن ئامێـدی، مـەلا سلێمان، عەبدوڵاو مەلا نەجمەدین ناسراو بە عەبدوڵا غۆل هەبووە[٢].

سەبارەت بە دامەزرێنەرانی تۆڕی بێتەل دەڵێت: ناتوانم بڵێم کێ بـوو یەکـەم کەس تۆڕی پەیوەندی کردنی شۆڕشی دامەزراندووە، بەڵام ئەوانەی دەیناسم وەك مستەفا حسێن ئامێدی، مەلا سلێمان، عەبدوڵا نەجمەدین کە خەلکی بـەردەڕەش بوو لەگەل ئەحمەدی برای نەعمان عیسایە، ئەمانە تۆڕیان بەستووە[٣]، دوای ناردنی ناردنی ئامێرێکی بێتەل بۆ بارەگای ئەسعەد خۆشـەوی، مـەلا سـلێمان کراوە بـە

---

[١]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

بەرپرسی بێتەلی بارەگاکەی[1].

• **مستەفا ئامێدی:** یەکێکی ترە لەو کادیرانەی کە لەسەرەتای دەست پێ کردنی شۆڕشەوە بە ئامێرە بێتەلەکەیەوە پەیوەندیکردووە، هاوشان لەگەڵ شەوکەت مەلا ئیسماعیل و مەلا سلێمان تۆڕی بێتەلی شۆڕشیان داناوە، یەکەم کەس بووە، کە بێتەلی داناوە و گوێی لە بروسکە و گفتوگۆکانی دوژمن گرتووە.

مستەفا ئامێدی کاتێك کە ١٩٦١/٩/١١ بە ئامێری بێتەلەکەیەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، لەسەرەتادا لەبەر قورسی ئامێرەکە لەکاتی هەڵگرتندا و لە ترسی دەست بەسەرداگرتنی لە لایەن حکوومەتەوە لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی دەڤەرەکە شاردویەتیەوە تا کات هاتووە دەریهێناوە و بەکاریانهێناوە[2]. عەبدوڵا لاسلکی بە هەمان شێوە ناوبراو بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی تۆڕی بێتەلی شۆڕش ناودەبات، کاتێك قوتابی خولی بێتەل بووە، هەمیشە هاتووچۆی بێتەلەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕشی کردووە لە گەڵاڵە کە مستەفا حسێن ئامێدی یەکێك بووە لەمانە[3]. دوای پەیوەندی کردنی ناوبراو بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، لە یەکێك لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەت کە لە هەیئەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە نووسراو ئاراستەی موتەسەرفیەی لیوای موسڵ کراوە بە ژمارە١٩١٣/٤ لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٦/٢٤، لە سەر داوای دادوەری گشتی سەربازی بە نووسراوەکەی ژمارە ٨٩٤ لە ١٩٦٢/٤/٢٢، داوای زانیاری لە سەر ناوبراو و ئەو کەسانە دەکات کە پەیوەندی و بەشداریان لە سەرهەڵدان و یاخیبوونەوە هەیە لە باکووری وڵات (کوردستان)، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لێیان لە سەر کارو چالاکیان، لەوانەیە ببنە مەترسی بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی وڵات، چونکە سەربەستی و ئازادی ئەوانە، لەوانەیە

---

[1]. مستەفا حسێن ئامێدی، هەڤدیتن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٦٢٦، دووشەممە ٢٠١٠/١١/١٥، ل ٥.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حسێن محەمەد باپیر ناسراو بە مستەفا ئامێدی (مدیر)، سەرچاوەی پێشوو.

[3]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

کاریگـەری لـە سـەر سـەلامەتی هێـزە ئـەمنییەکان و لایـەنگرانی حکـوومەت و بەرژەوەندی گشتی هـەبێت[١]. بـەڵام ئـەوەی جێگـای سـەرنجە نـاوبراو لـە ٩/١١/ ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردوو، کەچی فەرمانی لێکۆڵینـەوە لـە ١٩٦٢/٤/٢٢ دەرچووە، ئەمەش لەوانەیە بۆ چەنـد هۆکارێـك بگەڕێتـەوە، لەوانـە، یـان ئەوەتـە حکـوومەت سـەری لێشـێواوە و توشـی شـۆك بـووە لـە سـەرهەڵدانی شـۆڕش و پەیوەنـدی کردنـی چەنـدین کەسـانی وەك نـاوبراو، یـان ئەوەتـە ویسـتوویانە لێکۆڵینەوەکە بە شێوەی کۆمەڵ بێت، چونکـە ڕۆژانـە بـە بـەردەوامی ژمارەیـەکی زۆر لە کوردی ناو ڕیزەکانی حکوومەت پـەیوەنـدیان بـە شۆڕشـەوە کـردووە، یـان حکوومەت خۆی زۆر کەمتەرخەم بووە.

لەوانەیـە کـادیری تـری بێتـەل هـەبن ڕۆڵێکـی هاوشـێوەی ئـەم بەرێزانـەیـان هەبێت کە لە سەرەوە باسمان کردوون، بەڵام نەبوونی شتێکی ئەوتۆ لـە سـەریان، ئێمەش ناتوانین هیچ بڵێین، بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانـم لـە بەشـەکانی تـری ئـەم بەرهەمە ئاماژە بە ناوی هەرچی کەسێك بکەم کە ڕۆڵی هەبووە لە بێتەلی شۆڕش بە کەم و زۆر ئەگەر تەنیا ناویشیان هێنرابێت.

## ئاراس یەکەم بنکەی بێتەلی شۆڕش

دوای دەستبەسـەرداگرتن و بەدەسـتهێنانی ژمارەیـەك ئـامێری بێتـەل لەلایـەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، یەکەم بنکەی بێتـەلی گـەڕۆك لـە بارەگـای سـەرکردایەتی شۆڕش (بارەگای بارزانی) لە دەوروبەری گونـدی بامـەڕنێ لـە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/٢١ لەلایەن ملازم (معاون) شەوکەت مـەلا ئیسـماعیل حەسـەن بـە هاوکـاری کـادیری بێتەل مستەفا حسێن ئامێدی و مەلا سلێمان دامەزراوە و خراوەتە کار[٢].

ناوی ئاراس لە ناوی ڕووباری ئەرەز یان ئاراز وەرگیراوە کە مستەفا بـارزانی و یاوەرەکانی لە ڕێپێوانە مێژوویەکـەیانـدا بڕیویانـە و دەربـازی سـنووری ئەوسـای

---

[١]. عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكردية التحررية دراسات ووثائق، (دهوك- دار سپيريز للطباعة والنشر- ٢٠٠٤)، ص ص٣٠٠، ٣٠٦.

[٢]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

یەکێتی سۆڤیەت بوونە، دوای بڕینی سنووری چەندان وڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپا زەبەلاحەکانی ئەو وڵاتانە.

دوای ناونران و دامەزراندنی ئێزگەی بێتەلی ئاراس، لەو ڕۆژەوە چەند پێشمەرگەیەك بە شەو و ڕۆژ لە سەر بێتەلەکە کاریان دەکرد وەك حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان و مەلا سلێمان و کەسانی تر[١].

دوای دامەزراندنی ئێزگەی بێتەلی ئاراس و وەرگرتنی بروسکە شیفرەکراوەکانی حکوومەت، بروسکە شیفرەکراوەکان لەلایەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل شیدەکرانەوە، کە ناوەڕۆکی بروسکەکان بریتیبوونە لە پلانی دوژمن بۆ هێرشکردن، دیاریکردنی شوێنی بۆردۆمانکردن و تۆپباران کردن، ئاکامی شەڕی ئەو ڕۆژە لە کوژراو، بریندار، دیل ... هتد و زیانی سوپا بە گشتی، هەروەها ئاگادار بوون لە سەر شوێن، جموجۆڵی پێشمەرگە، بنکە و بارەگا و شوێنی بارزانی، کە دوژمن لە بروسکە شیفرەکراوەکانیاندا باسی دەکرد، بە هەمان شێوە ئاگاداربوون لەو زانیاریانەی کەوتبوونە دەست دامودەزگایەکانی حکوومەت[٢]، کە دواتر بە درێژیی لە سەر ئەمە دەدوێین.

دوای دەستکەوتنی ئامێری بێتەل لە شەڕی ١٩٦١/١٢/١٣ و دامەزراندنی ئێزگەی بێتەلی ئاراس، لە ١٩٦١/١٢/٢١ و ناردنی مستەفا حسێن ئامێدی بۆ بارەگای لەشکری یەك بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی، یەکەم پەیوەندی بێتەلی لە نێوان بارەگای بارزانی و بارەگای ئەسعەد خۆشەوی دروست بوو، دواتر لە نێوان بارەگای ئەسعەد خۆشەوی و بارەگای هێزەکانی سەر بە هەمان لەشکر، ئیتر بە بەردەوامی هەڵوێستی هێزەکان لە ناوچەی بادینان بۆ بارەگای بارزانی بە بروسکە دەنێردرا[٣].

---

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٤١-٤٢.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٤١-٤٢.

[٣]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٩، ٤٠- ٤٨.

## شیکردنەوەی یەکەم بروسکەی شیفرەکراو لە سەرەتای شۆڕش

سەرەتای دامەزراندنی بێتەل یان موخابەرەی شۆڕش بە گوێگرتن (الانصات أو التنصت) لە بروسکەکانی دوژمن دەستی پێکردووە[١].

حکوومەت سەرەتا نەیزانیوە شۆڕش ئێزگەی بێتەلی دامەزراندووە و گوێ لە گفتوگۆ و بروسکەکانیان دەگرن، پاش ئەوەی هەستیان پێکردووە، بروسکەکانیان لە کراوەیی گۆڕیوە بۆ بروسکەی شیفرەکراو[٢]. بۆیە یەکەم بروسکەی شیفرەکراو لە شەوی ١٩٦١/١٢/٢٨ لە گوندی قارقارئاڤا لە دەڤەری بەرواری باڵا لەلایەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل دامەزرێنەری ئێزگەی بێتەلی ئاراس شیکراوەتەوە، ناوەڕۆکی بروسکەکەش بۆردۆمانکردنی چەند گوندێکی دەڤەرەکە بووە لەلایەن فرۆکەکانی حکوومەت، بەڵام زیرەکی و شەونخونی ناوبراو بۆ شیکردنەوەی ئەم بروسکانە و ئاگادارکردنەوەی بارزانی لەمە، دەستبەجێ گوندەکانیان ئاگادارکردۆتەوە بۆ چۆڵکردنیان، بەمەش خەڵکەکە بە سەلامەتی لەم هێرشە دڕندانەیە رزگاریان بووە[٣]. شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکان بەبێ بەردەستبوونی هیچ سەرچاوەیەك کراوە تەنیا بە شارەزایی و خۆ ماندووکردن بووە. ناوبراو لە هونەری شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکان و دانانی شیفرە بۆ بێتەلی شۆڕش دەستێکی باڵای هەبووە، دەزگاکانی حکوومەت لەبەر لێهاتوویی ناوبرا لە شیکردنەوەی بروسکەکان ڕۆژانە شیفرەکانیان گۆڕیووە بگرە هەندێکجار لە ڕۆژێکدا بۆ چەند جارێك شیفرەکانیان گۆڕیوە[٤]، بەڵام شارەزایی و لێهاتوویی ناوبراو لەم بوارەدا حکوومەتی ناچار بە گۆڕینی چەندجارەی شیفرەکان کردووە[٥].

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەبەر بەرفراوانی شۆڕش و گرتن و ڕاوەدوونانی

---

١. موسڵح-ن، مستەفا حسێن ئامێدی، هەڤدیتن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٦٢٦، دووشەممە ٢٠١٠/١١/١٥، ل ٥.

٢. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

٣. هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

٤. هەمان سەرچاوە، ل ل٧٦، ٩٣.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

کادیرانی پارتی لەلایەن ڕژێمی ئەوسای عێراق و دوری بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی لە یەکتر، نەبوونی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا کە تاکە ڕێگا گۆڕینەوەی نامە بووە لە ڕێگای تەتەرەوە (پەیك)، بۆیە شتێکی گونجاو و پێویست بوو، هەریەك بەگوێرەی پێویستیەکانیان بیر لە دامەزراندنی تۆڕێکی پەیوەندیکردن بکەنەوە لە نێوان خۆیان و بارەگاکانی تر یاخود لە نێوان هەردوو بارەگا سەرەکییەکە بۆ ڕاییکردنی کارەکان و گۆڕینەوەی زانیاری بە ئاسانترین شێوە، لە کاتێکدا هەردوولا کادیری بەتوانایی بێتەلیان هەبووە بۆ ڕاپەراندنی ئەم ئەرکە.

بۆیە بە پێویستی دەزانم، وەك ئەرکێکیش ئاماژە بە ڕۆڵی ئەو بەڕێزانە بدەم، کە لەم بارەگایە وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی موخابەرەی کوردستان بەدەرکەوتوون، بە هەمان شێوەی بارەگای بارزانی ئەمانە لەو کادیرانە بوونە کە پێشتر لە ڕیزەکانی پۆلیس و سوپا پلەدار و شارەزای بێتەل بوونە لە ناویاندا نوری حەیدەر هەمەوەندی ناسراو بە مامۆستا هۆشیار.

- **نوری حەیدەر هەمەوەندی ناسراو بە (هۆشیار)** لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢ لەلایەن بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی) داواکراوە پەیوەندی بە شۆڕش بکات، لەبەر پێویستی شۆڕش بە کادیری بێتەل، ناوبراو یەکێك بووە لەو کادیرانە و خۆیشی مامۆستای وانە وتنەوە بووە لە ناو سوپای عێراق، لە ١٩٦٢/٧/١٠ لە گوندی دری پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و بە پیر داواکەیانەوە چووە.

لە ١٩٦٢/٧/١٣ گەیشتۆتە چەمی ڕێزان، بارەگای جەلال تاڵەبانی کە بارەگای مەکتەبی سیاسیش لە ماڵومە بووە.

لەو دیدارەدا جەلال تاڵەبانی، داوای لێکردووە بە فریایان بکەوێت، ژمارەیەکی زۆر بێتەل لەو ناوە کەوتووە بیانخاتە کار، چونکە پەیوەندی کردنیان بە بارەگای بارزانی و بارەگا و جێگەکانی دیکە پێویستە لە ڕێگەی تەتەرەوە بێت کە دەیان ڕۆژی دەخایەند ئەوەی لەم بەڕێزەدا بەدیکراوە، لە سێ خاڵدا بەدەر دەکەوێت،

کە خۆیشی ئاماژەی پێکردووە لە یەکەم دیداری لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بریتین لە[1]:

١. کادیری بێتەل.
٢. وەستای چاککردنی ئامێری بێتەل.
٣. مامۆستای فێرکردنی هونەر و چۆنییەتی بەکارهێنانی بێتەل.

هەمیشە وتومانە و دەیڵێینەوە، ئێمەی کورد لە هیچ شتێك لە نەتەوەکانی تر کەمتر نین، بگرە بە گوێرەی ئەو ئەزموونە کەمەی هەمانە و بەشداری کردنمان لە چەند خولێکی سەربازی جۆراوجۆر لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات لەگەڵ بیانییەکان سەلمێنەری ئەم راستییەن.

بەش بەحاڵی خۆمان تاکی کوردمان لە هەر کەسێکی نەتەوەکانی تری ئەم زەمینە پێ زیرەکتر و باشترە، پێویستە ئەم هەستە بکرێتە پرەنسیپ بۆ گەیشتن بە ئامانج، بۆیە کەسانی وەك مامۆستا هۆشیار پێویستە بکرێنە ڕابەر و ڕێنیشاندەر، چونکە شوێن پەنجەی ئەو لە مێژووی دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی شۆڕش دیارە، بە تایبەتی لە ڕووی پێگەیاندنی کادیری بێتەلی بەتوانا لە ڕووی بەکارهێنان و چاککردنەوەی.

عەبدوڵا لاسلکی، کە یەکێك لە قوتابیەکانی ناوبراو بووە لە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦٧ کە یەکەمی خولەکەش بووە بەم شێوەیە باسی ئەم بەڕێزە دەکات و دەڵێت: لە ژیانی خۆمدا هیچ کەسێکم نەبینیووە وەك مامۆستا هۆشیار زیرەك و شارەزابێت لە بواری بێتەل و موخابەرە[2]، ئەمەش دەرخەری توانا و زیرەکی ئەم زاتە نیشان دەدات.

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤- ١٥.
[2] . چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

## سـەرەتای دامەزرانـدنی تـۆڕی پەیوەنـدیکردن (بێتـەل) لـە بارەگـای مەکتەبی سیاسی

سەرەتای دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیکردن لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بە تایبەتی لە بارەگای جەلال تاڵەبانی لە چەمی ڕێزان لەلایەن شارەزای تۆڕی پەیوەندیکردن و جێگری ئەفسەر (نائب ضابط) لە سوپای عێراق و ئەندامی پارتی نوری حەیدەر هەمەوەندی بووە لە ١٩٦٢/٧/٢٢ بە هاوکاری هەریەکە لە حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان و شێخ محەمەد سەید ئەحمەد[١].

### • یەکەم پەیوەندی بێتەل لە بارەگای مەکتەبی سیاسی (چەمی ڕێزان)

دوای پەیوەندیکردنی کادیر و شارەزایانی موخابەرە بە بارەگای مەکتەبی سیاسی کە زۆربەیان ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون چ لە دوای ئاشکرابوونیان لەلایەن هەواڵگری ئەوسای حکوومەت چ لە ئەنجامی داواکردنیان لەلایەن خودی پارتییەوە بە مەبەستی پێویستیان بە کەسانی شارەزا لەو بوارە وەك نوری حەیدەر هەمەوەندی و پاش گەیشتنی ناوبراو بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی و پێشوازی لێکردنی و ڕاسپاردنی بۆ دەست کردن بە دامەزراندنی تۆڕی بێتەل، ئەویش دەستبەجێ دەستی بە کارەکەی کردووە و دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە کارکردن و چاککردنەوەی ئامێرەکانی بێتەل بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکی توانرا بەکاری بخەن[٢]. دوای ناردنی ئامێرێکی بێتەل بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ماڵومە لەگەڵ شێخ محەمەد سەید ئەحمەد[٣] لە ١٩٦٢/٧/٢٠ پاش گەیشتنی ناوبراو و بەگەڕخستنی ئامێرەکەی توانراوە یەکەم پەیوەندی بێتەل لە نێوان مەکتەبی سیاسی و بارەگای جەلال تاڵەبانی لە چەمی ڕێزان لە ١٩٦٢/٧/٢٢ لە نێوان هەردوو شارەزای بێتەل شێخ محەمەد سەید ئەحمەد و مامۆستا هۆشیار بووەتە مایەی خۆشحالی گشت پارتییەکان، هەر بەم بۆنەیەوە

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣- ٩٠.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

[٣]. هەمان سەرچاوە، ل ٣٠

بروسکەیەکی پیرۆزبایی ناردووە بۆ مەکتەبی سیاسی و خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو سەرکەوتنە مەزنەی بواری موخابەرەی پێ ڕاگەیاندوون[1].

## • یەکەم خولی فێرکردنی هونەری پەیوەندیکردن لە شۆڕشی ئەیلوول

دامەزراندنی تۆڕی پەیوندیکردن پەیوەست نییە بە پەیوەندی نێوان دوو شوێن یان دوو کەس، بەڵکو کارێکی گشتگیرە بۆ گرێدانی هەموو یەکەو بارەگاکان بەیەکەوە، بەڵام بەپێی سیستەم ڕێکخراوە، واتە بە پێی ئاست و پلەبەندییە، چونکە ناکرێت لە نزمترین ئاست ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرزترین ئاست پەیوەندی بکەی، بە واتایەکی تر لە هونەری پەیوەندی کردندا ئێزگەی سەرەکی و ئێزگەی لاوەکی هەیە، مەبەست لێی ئاسان کردنی بەڕێوەچوونی کارەکانە لەلایەك، لەلایەکی تر بۆ ئەوەی جەنجاڵی دروست نەبێت لە کاتی پەیوەندی کردندا، چونکە ئەگەر لە یەککاتدا ژمارەیەك ئێزگە بەیەکەوە قسەبکەن یان پەیوەندی بکەن، جۆرێك لە بارگرانی لە سەر تۆڕەکە دروست دەبێت کە زەحمەتە بە ئاسانی پەیوەندییەکە وەربگیرێت یان لەوانەیە پەیوەندییەکە ڕوون نەبێت.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە خولی تایبەت بە هونەری بەکارهێنانی بێتەل بکرێنەوە و کادیری شارەزا بەرهەم بهێنرێن و ڕابهێنرێن لە سەر ئەم بوارە، دواتر دابەش بکرێن بەسەر بارەگا و یەکەکانی پێشمەرگە بەپێی پێویست تا پەیوەندی دروست بێت لە نێوان هەموو یەکەیەك، ئەو ئەرك و ماندوبوون و کاتە نەمێنێت کە پێویست بوو بۆ گەیاندنی هەواڵێك یان پەیامێك بۆ شوێنێکی تر کە چەندین کاتژمێر و ڕۆژی پێویست بووە. ئەنجامدانی ئەم کارەش کەسی شارەزا و مامۆستای زیرەکی تایبەت بەم پیشەی دەوێت، مامۆستا هۆشیار نموونەی ئەم کەسە شارەزایانەیە، کە بووە هەوێنی دامەزراندنی تۆڕی بێتەلی گشتی و پێگەیاندنی دەیان کادیری موخابەرەی بەتوانا و شارەزا، کە تا ئێستاش هەندێکیان لە ئەرك و پلەی باڵای ئەم بوارەدان وەك عەبدوڵا لاسلکی.

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

پاش پەیوەندی کردنی بەڕێزیان بـە شـۆڕش، داوای لێکـراوە ئامێرەکـانی بێتـەل بخاتەوە کار لەبەر زەرورەتی بێتەل بۆ بەسـتنەوەی جومگـە و بارەگاکـانی شـۆڕش بەیەکترەوە، چونکە لە بواری سەربازیدا موخابەرە بە شـادەماری سـەرەکـی سـوپا دەژمێردرێـت، بـەڵام ئەمـەش بـە تـەنیا بـە کەسـێك و دووان و سـێیان ناکرێـت، هەرچەنـدە ژمارەیـەك کـادیری تـری بێتـەل هاوشـان لەگـەڵ بـەڕێزیان دەسـتیان پێکردووە، بۆیە بیرکردنەوە لە کردنەوەی خولێکی بێتەل بۆ ژمارەیەك پێشمەرگەی خوێن گەرمی خوێندەوار بە پێویست زانیووە، بە مەرجێك پلەی خوێندەواریان لـە شەشی سەرەتای کەمتر نەبێت و دڵسۆز و نهێنی پارێزبن، بۆ ئەم مەبەسـتەش داوا لە سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی کراوە، ژمارەیـەك پێشـمەرگە دیـاری بکـرێن بـۆ بەشداری کردن لەو خولە و دابینکردنی پێداویستی خولەکە، ئەمانیش دەستبەجێ داواکــە جێبەجێدەکــەن بــۆ دابینکردنــی کەلوپەلــەکانی خــول و دیــاریکردن و ناونووسکردنی ژمارەیەك پێشمەرگە، ئەوە بوو یەکەم خولی بێتەل لـە ١٩٦٢/٧/١٥ کرایــەوە و ئەو پێشــمەرگانەی کە بەشــداریان لەخــولەکەدا کــردووە ناویــان لە خوارەوە هاتووە[١].

١. حەسەن کەلاری
٢. عەبدوڵا ڕۆژبەیانی
٣. تاڵب عەلی دەلۆیی
٤. دارا عەبدوڵا خانەقینی
٥. تاڵب حاجی ساڵح
٦. عەبدولخالق نەریمان
٧. عومەر ڕەشید
٨. مەلا محەمەد ئەمین
٩. محەمەد نەجم
١٠.حەمە سوور
١١. ڕەفیق عوسمان

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١٦- ١٧.

١٢. مەلا محەمەد شێخ بزێنی
١٣. عوسمان ئەحمەد
١٤. محەمەد عەبدوڵا حەمە عەلی

یەکەم ئامێری بێتەل، کە لە خولەکەدا بەکارهێنراوە لە جۆری ٢١ PY یان پای ٢١ بووە، کە تایبەت بووە بە سلکی پۆلیس[١]. واتە ئەم ئامێرانە تەنیا لەلایەن پۆلیسەوە بەکار هاتوون و کەوتوونەتە دەست هێزەکانی شۆڕش. ژمارەیەك کادیری بێتەلی تریش هاوکاری ناوبراویان کردووە بۆ کردنەوە و ڕاپەڕاندنی خولەکە، ئەمانەن[٢]:

١. شێخ محەمەد ئەحمەد (شێخ محەمەد سەید ئەحمەد)
٢. محەمەد ڕەزا عەبدولڕەحمان (حەمە ڕەزا)
٣. عومەر حەسەن

ژمارەی قوتابیانی خولەکە ٢٦ کەس بووە لەگەڵ ٦ کەس وەك مامۆستا و ستافی بەشی موخابەرە[٣]، بەڵام بەداخەوە گشت ناوەکانمان بەدەست نەکەوتووە. ئەمە جگە لەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی بەشی موخابەرە لە چەمی ڕێزان تا یەکگرتنەوە لەگەڵ بەشی موخابەرەی بارەگای بارزانی ٥١ کادیری بێتەل پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە یان پێگەیێنراون[٤].

## • یەکەم پەیوەندی بێتەل لە نێوان بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی

دوای بەگەڕ خستنی ئامێری بێتەل لە هەردوو بارەگا سەرەکییەکە لەلایەن ئەو ئەفسەر و پلەدارانەی کە پێشتر ناومان هێناون. پاش دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان سەرەکیترین بارەگا لەلای خۆیان کە ئاماژەمان پێداوە لەبارەگای بارزانی لەگەڵ بارەگای لەشکری یەك لە بادینان بە هەمان شێوە لە چەمی ڕێزان لە نێوان

---

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.
[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١٦-١٧ .
[٣]. هەمان سەرچاوە، ل ٧٣.
[٤]. هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.

بارەگای جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی و هەندێك لە بارەگا لاوەکییەکانی تر لە هەردوولا وەك هەنگاوی یەکەم، بەڵام مەبەست لە دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان گشت بارەگا حزبی و لەشکرییەکان، بۆیە هەوڵدرا هەنگاوی دواتر دروستکردنی پەیوەندی بێت لە نێوان هەردوو بارەگا سەرەکییەکە (بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان).

مەبەستیش لە دروستکردنی ئەم پەیوەندییە لە خێراترین کاتدا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، چونکە موخابەرە بە شادەماری سەربازی دەژمێردرێت، گرنگترین ئەو هۆکارانە ئەمانەن:

١. بۆ کونترۆڵکردن، چونکە کاتێك فەرماندەی یەکەم دوور بێت لە یەکەکانی هێزەکەی و ئاگاداری کار و ئەرکەکانیان نەبێت ناتوانێ وەك پێویست ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ.
٢. دوای دەست پێکردنی شۆڕش، سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لێك دابڕابوون، تاکە ڕێگە بۆ پەیوەندیکردن بە یەکتر لە ڕێگەی تەتەرەوە بووە کە چەندین ڕۆژی دەخایاند بۆ گەیاندنی پۆستە و نامەکان.
٣. بۆ ناردنی بروسکە بۆ گشت یەکە و بارەگاکان بە بەردەوامی و ئاگاداربوون لە بارودۆخی بەرەکانی جەنگ.
٤. ئاگاداربوون لە جموجۆڵی دوژمن و ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەرام و پلانەکانیان، ئەمەش لە ڕێگەی گوێگرتن (التنصت) لە پەیوەندییەکانی دوژمن و وەرگرتنی زانیاری بووە لە ڕێگەی سەرچاوە نهێنییەکان، ئەمەو چەندین هۆکاری تر.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم داواکاری جەلال تاڵەبانی لە نوری حەیدەر هەمەوەندی ئەوە بووە کە سەرەتا ٣ ئامێری بێتەل چاك بکاتەوە و ئامادەی بکات بۆ ناردنی دووانیان بۆ بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی، بۆ ئەوەی هەرچی

زووە پەیوەندی دروست بێت لە نێوانیاندا[1]. دواى چاك كردنەوەى ژمارەيەك بێتەل و ناردنی یەکێکیان بۆ مەکتەبی سیاسی لە ماڵومە لەگەڵ کادیری بێتەل شێخ محەمەد سەید ئەحمەد لە١٩٦٢/٧/٢٠ و ئەوی تریان بۆ بارەگای بارزانی لەلایەن کادیری بێتەل حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان، ئەوە بوو لە ١٩٦٢/١١/١٥ بە بێتەل پەیوەندی بە بارەگای مستەفا بارزانییەوە کراوە[2]. لە ١٩٦٣/٧/٢٥ بروسکەیەك لە بێتەلی پیرمام لە مەکتەبی سیاسی لە ماڵومە ئاراستەی ئێزگەی بێتەلی ئاراس کراوە بۆ مستەفا بارزانی و تێیدا هاتووە: "ڕژێمی بەعس داوای دانووستان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش داوای ڕای بارزانی دەکەن[3]."

بەڵام یەکەم پەیوەندی بێتەل لە شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان بارەگای بێتەلی گەڕۆکی ئاراس و بارەگای فەرماندەی لەشکری بادینان و بنکەی بێتەلی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بێتواتە بە فەرمانی مستەفا بارزانی بووە لە ١٩٦٢/٩/٢٥ لە کاتژمێر ٨ی بەیانی هەموو سەرە کاتژمێرێك (بە سەرە سەعات)، واتە پێویست بوو لە سەری سەعات ئامێرەکان بەکاربهێنرێن بۆ ناردنی بروسکە و پەیام لە سەر شەپۆلی ڕۆژ ٥ و شەپۆلی شەو ٩، ٣ و بانگ کردنی ئێزگەکانیش بەم شێوەیە بووە[4]:

١. ئێزگەی ئاراس (بارەگای بارزانی) APJ.
٢. ئێزگەی بێتەلی بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی) APM.
٣. ئێزگەی بێتەلی بێتواتە APN.

بەڵام تۆڕی بێتەل لە نێوان مەکتەبی سیاسی و بارەگای جەلال تاڵەبانی لە سەر شەپۆلی هەمیشەیی ٤/٥ M.C میگا سایکل و شەپۆلی یەدەك (احتیاط) ٣/٢ M.C میگا سایکل بووە، ئەم شەپۆلانە تایبەتن بە ناوچەی شاخاویەکان و تا ڕادەیەکیش

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ١٦.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٦-٤٧.
[3]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.
[4]. هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.

بۆ ناوچەی دەشتایی دەست دەدات، بەم شێوەیەی خوارەوە[١].
١. ئێزگەی بێتەلی مەکتەبی سیاسی بە مۆڕس ARM و بە قسە (کلام) پیرمام.
٢. ئێزگەی بێتەلی بارەگای جەلال تاڵەبانی بە مۆڕس ARN و بە قسە شۆڕشگێر.

ئەم هەنگاوەی پەیوەندیکردن بە بێتەل دوای ئەوە هاتووە، کە بارزانی لە ١٩٦٢/٩/٢ مۆڵەتی داوە پەیوەندی بێتەل دروست بکرێت، بەڵام سەرەتا تەنیا لە نێوان ئەم سێ ئێزگەیەی سەرەوە (ئاراس، بارەگای ئەسعەد خۆشەوی و بێتواتە)، ئەوانیش بە نامە ئاگادارکراونەتەوە کە لەبەرواری سەرەوە لە کاتژمێر ٨ ئامادەبن بۆ وەرگرتنی پەیوەندی، ئیتر بەم شێوەیە سەرەتای دروست بوونی پەیوەندی بێتەل لە نێوان بارەگا حزبی و سەربازییەکان دروستبووە تا گەیشتە ئەو ڕۆژەی هەر بارەگا و یەکەیەك بنکەی بێتەلی تایبەت بەخۆیانیان هەبێت. هەر بە هەمان شێوەی بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش لە بادینان، لە بارەگای مەکتەبی سیاسیش وەك هەنگاوی سەرەتای ژمارەیەك بنکەی بێتەل دامەزراوە، بە تایبەتی لەو بارەگا و شوێنانەی کە پێویست بوو پەیوەندی بە بەردەوامی هەبێت، گرنگترینیان ئەمانەن[٢] :
١. بنکەی بێتەلی مەکتەبی سیاسی (ماڵومە).
٢. بنکەی بێتەلی چەمی ڕێزان.
٣. بنکەی بێتەلی ئاغجەلەر و شوان.
٤. بنکەی بێتەلی ماوەت.

مەبەستمان لە ئاماژە کردن بە ناوی مەکتەبی سیاسی و ئەم ژمارە بنکەی بێتەلە ئەوەیە کە پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە، سەرەتای شۆڕش هەریەکە لە بارەگای بارزانی (بارەگای سەرکردایەتی) و بارەگای مەکتەبی سیاسی دوور بوون لە یەک، هەریەکە و بە جیاواز هەوڵی دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی کردنیان داوە بۆ پەیوەندیکردن بە یەکەوە، لە هەمان کات بۆ پەیوەندیکردن بەو بارەگایانەی

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢١- ٦٢.
[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.

کە لە ژێر دەستیاندا بوونـە و لێیـان نـزیکن وەك هـەنگاوی سـەرەتای. دوای ئـەم هەنگاوە، بەستنەوەی تـۆڕی بێتـەل بـووە بـە بارەگـای ڕەئـیس کـەمال مفتـی لـە قەرەداغ، ئەمەش لە دوای ئەوە هاتووە کە نـاوبراو لـە ١٩٦٢/١٢/٧ بـە نامەیـەکی جەلال تاڵەبانی سەردانی بارەگای بێتەلی کردووە بۆ وەرگرتنـی دەزگایـەکی بێتـەل بۆ ڕۆیشتنی بۆ قەرەداغ، ئەوە بوو دەزگایەکی بێتەلیان پێـداوە لەگـەڵ کـادیرێکی بێتەل بەناوی تاڵب حـاجی سـاڵح کـەرکووکی یەکـەم پەیوەندیشـیان بـە بارەگـای بێتەل لە چەمی ڕێزان لە ١٩٦٢/١٢/٩ بووە[١].

ئەمە لە کاتێکدایە پێش ئەوەی مستەفا بارزانی دەڤەری بادینان بەجێبهێڵێت و بەرەو دەڤەری باڵەکایەتی بکەوتەڕێ، لەلایەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسـەن سەرپەرشتیکەری ئێـزگەی بێتـەلی ئـاراس، ژمارەیـەك بنکـەی بێتـەلی بـۆ بارەگـای لەشکری یەکی بادینان و ئەو هێزانەی سەر بەو لەشکرەن داناوە، بۆ هەریەکەیـان شیفرەی تایبەتی داناوە تا لە کاتی پێویست پەیوەنـدی بکـەن بـە ئێـزگەی بێتـەلی ئاراس، کە بریتین لە[٢]:

١. بنکەی بێتەلی بەرواری باڵا (ئەسعەد خۆشەوی)
٢. بنکەی بێتەلی زاخۆ (عیسا سوار)
٣. بنکەی بێتەلی دهۆك (عەلی خۆشەوی)
٤. بنکەی بێتەلی شێخان (حەسۆ میرخان دۆڵەمەری)

پێویسـتە لـە یادمـان نـەچێت و لای خوێنـەرانیش ڕوون و ئاشـکرابێت، کاتێـك تۆڕی پەیوەندیکردن لە بارەگای سەرکردایەتی ناونراوە بە ئێزگەی ئـاراس ئـەوا لـە مەکتەبی سیاسی ناونراوە بە ئێزگەی پیرمام.

## پەیوەندی نێوان بێتەلی شۆڕش و بێتەلی حکوومەت

کاتێـك دوژمـن لـە بەڵێنـەکانی پاشـگەزبووەوە کـە لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە سەرکردایەتی کوردی دابوو، کەوتە گرتن و ڕاوەدوونـانی کـادیر

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ٤٨

[٢]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

و ئەنـــدامانی پـــارتی بـــە نییـــەتی لـــەناوبردنی یـــەکجارەکی کـــورد و بزووتنـــەوە سیاسـیەکەی، بۆیـە کـورد بریـاری هەڵگیرسـاندنی شـورشی داوە دژی ئـەم زوڵـم و ستەمە و ناچار خۆیان گەیاندە ناوچە شاخاوییەکان کە هەمیشە کورد چیاکـان بـە تاکە دۆستی خۆیان دەزانن. پاش بەرگرییـەکی بـەهێز و تێکشـکاندنی دوژمـن لـە چەندین پەلامار و هێرش، ناچار داوای دانوستانی کردووە. ئەم دانوستاندنانەش لە ڕێگـەی بروسـکەی بێتەلـەکانی هـەردوولا ئاگـاداری یـەکتر کراونەتـەوە. ڕۆژی چوارشەممە ١٩٦٣/٢/١٤ لە سـەر فـەرمانی بـارزانی و داوای حکـوومەتی بەغـداد، بێتەلی شۆڕش کەوتۆتە ئیشکردن لەگـەڵ بێتـەلێکی حکوومەتـدا و لەگـەڵ زەعـیم فوئاد عارف سەبارەت بە بەردەوامی گفتوگۆ لە نێوان بارزانی و حکوومەتدا، کـات و شوێنی پەیوەندی دیاریکراوە"[1]. هەروەها ڕۆژی سێشـەممە ٢٦ی ئـاداری ١٩٦٣، بروسکەیەکی حکوومەت هـاتووە بـۆ مسـتەفا بـارزانی، داوا کـراوە سـەری مانـگ وەفـدی دانوسـتانکار لـە بەغـداد ئامـادەبێـت، دواتـریش لـە ١٩٦٣/٣/٢٨ بـارزانی ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ ناردنی شاندێك بۆ دانوستاندن لەگەڵ دادوەری سـەربازی گشتی، کە پێکهاتوون لە هەریەکە لە هاشم عەقراوی و عەگیـد ئامێـدی و جـەلال تاڵەبانی[2]. ئەمە لە کاتێك یەکەم پەیوەندی لـە نێـوان بێتـەلی مەکتـەبی سیاسـی و حکوومەتی عێراق چەند ڕۆژێك دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بووە، کاتێك لـە فرقەی دوو پەیوەندی بە بێتەلی پیرمامەوە کراوە بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دانووستان[3].

## دامەزراندنی بێتەلی گشتی لە ساڵی ١٩٦٤

پـــاش ئەو هـــەموو مانـــدوبوون و ڕەنجـــەی، کـــە دامەزرێنـــەرانی تـــۆڕی پەیوەنـدیکردن لـە هـەردوو بارەگـا سـەرەکییەکە (بارەگـای بـارزانی و مەکتـەبی سیاسی) ئەنجامیاندا، لە کۆتاییدا بەرهەمەکەی (موخابەرەی گشتی) لە دایك بـوو. دوای ئەوەی بارزانی لە بادینانەوە بەرەو باڵەکایـەتی کەوتـەڕێ بـۆ سـەرکردایەتی کردنـی شـۆڕش و دواتـر بـۆ ناوچـەی قـەڵادزێ و خۆشـناوەتی، لـە سـاڵی ١٩٦٤

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ١٥١.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٥٧.
[3]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤٨.

موخابەرەی گشتی بارەگاکەی لە قەڵادزێ کردۆتەوە و پەیوەندی بە هەموو بەرە و بنکەکانی بێتەلەوە کردووە کە تا ئەو کاتی دامەزرابوون. واتە لە خانەقینەوە تا زاخۆ، هەموو بنکە و بارەگاکانی بێتەلی پێکەوە گرێداوە و لەلایەن معاون شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن سەرپەرشتی کراوە[1].

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە لەو قۆناغەدا بنکەی موخابەرە یان بێتەل تەنیا لە لقەکانی حزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و بارەگای هێزەکانی پێشمەرگە بەدی دەکران، واتە لە سەرەتای شۆڕش تا ساڵانی ١٩٦٥[2]. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی کە پێش ئەوەی مستەفا بارزانی لە بادینان بەرەو باڵەکایەتی بکەوێتە ڕێ، شەوکەت مەلا ئیسماعیل بنکەی بێتەلی بۆ هێزەکانی لەشکری یەکی بادینانی دامەزراندووە، کە لە وانەیە بە هەمان شێوە بۆ لقەکانیش دایمەزراندن با، بەڵام نەیتوانیوە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. کەمی ژمارەی ئامێرەکانی بێتەل، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە چۆن بەدەست هاتوون.
٢. ناشارەزایی لە بەکارهێنانی بێتەل و کەمی ژمارەی کادیری بێتەل.
٣. بیرۆکەی بەکارهێنانی بێتەل هێشتا لە سەرەتای کارەکەی دابوو.

## قۆناغی دووەم ١٩٦٤- ١٩٧٠

دەتوانین ئەم قۆناغە به قۆناغی بەرفراوان کردن و پێگەیاندنی کادیر و تۆڕی بێتەلی گشتی لە شۆڕشدا ناوبنێین. دوای ئەوەی موخابەرەی گشتی دامەزرا، بارەگا و بنکەکانی بێتەل یەکخران و لەلایەن یەك کەس سەرپەرشتی کران، ئەویش ملازم شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن بووە.

دوای دامەزراندنی بێتەلی گشتی، توانرا کونترۆلی بێتەل بە تەواوی بکرێت و بنکەی بێتەل بۆ گشت هێز و بارەگای لقەکانی حزبی دابمەزرێنرێت و بە ئاسانی

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ٨٧.

[2]. پەیامی ئەیلوول، دیداری رێزدار ڕەشید سندی، وەسفی حەسەن، ژمارە ( ١١)،ئابی ٢٠٠٩، ل ٤٢.

پەیوەندی دروست بکرێت لە نێوان ئەم شوێنانە. ئەمە جگە لەوەی توانرا ژمارەی بێتەلەکان زیادبکرێت جا چ لە ئەنجامی دەستبەسەردا گرتن بێت یاخود لە ڕێگەی هاوکاری لە لایەن خەڵکانی ترەوە یاخود بە کڕین کە پێشتر لەو ڕووەوە دواوین. دروستکردن و پێگەیاندنی کادیری بەتوانایی بێتەل یەکێك بوو لە کارە سەرەتای و زەرورەتیەکانی دەزگای موخابەرەی گشتی. بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریداوە خولی تایبەت بەم بوارە بکرێتەوە بۆ ژمارەیەك لە کادیری خوێندەواری بەتوانا بە سود وەرگرتن لە مامۆستا و کادیرانی بەتوانای بێتەل کە بەناوبانگترینیان نوری حەیدەر هەمەوەندی ناسراو بە مامۆستا هۆشیار، کە پێشتر باسمان کردووە.

## خولەکانی بێتەل:

### خولی یەکەم

دوای دەستپێکردنی شۆڕش و پەیوەندی کردنی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەر و پلەداری سەربازی و پۆلیس بە ڕیزەکانییەوە، توانراوە سود لە توانا و شارەزاییان وەربگیرێت بۆ دامەزراندنی ئەم تۆڕە و کردنەوەی خولی بێتەل بۆ پێشمەرگە خوێندەوارەکان. یەکەم خولیش لە ١٩٦٧/٤/١ لە گەڵاڵە کراوەتەوە لە خانووەکەی مەلا خەریتە بە بڕیاری مەکتەبی عەسکەری لەلایەن نوری حەیدەر هەمەوەندی بەسەرپەرشتی سەبری بۆتانی کە لەو سەردەمە بەڕێوەبەری بێتەلی گشتی بووە، بە بەشداری ئەم قوتابیانە :

١. عەبدوڵا مەلا دەروێش (عەبدوڵا لاسلکی).
٢. فەتحی محەمەد شەریف.
٣. ساڵح عومەر.
٤. عومەر محەمەد ئەمین.
٥. زکری حەبیب.
٦. عەریف ئیسماعیل.
٧. ئەلیاس یەزیدی.

٨. سالار عەبدولڕەحمان.
٩. عوسمان عومەر ئەحمەد.
١٠.شوکر غەفور.
١١.یونس ئەمین.
١٢.میرۆ عەبدولخالق.
١٣.فەیزوڵا عەبدولا .
١٤.نوری عەبدوڵا خۆشناو.
١٥.جیهاد ڕەئووف.

پاش خوێندن بە تیۆری و پراکتیکی خولەکە شەش مانگی خایاندووە و لەبەرواری ١٩٦٧/٩/٢٦ بەسەرکەوتوویی بەکۆتایی هاتووە کە لە نێوانیاندا هەردوو قوتابی عەبدوڵا دەروێش و فەتحی محەمەد شەریف باشترینیان بوونە. هەر لەبەر زیرەکی ئەمانیش عەبدوڵا دەروێش کراوە بە بێتەلی بارەگای بارزانی و فەتحی محەمەد شەریفیش بێتەلی هێزی باڵەك لە شوێنی نوری حەیدەر هەمەوەندی، هەرچی قوتابیەکانی تریشە دابەشکراون بەسەر بارەگا و بنکەکانی بێتەلی حزبی و سەربازی شۆڕش[1]. هەر لە سەر هەمان خول عەبدوڵا لاسلکی دەڵێت: لە ساڵی ١٩٦٦ بە بروسکەیەك لەشکری یەکی بادینان کە ئەسعەد خۆشەوی سەرپەرشتی دەکرد ئاگادارکراونەتەوە، کە ناوی چەند کەسێکیان بۆ بنێردرێ بۆ بەشداری کردن لە خولێکی فێربوونی هونەری بەکارهێنانی بێتەل لە گەڵاڵە، ئەوە بوو لەلایەن ناوبراو ناوی عەبدوڵا دەروێش و ئیسماعیل تروانشی و سەعید دەروێش و ٦ تا ٧ کەسی تر دەستنیشان کراون بۆ ئەم خولە، بەڵام پاش پەیوەندی کردنیان لە هەمان ساڵ خولەکە لەبەر چەند هۆکارێك نەکراوەتەوە، بۆیە ساڵی دواتر هەر هەمان ناو بەرزکراونەتەوە بۆ بەشداری کردن لە هەمان خول لە گەڵاڵە لە خانووەکەی مەلا خەریتە لە سالی ١٩٦٧ بۆ ماوەی شەش مانگ لە سەر هەردوو ئامێری

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨.

بێتەلی ژمارە ١٩ و ژمارە ٢٠ خولەکە دەستی پێکردووە[١]. بە هەمان شێوە مستەفا حسێن ئامێدی لە سەر خولەکە دەڵێت: لە ساڵی ١٩٦٧ لە ناوچەی گەلاڵە خولێکی بێتەل بۆ پێشمەرگە کراوەتەوە[٢]. ئەمەو عەبدوڵا مەلا زادە[٣] ئاماژە بە کردنەوەی خولی بێتەل دەکات لە ساڵی ١٩٦٧ ساڵانە کومەڵێك کادیری بێتەل دەردەچوون و دەست بەکار دەبوون[٤].

## خولی دووەم

ئەم خولە لە ڕیزبەندی چوارەم خول دێت بەگشتی، بەڵام بۆیە دەڵێین خولی دووەم چونکە دووەم خولی گشتگیرە بکرێتەوە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو بنکە سەرەکییەکەی بێتەل و دامەزراندنی بێتەلی گشتی، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ڕیزبەندییەکە لە خولەکانی دوای دامەزراندنی بێتەلی گشتییەوە بێت کە گشتگیرن لەگەڵ ئاماژەدان بە خولەکان پێشووتر (پێش یەکگرتنەوەی هەردوو بنکە سەرەکییەکە).

ئەم خولە لە ١٩٦٨/٢/٢٨ لە قشلەی ڕایات لە ناوچەی باڵەکایەتی کراوەتەوە لەلایەن هەردوو کادیری بێتەل نوری حەیدەر هەمەوەندی و محەمەد کەریم، بەڵام لە دوای مانگێك لە دەستپێکردنی خولەکە محەمەد کەریم لەلایەن مەکتەبی عەسکەری داوادەکرێت لە ناوپردان، دواتریش بۆ قەڵادزێ لە سەر داخوازی حسۆ میرخان ژاژۆکی، بۆیە خولەکە تەنیا لەلایەن نوری حەیدەر هەمەوەندی بەڕێوەدەبردرێت، لەبەر نالەباری کەش و هەوا و سەرماو سۆڵەی زستان کە

---

[١]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]. موسڵح-ن، مستەفا حسێن ئامێدی، هەڤدیتن، ڕۆژنامەی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

[٣]. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە لەلایەن موقەدەم عەبدوڵا ڕەمەزان عەبدوڵا، (پیرمام، ٢٠١٨/٣/١٥).

[٤]. پەیامی ئەیلوول، ڕۆڵی مخابرە لە شۆڕشی ئەیلوول، ئا. مامۆستا جەلال خدر ئیسماعیل، ژمارە ٣٦، ت١ ٢٠١٤، ل ٤٢.

کاریگەری نەرێنی هەبووە لە سەر دەروونی قوتابیان، خولەکە گواستراوەتەوە هەمان شوێنی پێشوو لە گەلاڵە ژمارەی بەشداربووان لە نێوان ٥٠ بۆ ٥٨ کەس بووە، لە سەرەتای ئاداری ١٩٦٩ خولەکە کۆتایی پێهاتووە کە ٧ مانگی خایاندووە و لە ناوپردان ئاهەنگی دەرچوونیان بۆ کراوە[١].

## خولی سێیەم

ئەم خولە لە سەر داوای ئیدریس بارزانی لە ناوچەی قەڵادزێ- مەرگە کراوەتەوە، لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٦٩ بۆ ١٥ قوتابی لەلایەن مامۆستا هۆشیار، کە ڕۆژانە بۆ ماوەی ٨ کاتژمێر وانەی تیۆری و پراکتیکیان وەرگرتووە، لە ماوەی ٢٥ ڕۆژ بەسەرکەوتوویی خولەکە کۆتایی هاتووە[٢].

ئەم قۆناغە سەرەڕای ناونانی بە قۆناغی پێگەیاندنی کادیر و فراوانکردنی تۆڕی بێتەل، دەتوانین بە قۆناغی دەستخستنی ژمارەیەکی زۆری ئامێری بێتەلیش ناوبنێین، چونکە لەو ماوەیەدا شۆڕش توانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئامێری بێتەل بەدەست بێنێت، لە سالانی ١٩٦٥- ١٩٦٨ شۆڕش توانی چەندین ئامێری بێتەل بەدەست بێنیت و بەسەر هێز و ناوچەکانی پارتیدا دابەش بکات، لە ساڵی ١٩٦٩ چەندین ئامێری بێتەلی جۆری ژمارە ٩ و وولکی تۆکی پەیدا بکات[٣].

## قۆناغی سێیەم و کۆتایی ١٩٧٠- ١٩٧٥

لە کاتێکدایە کە جۆرێك لە هێمنی و ئارامی پێوە دیارە لە ڕووی سەربازی هەم لە ڕووی پێگەیاندن و کردنەوەی خولی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و بێتەل، بۆیە ناوی دەنێین قۆناغی هێمنی یان ئارامی. ئەمەش لە کاتێکە کە ڕێککەوتننامەی

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٠٠، ٢٠٤.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ل٢١٠ -٢١٣.

[٣]. پەیامی ئەیلوول، دیداری ڕێزدار ڕەشید سندی، ژمارە ١١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

١١ی ئاداری ١٩٧٠ دەرکراوە، جۆرێك لـە ئاشـتی و ئـارامی بـاڵی بەسـەر عێـراق و ناوچـە ئازادکراوەکانـدا کێشـاوە، خـەڵك کـەمێك لـە ڕاکـردن و خـۆ حەشـاردان و شاردنەوە لە ترسی هێرشە ئاسمانی و زەمینییەکانی ڕژێم دووركەوتوونەتەوە، ژیان ئاسایی بۆتەوە، خەڵك بە ئاسانی دەیانتوانی هاتووچۆ بکەن لە نێوان شـارەکان بـە تایبەتی لە نێوان کوردستان و شارەکانی تری عێراق بە تایبەتی بەغداد. جۆرێك لـە خۆ بەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکان بەدیدەکرا.

لەم ماوە ئارامەدا شۆڕش نەوەسـتاوە لـە بەدەسـتهێنان و پەیـداکردنی ئـامێری پەیوەندیکردن و بێتەلی جۆراوجۆری هاوچـەرخ و سـەردەمیانە، لـە سـاڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ ژمارەیەکی زۆر لە ئامێری بێتەل بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتوونەتە دەست شۆڕش و بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بە تایبەتی ئامێری بێتـەلی لۆکەیشـنی location سەفەری[١]. پێویستە ئەوەش بووترێت لەو ماوە ئارام و بێ شـەڕە هـەروەك چـۆن سـوپا خـۆی ڕێکدەخسـتەوە بـە هـەمان شـێوە پێشـمەرگەش لـە ڕێکخسـت و دامەزرانـدنی یەکـە و هێـزی نـوێ بـووە. ئەمـە جگـە لـەوەی کردنـەوەی خـولی بێتەلیش بە تایبەتی سەرەتای ساڵەکانی دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار وەستاوە، بـەڵام پـێش دەسـتپێکردنی شـەڕ بـە تایبـەتی لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٤ دەسـتی پێکراوەتەوە.

- **خولی بێتەل (کۆتا خول) ١٩٧٤**

ئەم خولە کۆتا خولی بێتەلە لە شۆڕشی ئەیلوول. خولەکە لـە نـاوپردان کراوەتـەوە لە ١٩٧٤/١/٢٦ بەڵام لەبـەر ڕاگەیانـدنی شـەڕ لەلایـەن حکوومەتـەوە و پێویسـتی پێشمەرگە بە کادیری بێتەل، لە ١٩٧٤/٤/١٥ کۆتایی بە خولەکە هێنراوە و کادیرانی بێتەل بە سەر بنکە و بارەگای هێزەکان دابەش کراون، شایەنی باسە خولەکە لـە ٣٦ قوتابی پێکهاتبوو، ٣٠ قوتابیان لە خولەکە دەرچوونە و (٦)هەکەی تریش لە بـواری

---

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.

بگۆڕدا دامەزراون[1].

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٢٠- ٢٢١.

# بەشی سێیەم

## بروسکە

پێش ئەوەی باس و پێناسەی بروسکە بکەین، پێویستە ئاماژەیەك بۆ جۆرەکانی پەیوەندیکردن بکەین، بـزانین چەنـد جـۆرە ڕێگـای پەیوەنـدیکردن هەیـە لـە نـاو سلکی پۆلیس و سەربازی، بۆ ئەوەی لای خوێنەران ڕوون و ئاشکرابێت.

### جۆرەکانی پەیوەندیکردن بە بێتەل:

سێ جۆری پەیوەندی کردنی بێتەل هەیە، کە ئەمانەن[١]:

١. گفتوگۆ (المحادثات): ڕێگایەك یان هۆیەکی کاریگەرە بۆ ئاڵۆگۆڕکردنی زانیـاری لـە نێـوان گفتوگۆکـەرەکان یـان وەرگرتنـی فەرمانـەکان یـان دەرکردنـی ئاراستەکردنەکان، بە مەرجێك گفتوگۆیەکە کورت و پوخت بێت، بـە ڕەچـاوکردنی یاسـاکانی ئاسایشـی بێتـەل، ئـەم جـۆرە بـە خێراتـرین ڕێگاکـانی پەیوەنـدیکردن دادەنرێت.

[١]. كراسة المخابرة لطلاب الاكاديمية العسكرية، ص ٨.

٢. بروسکەی زارەکی (البرقيات أو الرسائل الشفوية): بریتیە لە دەقێکی نووسراو لە سەر کاغەزێکی ئاسایی، لەلایەن کارپێکەری بێتەل دەنێردرێت یان دەدرێتە کادیری بێتەل یان ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ناردنی بۆ ئەو کەسەی کە پێویستە بۆی بنێردرێت بە زارەکی، پێویستە ئەم بروسکەیە ناونیشانێکی هەبێت.
٣. بروسکەی بەنووسین (البرقيات التحريرية): ئەم جۆرە بروسکانە لە سەر فۆڕمی تایبەت بە بروسکە دەنووسرێت، پێویستە ژمارە و بەرواری لە سەر بێت لەگەڵ ئیمزای ئەوکەسەی بروسکەکەی نووسیوە، بەمەرجێك پلەبەندی نهێنی و پلەبەندی لە پێشی لە سەر بێت، دواتر دەدرێتە کادیری بێتەل یان نووسینگەی تایبەت بە ناردن بە بێتەل یان هەر ڕێگایەکی تری ناردن، پێویستە تۆماربکرێت لە تۆماری تایبەت بەم کارە و هەڵگرتنی لە نووسینگەی تایبەت ئەگەر هەبێت.

هەرچی سەبارەت بە یاسا و ڕێساکانی موخابەرەیە، کە بریتییە لە سیستەمێکی یەکگرتوو، بەگوێرەی ئەم سیستەمە موخابەرە بەڕێوەدەچێت بۆ دابینکردنی ئەم بناغانەی خوارەوە[1]:

١. کورتی (الايجاز).
٢. وردبینی (الدقة).
٣. ئاسایش یان نهێنی پاراستن (الأمن).
٤. خێرایی (السرعة).

پێویستە ئەو بروسکانەی دەنێردرێن تا بتوانرێت کورت بن، لە هەمان کات پێویستە بەو پەڕی نهێنی بێت بە خێراترین کات.

بۆیە ئەگەر ئاوڕێك لە موخابەرەی گشتی بدەینەوە و بزانین تا چەند پابەندی ئەو یاسا و بنچینە بنەڕەتیانە بوونە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کارمەندانی بێتەل زۆر بە باشی پابەندی ئەو یاسایانە بوون[2]. لە شەڕی کۆڕەك و دەشتی دیانا

---

[1]. نفس مصدر، ص ٧.
[2]. عبدالله درويش ابراهيم، چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی، ( بێ شوێن- بێ ساڵ)، ل ل ٣-٥.

لە ساڵی ١٩٦٥ لەو کاتەی بێتەلەکەی بەتالیۆنی عەلی شەعبان لەکاردەکەوێت، لەلایەن کادیری بێتەلەکەیانەوە ژمارەیەك بروسکە دەهێنرێنە لای نوری حەیدەر، کە کادیری بێتەلی بەتالیۆنی مەلا ئەمین بارزانی بووە لەو کاتە بۆ ناردنیان بۆ شوێنی مەبەست، بەڵام لەبەر درێژی بروسکەکان داوایان لێدەکات کە بروسکەکانیان کورت و پڕ مانا بێت تا بتوانێت بۆیان بنێرێت[١]. لە ڕووی ئەمنیشەوە، کادیرانی بێتەل بەوپەڕی دڵسۆزی و نهێنی پارێزییەوە کاریان کردووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دەزگاکانی حکوومەت نەتوانێت بەهیچ شێوەیەك شیفرەکانی شۆڕش شیبکاتەوە، چونکە موخابەرەی شۆڕش خاوەنی کادیری دڵسۆزی نهێنی پارێز بووە، هەر لە سەر ئەم بناغەیەش کادیرانی بێتەل هەڵبژێردراون، کە زۆرجار حکوومەت هەوڵی داوە ویژدانی هەندێك کەس بکڕیت، بەڵام بێ ئاکام بووە[٢].

هەرچی شێوازی نووسینی بروسکە و شیفرەیە لە شۆڕشی ئەیلوول سود لە هەردوو شێوازی سەربازی و پۆلیسی عێراق وەرگیراوە و فۆڕمێکی نوێیان بۆ خۆیان داهێناوە و لە سەری ڕۆیشتوون[٣].

## بروسکە چییە ؟

بروسکە ئەو نامە کورتە یان درێژەیە کە لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن (بێتەل یان بەتەل) بە شیفرەکراوی یان بە کراوەیی بە قسە یان بە مورس دەنێردرێت لە ئێزگەی سەرەکی بۆ ئێزگەی لاوەکی و بە پێچەوانەوە، یان لە نێوان دوو ئێزگەی هەمان ئاست، جا بە شێوەی زارەکی (شفوي) بێت یان بەنووسین (تحريري) و بە پێی گرنگی و نهێنی پلەی نهێنی دەدرێتێ. یان بەڵگەنامەیەکە بەکاردێت بۆ گەیاندنی هەواڵێکی بە پەلە بە شێوەیەك کە ئامێر یان ڕێگاکانی

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤- ١٤١.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. هەمان سەرچاوە.

تری پەیوەندیکردن ناتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەم شێوەیە، بروسکەی فەرمی بە شێوەیەکی تایبەت دەنووسرێت، ناتوانرێت بە تەلەفۆنی ئاسایی بنێردرێت لەبەر خێرای گەیاندن، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ژمارەی وشەکان و کورتی ناوەڕۆکەکەی، ئەمە جگە لەوەی هەر لە ناوە کوردییەکەی ڕادیارە، کە مەبەست لێی خێراییە. بۆ نووسینی بروسکە پێویستە ڕەچاوی یاسا و ڕێساکانی موخابەرە بکرێت کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، چونکە پابەند نەبوون بەم ڕێسا و بنچینە بنەڕەتیانە، موخابەرە ناتوانێت ئامانجەکەی بە دروستی بپێکێت.

هەرچی کاری نووسین و ناردنی بروسکەیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە بۆ ساتی دامەزراندن و دەست بەکاربوونی ئێزگەکانی موخابەرە لە هەردوو بارەگا سەرەکییەکەی شۆڕش. واتە ئێزگەی ئاراس لە ڕێکەوتی ١٩٦١/١٢/٢١ و ئێزگەی پیرمام لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٧/٢٢ کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە. ئیتر بەو شێوەیە ناردن و وەرگرتنی بروسکە لە نێوان ئێزگەکان بەردەوامی هەبووە بە تایبەتی دوای دامەزراندنی ئێزگەی گشتی (موخابەرەی گشتی) لە ساڵی ١٩٦٤ لە قەڵادزێ کە لە زۆر ڕووەوە گرنگی خۆی هەبووە، لە وانە:

١. یەکگرتنی هەردوو ئێزگەکە.
٢. کۆنترۆڵی ناوەندی بە سەر هەموو ئێزگە لاوەکییەکان وەك بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەو بوارە.
٣. دابینکردنی کادیر و پێداویستی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بۆ گشت ئێزگەیەك و کردنەوەی بنکە و ئێزگەی نوێ بۆ بارەگا و هێزە تازە دامەزراوەکان.

بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستی دەزانین هەندێك لە گرنگترین و مێژوویترین ئەو بروسکانە بخەینەڕوو کە بەر دەستمان کەوتوون بە تایبەتی ئەو بروسکانەی لە سەرەتای دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیکرن نێردراون یان وەرگیراون، چ لە نێوان ئێزگەکانی موخابەرە و بارەگاکان یاخود لە نێوان ئێزگەی شۆڕش و ئێزگەکانی حکوومەت.

## یەکــەمین ئــەو بروســکانەی لــە ســەرەتای دامەزرانــدنی تــۆڕی پەیوەندیکردن نێردراون یان وەرگیراون

پاش دامەزراندن و دەست بەکاربوونی بنکەکانی بێتەل، بێگومان پێویستە ئەو کارە بکات کە بۆی دامەزراوە یان مەبەستییێتی، ئەویش گوێگرتن و ناردن و وەرگرتنی بروسکەیە، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە گرنگترین و یەکەمین ئەو بروسکانە بکەین کە وەرگیراون یان نێردراون لە سەرەتای شۆڕش.

یەکەم پەیوەندی بێتەلی لە سەرەتای شۆڕش لە سەر فەرمانی مستەفا بارزانی لە ١٩٦٢/٩/٢٥ بووە لە نێوان ئێزگەی ئاراس و بارەگای لەشکری یەك و بارەگای حیزب لە بێتواتە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، بەڵام نازانرێ ئەم پەیوەندییە بە چ شێوازێک بووە! ئاخۆ ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی گفتوگۆوە بووە یان لە ڕێگەی بروسکە!!! بەڕای ئێمە ئەم پەیوەندییە تەنیا بە گفتوگۆ بووە نەك ناردنی بروسکە، دووپاتکردنی ئەم ڕایەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نەدان بە شێوازە زانستی و دروستییەکەی کە هێشتا لە سەرەتای دامەزراندنیدا بووە، یەکەم جاریش بوو، کە شۆڕشی کورد سود لە شتێکی وا ببینێت، هەروەك پێشتریش باسمان لەوە کردووە، پێشمەرگە گرنگییەکی ئەوتۆی بەو ئامێرە بێتەلانە نەداوە، کە دەستیان بەسەردا گرتوون.

ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٧ لە گوندی ئەرزەخ لە کاتی گوێگرتن لە بروسکەیەکی میری بەم شێوەیە هاتووە: "حەوت تۆپی ١٢٠ملمەمان بۆ هاتووە، ئەم ئێوارەیە یاخییەکان تۆپباران دەکەین". لە کاتی پەیوەندی بێتەلی لە نێوان هێزەکانی حکوومەت لە بریفکا و مرێبا هاتووە: "یاخییەکان ئەوەندە دەستیان ڕاست و پێکاوەرن، ئەمڕۆ دووجار بە تفەنگ ئێریال (ئانتێن)ی ئێزگەکەمیان پچڕاندووە". لەو کاتەی بارزانی لە ناوچەی شێخان و دەوروبەری لەگەڵ میری بەگژیەکدا دەچوون و زەرەر و زیانێکی زۆری لە میری داوە، بۆیە لە ١٩٦٢/٣/٢٠ عەبدولکەریم قاسم لە ڕێگەی قایمەقامی قەزای شێخانەوە بروسکەیەکی ئاراستەی بارزانی کردووە، کە تێیدا هاتووە "مەلا مستەفا بارزانی سەربەستە بچێت بۆ هەر شارێك لە ناو عێراقدا و داخوازی خۆی چییە؟ بێ گیروگرفت

عەبدولکەریم قاسم بۆی جێبەجێ دەکات"[١]. لە ١٩٦٢/٥/١٥ کاتێك هێزەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرش دەکەنە سەر ناوەندی شارۆچکەی پێنجوین، لە ئەنجامی گوێگرتن و شیکردنەوەی بروسکەیەك لەلایەن بێتەلی ئاراس، کە لە پارێزگاری سلێمانییەوە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە، زانیویانە پێشمەرگە لەم ناوچەیە هێرشی کردۆتە سەر دەزگا و بارەگاکانی حکوومەت، کە لە بروسکەکەدا هاتووە: "ئەمڕۆ لەشکری مەکتەبی سیاسی هێرشیان کردۆتە سەر بنکەی شارۆچکەی پێنجوین، قایمەقام بریندارە و بەڕێوەبەری باج و مەئمور مەرکەز دەستگیرکراون و جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی-پێنجوین کەمال شێخ غەریب بریندارە"[٢].

دوای دامەزراندن و دەست بەکاربوونی ئێزگەی بێتەل لە چەمی ڕێزان یەکەم بروسکە لە تۆڕی پەیوەندی کردنی شۆڕش لەم وێستگەیە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە بووە بۆ مەکتەبی سیاسی بەبۆنەی پیرۆزبایی دامەزراندنی یەکەم ئێزگە و تۆڕی پەیوەندیکردن لە نێو شۆڕش، بە هەمان شێوە جەلال تاڵەبانی لە ١٩٦٢/٩/١٩ بروسکەیەك ئاراستەی نوری حەیدەر هەمەوەندی (مامۆستا هۆشیار) دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ پیرەمەگرون. لە ١٩٦٢/١٠/٢٦ جەلال تاڵەبانی بروسکەیەك دەنووسێت بۆ مستەفا قەرەداغی بەم شێوەیە: "مێژوو ١٩٦٢/١٠/١٦ لە جەلال تاڵەبانییەوە بۆ مستەفا قەرەداغی. سڵاوێکی شۆڕشگێرانە. زۆر بەپەلە ئەو جوانەگایەی لاتانە بنێرن بۆ بنکەی پیرەمەگرون بێ دواکەوتن". ئەمەو بڵاوکردنەوەی بروسکەیەك بەسەر گشت بارەگا و بنکەکان، لە ماوەت بەدەستی هێزەکانی سەرکردایەتی شۆڕشە[٣].

لە کاتی کۆنترۆڵکردن و گوێگرتن لە بێتەلەکانی حکوومەت لە ناوچەی شێخان و باعەدرێ لە یەکێك لە بروسکەکان لە ساڵی ١٩٦٣ بەم شێوەیە هاتووە: "شێخ جەلال بریفکانی لە گوندەکەی هەڵاتووە، لە ڕۆژی ٣/٢٧ گەیشتۆتە باعەدرێ،

---

[١]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

[٣]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠- ٤١- ٤٥- ٨٥.

سـبەینێ دەیبـەن بـۆ قـەزای شـێخان"[1]. لـە هـاوینی سـاڵی ١٩٦٣ لـە شـەڕێکی دەستەویەخە لە سەر پردی چامە لە ناوچەی شێروان مەزن لە نێوان پێشـمەرگە و سوپا و جاش کە گەیشتبووە ڕادەیەك خەنجەر بەکاربهێنرێت بۆ کوشـتنی دوژمـن، لەو ڕۆژهدا لە بروسکەیەکی سوپا، کە وەرگیراوە هاتووە: "هێزەکانمان بە یارمـەتی (فرسان صلاح الدین) واتە جاشە کوردەکان دەستەویەخە زۆرانبازی لەگەڵ (عصاة) واتە هێزەکانی لەشکری کوردستان دەگرن"[2].

## پەیوەندی نێوان بێتەلی ئاراس و بێتەلی پیرمام

دوای دروست بوونی پەیوەنـدی لـە نێـوان هـەردوو ئێـزگەی بێتـەلی ئـاراس و ئێزگەی بێتەلی پیرمام و دەست پێکردنی گۆڕینەوە و ناردنی بروسکە لە نێوانیاندا، یەکێك لە گرنگترین ئـەو بروسـکانە ئەوەیـە، کـە لـە ١٩٦٣/٧/٢٥ بروسـکەیەك لـە بێتەلی پیرمام لە ماڵومە (مەکتەبی سیاسی) پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووە بۆ بێتەلی ئاراس، کە ئاراستەی مستەفا بارزانی کراوە، تێیـدا هـاتووە: ڕژێمـی بـەعس دەیەوێت مفاوزاتمان لەگەڵ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییان پێوەکردووین، ئایا ئێوە ڕاتان چییە؟"، بارزانیش بەم شێوەیە وەڵامی داونەتـەوە: (ڕژێمـی بـەعس دەیەوێت ئێوە و هێزەکانتان بـە نـاوی مفاوزاتـەوە خـەریك و گیـرۆدە بکـات، بـە هەموو هێزێکی لە ئێمە بدات، کە ئێمەی لە ناوبرد، ئینجا هێزەکانی خۆی بـەرەو لای ئێوە دەکێشێتەوە و پێتان دەڵێت گەزی چی و جاوی چی!!!)، دواتـریش هـەر بە هەمان شێوە دەرچووە[3]. کاتێـك عەبدولسـەلام عـارف حـوکمی گرتـە دەسـت و ڕێکەوتنی لەگەڵ کورد واژوو کرد، بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادان و پێشاندانی نییەت پاکی، مستەفا بارزانی لە ١٩٦٤/١/٢٥ بروسکەیەك لە بێتـەلی ئاراسـەوە ئاراسـتەی هێزی پێشمەرگە دەکات، کە هەموو چالاکییەك دژی حکوومەت بوەسـتێنرێت، لـە بروسکەکەدا، کە بەشێوەیەکی کراوە نێردراوە، ئاگاداری هەموو هێز و بارەگاکـانی

---

[1]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٨١.

[3]. هەمان سەرچاوە، ل ١٧٦.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرانسەری کوردستان کراوە خۆیـان لـە ڕێگاوبـانی هاتووچۆی سوپای ڕژێم دووربخەنـەوە، دوای شـەش ڕۆژ هـەموو چالاکیـەك دژی ڕژێم ڕاگیراوە[1].

بروسکەی زۆر هەن، ئەگەر بمانەوێت هەمووی بنووسینەوە پێویستە چەندین پەرتووکی پێ پڕبکەینەوە، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو بروسکانەمان بە نموونە وەرگرتووە، کە لە سـەرەتای دامەزرانـدنی ئـەم دەزگایـە ئاڵۆگۆڕیـان پێـوەکراوە یـان لەلایـەن دوژمنەوە وەرگیراون.

## بروسکەی مستەفا بارزانی بۆ ملازم خدر دەباغ

کاتێك ملازم خدر دەباغ لە ١/ ١٩٦٥/٦ تۆپبارانی هەردوو سـەربازگەی زیـارەت و بانە و نۆکان دەکـات، لـە ئەنجامـدا سـەرکەوتنێکی بـاش بەدەسـت دەهێنێـت، مســتەفا بـارزانی بەمــە دەزانێــت و زۆر خۆشـحاڵ دەبێـت، بۆیــە هــەر زوو بــە بروسـکەیەك فەرمانـدەی ئـەو هێـزەی، کـە نـاوبراوی لێیـە ئاگـادار دەکاتـەوە بە زووترین کات ملازم خـدر بگاتـە بارەگـای سـەرکردایەتی بـۆ بەشـداری کـردن لـەو خولەی تۆپخانە، کە بڕیارار بووە بۆ چەند پێشمەرگەیەك بکرێتەوە، بـەم شـێوەیە لە بروسکەکەدا هاتووە: "ڕاستەوخۆ ملازم خدری بۆ بنێرن بۆ ئەوەی بەشداری لەو خولەی تۆپخانەدا بکات..."[2].

## بروسکەی مستەفا بارزانی لە کاتی داستانی هێزی دەشتی هەولێر

لە ١٩٦٩/١٠/١٥ کاتێك پێشمەرگە گورزێکی کوشندە لە هێزەکـانی حکـوومەت دەدەن لـە دەشـتی هـەولێر، بـەڵام حکـوومەت بـە بـەردەوامی هێـزی پشـتیوانی دەنێرێت بۆ هێزەکانی پێشەوە، بۆیە بـارزانی لە بروسـکەیەکدا داوایـان لێـدەکات پاشەکشە بکەن، بەو شێوەیە لە بروسکەیەکدا هاتووە: "هێزێکـی یـەکجار زۆر لـە

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٢.

[2]. ملازم خدر دەباغ، ئا.گوران ئەحمەد ئیسماعیل، پـەیامی ئـەیلوول ، ژمـارە ٢٨، نیسـان ٢٠١٣، ل ٢٥.

هەولێر و کەرکووك و سلێمانی بەڕێکەوتوون بۆ لای ئێوە...."[1].

## بروسکەی مستەفا بارزانی لە شەڕی مەرگە

شەڕی مەرگە لە ١٩٦٩/١١/٩ دەستی پێکرد کە چەند رۆژیکی خایان چەند هێرشی دوژمن یەک لە دوای یەک پوچەڵ کرانەوە و زەرەرو زیانیکی یەکجار زۆر بە دوژمن گەیەنرا، دوژمنی ناچار بە دانوستاندن کردووە، مستەفا بارزانی لە بروسکەیەکدا بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە پیروزبایی لەگەڵی کورد کرد. فەرموویەتی: "شەڕی مەرگە بوو، کە چۆکی بە حکوومەت دادا و ناچاری بکات دان بە حوکمی زاتی دابنێ، کە بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی لێکەوتەوە"[2].

## بروسکە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە

دامەزراندنی موخابەرەی شۆڕش بەخۆی هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و شۆڕشگێران، چونکە ئەگەر هۆکارێك بێت بۆ ئاسانکردنی کاری تەتەری و گەیاندنی نامە و پەیامەکان، لە هەمان کاتدا هۆکارێك بووە بۆ زیاتر متمانە بەخشین بە پێشمەرگەکان و متمانە بە خۆبوون، کە متمانە بەخۆبوون بە یەکێك لە پرەنسیپە هەرە سەرەکییەکانی هەر کارێك دادەنرێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەم کارە گیانفیدایی و ژیان بەخشین بێت، لە هەمان کات بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی فەرماندەیی (القیادة Leadership) دادەنرێت، واتە هەر کەسێك ئەم تایبەتمەندییەی نەبێت بە کەڵکی سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی مەیدانی نایەت. بۆیە زۆر جار موخابەرە یان بێتەل لە سەردەمی شۆڕش لەلایەن هەردوولایەنەوە بۆ بەرزکردنەوەی ورە بەکارهێنراوە، ئەمە لە بروسکەکان بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە و دیارە، کە لە ڕوانگەی

---

[1]. سۆران سابر شێخ جامی، پەیامی ئەیلوول، داستانێکی هێزی دەشتی هەولێر، هاوینی (تەمووز) ٢٠٠٨، ل ٨٣.

[2]. مەلا فاروق، پەیامی ئەیلوول، داستانی شەڕی ڕووبەری مەرگە، ژمارە ٢، زستانی ٢٠٠٨، ل ٧٠.

سەربازییەوە کارێکی بەجێیە و زۆرێك لە سوپا و سەرکردەکان بـۆ بەرزکردنـەوەی ورەی سەرباز و چەکدارەکانیان هانای بۆ دەبەن.

مەبەستی ئێمە لە دەستەواژەی بەجێیە ئەوەیە، کە سەرەڕای ئەوەی پێویستە پەیوەندی نێوان سەرکردە یـان فەرمانـدە و سـەرباز لـە سـەر بناغـەی راسـتگۆیی بێت، لە هەمان کات پێویستە هەمیشە باس لە خاڵە بەهێزەکانی لەشکری خۆی و خاڵـە لاوازەکـانی دوژمـن بکـات. تـا بکرێـت بـەهیچ شـێوەیەك ئامـاژە بـە خاڵـە لاوازەکانی لەشـکری خـۆی نـەکات، بـە پێچەوانـەوە ئەگـەر خـاڵی لاوازی هـەبوو هەوڵبدات چارەسەریان بکات، چونکە ورە بە یەکێك لە کاریگەرترین و بەهێزترین چەك دەژمێردرێت، هەروەك ئەم هاوکێشـەیە کـە دەڵێـت (ورە= چـەك+ ژمـارە)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سەرەڕای چـەك و زۆری ژمـارە، ئەگـەر ورە نـەبێت یان ڕووخا ئەوا ئاسان نییە لەشکر خۆی بگرێت، بە پێچەوانەشەوە زۆر جار چەکی باش و زۆری ژمارەی سەرباز و جەنگاوەر هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ورە.

لە سەردەمی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم  ناوی مستەفا بـارزانی و پێشـمەرگە ببووە مۆتەکەیەك بۆ سوپا و جاشەکان، بۆیـە زۆر جـار یەکـە سـەربازییە باڵاکـانی سـوپا و دەزگـا هەواڵگرییـەکان بـە بروسـکەی شـیفرەکراو، یەکـەکانی تـری سـوپا لەبەرەکانی شەڕ ئاگادار دەکردەوە بەوەی، گوایـە مسـتەفا بـارزانی لـەو ناوچەیـە نـەماوە یـاخود بـە بۆردۆمانێـك برینـدار بـووە یـان کـوژراوە، ئەمـەش تـەنیا بـۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەرباز و چەکدارەکانیان بووە، هەروەك ئەو بروسکەیەی لە ١٩٦٢/١١/١٩ ئاراسـتەی پـۆلیس و بەڕێوەبـەری ناحیـەی بلـێ کـراوە لـە دەڤـەری بارزان، گوایە مەلا مستەفا بارزانی لە نزیك گوندی سـپیندارۆك لـە ناوچـەی زاخـۆ بـەر گـوللە تـۆپ کـەوتووە و بەسـەختی برینـدار بـووە، دوای دوو ڕۆژ مـردووە، هەروەها لە بروسکەکەدا هاتووە، کە ئەم هەواڵە بدەن بـە گـوێی شـێخ ئەحمـەد بارزانی،  لە کاتێك ئەودەم بارزانی لە ناوچەی  لۆلان و چیای ئاڤـدەل بـووە[١]، لـەو ڕووەیەوە ناهەقیان نەبووە، چونکە کاتێـك بـارزانی و هێزەکـەی، جاشـەکانیان لـە لۆلان و دەوروبەری وەدەرناوە، بەو هۆیەوە ترسێکی زۆریان لا دروست بووە، بە

[١]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٨-١٣٩.

تایبەتی کاتێك ناوی هێزەکەی عەبدولڵا پشدەری دەهات، تا وای لێهاتبوو لە بروسکەکانیاندا ئاگاداریان بە یەکتری داوە، گوایە بارزانییەکان کۆمەڵێك چەکداریان لەگەڵە وەك ئەجندە و موڕووی غەیب وان، کاتێك دەزانی لەبەر دەممان قیت دەبنەوە و زەفەرمان پێ دەبەن[1].

تەنیا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکان نەبوونە مۆتەکە و ترس بەسەر سوپا و سەربازانی، بەڵکو کادیرانی بێتەلیش هەمان ترسیان خستبووە دڵیان، چونکە ئەگەر پێشمەرگە ئەرکەکەی بەرگری و شەڕکردن بێت، سوپاش ئەرکی هێرش و پلان دانان بێت بۆ لەناو بردنی شۆڕش و میللەتی کورد، ئەوا کاری بێتەل پوچەڵکردنەوە و لە گۆڕنانی ئەو خەون و پلانانەی دوژمن بووە لە ڕێگەی گوێگرتن لە گفتوگۆکانیان و شیکردنەوەی ئەو بروسکە شیفرەکراوانەی کە پلانەکانیان تێدا دەخستەڕوو، سەرەڕای ناچارکردنیان بە گۆڕینی کلیلی شیفرەکان بە بەردەوامی و بە قورسترین شێوە، بەڵام لەلایەن بێتەلی شۆڕش هەمیشە کلیلی شیفرەکانیان کراوەتەوە، بە تایبەتی لەلایەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، بۆیە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەرباز و کادیری بێتەلەکانیان حکوومەت ناوبراویشیان لە پڕوپاگەندەکانیان بێبەش نەکردووە، بە تایبەتی لە سەرەتای شۆڕش. لە ساڵی ١٩٦٣ کاتێك ناوبراو بە هاوکاری کادیری بێتەل حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان چاودێری بێتەلی فرقەی دووی دوژمنیان کردووە و بروسکەی کراوەیان ناردووە بۆ چەند ئێزگەیەکی تر، لە بروسکەیەکدا هاتووە:" معاون شەوکەت گەڕاوەتەوە لامان ئەوەتا لە تەنیشتمەوەیە " بەڵام لەلایەن ناوبراوەوە وەڵامیان دراوەتەوە و درۆکەیانی پوچەڵکردۆتەوە و بێدەنگی کردوون[2]، هەموو ئەمەش بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانی بووە لە ترسی کاری بێتەلی شۆڕش و کادیرەکانی.

سەرکردەو فەرماندەکانی پێشمەرگەش بە هەمان شێوەی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بروسکە و بێتەلیان بەکارهێناوە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢.

پێشمەرگەکانیان، کە لە ڕووی دەرونزانی و سایکلۆجیای سەربازییەوە کارێکی پێویست بووە، چونکە پێشمەرگەش وەك مرۆڤ پێویستی بە بەرزکردنەوەی ورە هەیە، بە تایبەتی لە کاتی شکست و ڕووبەڕووبوونەوە توند و درێژخایەنەکاندا، لەوانەشە بیروکەی ئەم بروسکانە خۆی لە ئەنجامی گوێگرتن و وەرگرتنی بروسکەکانی دوژمن بێت، کە بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە، بەڵام ئەوەی پێشمەرگە لە دوژمن جیادەکاتەوە ئەوەیە، سەرکردایەتی شۆڕش بە هیچ شێوەیەك ڕێی بەم فەرماندانە نەداوە ئەم ڕێگایە بەکار بهێنن بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە، بەڵکو بە پێویستی زانیوە شتەکان وەك خۆی بگەنە گوێی پێشمەرگە و جەنگاوەرەکان. بەڕای ئێمە مەبەستی ئەوە بووە؟ چونکە دۆزی کورد دۆزێکی ڕاست و ڕەوایە!!! پێویست بە درۆ و هەڵخەلەتاندنی ئەندام و جەنگاوەرانی ناکات، لە هەمان کات یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مستەفا بارزانی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی بووە، بە پێچەوانەی سەرکردە و فەرماندەکانی ڕژێم، کە بۆ توندکردنی پێگەو پایەی خۆیان و بەرزکردنەوەی ورەی چەکدار و سەربازەکانیان، هانایان بۆ ئەم کارە بردووە، تا ئێستاش لە زۆربەی ئەم وڵاتانە ئەم ڕێگایە پەیڕەو دەکەن، بگرە لە ڕاگەیاندنەکانیشیاندا زۆر جار گوێبیستی ئەمە دەبین. مستەفا بارزانی لە سەر ئەم کارەی فەرماندە و سەرکردە سەربازییەکانی شۆڕش ڕێوشوێنی توندی گرتووتەبەر و سەرزەنشتی ئەم کارانەی کردووە و زۆر جار سزای بکەرەکەشی داوە.

لە ١٩٦٥/٦/٢١ فەرماندەی یەکێك لە بەتالیۆنەکانی هێزی پێشمەرگە لە بروسکەیەکی کراوەدا (بێ شیفرە) نووسیویەتی: فڕۆکەیەکمان خستۆتە خوارەوە و فڕۆکەوانەکەش بەدیل گیراوە، بەڵام کاتێك لە سەر فەرمانی مستەفا بارزانی بە بروسکە داوا لە فەرماندەی بەتالیۆنەکە کراوە، هەندێك لە پارچەکانی فڕۆکە تێکشکاوەکە لەگەڵ فڕۆکەوانەکە بنێردرێت بۆ بارەگای بارزانی، لە وەڵامدا دەردەکەوێت گوایە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەکان ئەم بروسکەیەی بڵاوکردۆتەوە، لەبەرامبەر ئەم کارەدا بارزانی بە توندی سزای ئەم فەرماندەیەی

داوە[1]. پاراستنی نهێنی و کەم دوویی یەکێکە لە تایبەتمەندییە باشەکانی فەرماندە، بۆیە مەرج نییە فەرماندە هەرچی دەزانێت بە پێشمەرگە و جەنگاوەرەکانی بڵێت بۆ ئەوەی نیشان بدات، کە ڕاستگۆیە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بەڵکو پێویستە ئەو شتە بە هێزەکەی بدات، کە پێویستە بزانن نەك زیاتر!! وەك پرەنسیپی (Need To Know)، واتە هەر کەسێك بە گوێرەی بەرپرسیارێتیەکەی پێویستە زانیاری و شتەکان بزانێت نەك زیاتر، چونکە زۆر جار زانینی زانیارییەك دەبێتە هۆی ڕووخانی ورەی سوپا یان لەشکر، بۆیە سەرکردە و فەرماندەکانی پێشمەرگەش لەم هەڵەیە بێبەش نەبوونە، زۆر جار زانیارییەك چ بە زارەکی چ لە ڕێگەی بێتەلەوە بە بروسکە بڵاویان کردۆتەوە کە پێویست نەبووە بەو شێوەیە بڵاو بکرێتەوە بە تایبەتی لە ڕێگەی بێتەلەوە، کە زۆربەی هێزەکان گوێ بیستی بوونە و بووەتە هۆی دابەزینی ورەی پێشمەرگەکان و لەشکری کوردستان.

لە چارەگی کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ عەقید نوری مەلا مارف کە سەرۆك ئەرکانی سوپای شۆڕشگێری کوردستان بووە، بروسکەیەك دەکات بۆ هێزەکانی سەر بە شۆڕش (س. ش. ك) واتە سوپای شۆڕشگێری کوردستان، کە چاودێری و ئاگاداری خۆیان بن، چونکە لەوانەیە دوژمن گازی ژەهراوی بەکاربهێنێت پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ، ئەم بروسکەیە مستەفا بارزانی زۆر نائارام دەکات، چونکە بەڕای ئەو نابێت هەواڵی لەم جۆرە بڵاوبکرێتەوە و ورەی خەڵك و پێشمەرگە بڕۆخێندرێت، لە کاتێکدا هێشتا دانوستاندن بەردەوامە و شەڕ هەڵنەگیرساوە، لە هەمان کات هیچ بەڵگەیەك نییە ئەمە بسەلمێنێت، کە دوژمن پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە گازە دەبات[2]، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بارزانی چۆن خوێندنەوەی بۆ هەموو شتێك هەبوو بە تایبەتی ورە، چونکە ورە خۆراکی گشت جەنگاوەر و هێزێکە، لە هەمان کات پێویستە ئەوەش بڵێین دەکرا بروسکەی سەرۆك ئەرکانی سوپای شۆڕشگێری کوردستان بە نهێنی و بەشێوەیەکی شیفرەکراو بایە بۆ فەرماندەکانی پێشمەرگە و پێی ڕاگەیاندبان، کە ڕێوشوێنی تایبەت بەم بارودۆخە

---

[1]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ٢١٥.

وەربگـرن ئەگـەر دوژمـن هەڵەیـەکی لـەم شـێوەیەی کـرد، بـێ ئـەوەی گشـت پێشـمەرگەکان بـزانن، بـەڵام پێویسـتە ئـەو ڕاسـتیەش بڵێـین لـەوانەیـە نـاردنی بروسکەیەکی لەو جۆرە تەنیا مەبەستی گەیشتنێتی بۆ شوێنی پێویست بۆ ئـەوەی ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر پێش ئەوەی دوژمـن گورزەکـەی بوەشـێنێت، کـە لەوانەیــە لەلایــەك خــەمخۆری ناوبراوبێــت بــۆ ڕۆڵــەکانی نەتەوەکــەی بــۆ دەربازکردنیان لە کارەساتێکی نەخوازراو، لەلایەکی تر بیری بۆ لایەنە نێگـەتیڤ و دەروونییەکەی ئەم بروسکەیە نەچووبێت.

## بروسکە لەبەرژەوەندی خەڵك

شۆڕش لە زاراوە نێودەوڵەتیەکان بریتییە لە یەکێك لە کـارە تونـدوتیژەکان کـە وێنەی خەباتێکی چەکداری لەبەرخۆی دەکات یان وەردەگرێت، لایـەنێکی نـاڕازی گـەل پێـی هەڵدەسـتێت دژی ڕژێـم و یاسـاو دەسـەڵاتەکەی، هـەرچی لـە ڕووی یاسایشەوەیە، ئەوا بریتییە لـە سـازانێك لـە نێـوان کودەتـا و هانـدان و یـاخیبوون لەلایەك و شەڕی ناوخۆ لەلایەکی تر[1]، یان "بریتییە لە مانای گۆڕان لە حالەتێکەوە بۆ حالەتێکی تر"[2]. بۆیە ئەگەر شرۆڤەیەك لە سەر ئەم پێناسانەی سەرەوە بکـەین، بۆمــان دەردەکــەوێت، کــە هۆکــاری ســەرهەڵدانی شــۆڕش دەگەڕێتــەوە بــۆ نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێم و دارودەستەکەی و قەبوڵ نەکردنی لەلایەن بەشێکی چەوساوەی گەل، کە لە ئەنجامدا دەست دەبردرێت بۆ خەباتی مـەدەنی و چەکداری تا ناچارکردنی دەسەڵات بە دەستکردن بە چاکسازی یـان لـە کۆتاییـدا ڕووخان و گۆڕینی ڕژێم، نموونەی لەم جۆرە زۆرن لە مێـژووی سیاسـی گـەلان لـە کۆنەوە تا ئێستا. میللەتی کورد یەکێکـە لـەو نەتەوانـەی، کـە بـە درێژایـی مێـژوو هەمیشـە هـەوڵی سـڕینەوە و لـەناوبردنی دراوە، ڕووبـەڕووی چەنـدین حالـەتی

---

[1]. احمـد عطيـة الله، القـاموس السياسـى، الطبعـة الثالثـة، (دار النهضـة العربيـة- مصرـ- القاهرة- ١٩٦٨)، ص ٣٥٤.

[2]. ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زانستی سیاسی، چاپی دووەم، ( سنە کتێبـی نیشـتمان - ئیران - ٢٠١٥)، ل ٢٠٣.

قڕکردن و پاکتاوی نەژادی (جێنوساید genocide) بووە، بۆیە هەمیشە پەنای بردووەتە بەر ڕاپەڕین و شۆڕش، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە تەمەنێکی ئەوتۆیان نەبردووە جا بە هەر هۆکارێك بێت. کوردی باشوور، کە بە کوردی عێراق بەناوبانگە لە ڕووی سەرهەڵدان و شۆڕشدا پشکی شێری بەرکەوتووە، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەم ڕووەوە. شۆڕشی ئەیلوول نموونەیەکی زیندووی ئەم شۆڕشانەن، کە لە دژی چەوساندنەوە و لەناوبردن بەرامبەر بە ڕژێمە دڕندە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەرپا بووە، بەڵام پێویستە دان بە هەندێك ڕاستی و هەڵەشدا بنێین، کە بێ ئاگاداری سەرکردایەتی شۆڕش ڕوویانداوە، هەرچەندە کەلتوری کوردەواری کەلتورێکی جوان و لێبووردەیە، بەڵام لە بیریش نەکەین هەمیشە کەسانی خراپ و بەرژەوەندی خوازیش هەبوون، کە سودیان لە پایە و دەسەڵات وەرگرتووە، سرووشتی مرۆڤیش وایە ئەگەر کۆنترۆڵی خۆی نەکات و بەسەر هەستەکانیدا زاڵ نەبێت، دوای وەرگرتنی پایە و دەسەڵات و سەرمایە بەرەو گۆڕانکاری و کەسایەتیەکی ناپەسەند لای چینی گشتی دەچێت، تەنیا کەسانێکی کەم نەبن وەك خۆیان دەمێننەوە. لە سەردەمی شۆڕش بە تایبەتی دوای ئەوەی شۆڕش پەلی کێشا بۆ زۆربەی ناوچەکان، خەڵکێکی زۆر پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردوە، لە شار و شارۆچکە ئازادکراوەکان، بەڕێوەبردن لە دەست شۆڕش بووە، بۆیە شتێکی ئاساییە خەڵك دەست بە کار و کاسبی و بازرگانی بکات، بە تایبەتی کاتێك لە ناوچەیەکی سنووری بێت، لە هەمان کات هەندێك بەرهەمی ئەو ناوچانەش پێویست بوو بکەوێتە بازاڕەکانی عێراق لە خوارو و ناوەڕاست و شارە گەورەکانی کوردستان بۆ ساغکردنەوەی. بۆ ئەم مەبەستەش، بە تایبەتی بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و دانانی باج و ڕسومات شۆڕش گومرگی لە سەر هەندێك کاڵا داناوە بۆ دابینکردنی بەشێك لە بژێوی شۆڕش، بە مەرجێك کار نەکاتە سەر هاووڵاتیان و نەبێتە بارگرانی لە سەر شانیان، کە پێشتر ژیانی پێشمەرگە لە سەر شانی ئەم گوندنشینانە بووە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم کارەش شۆڕش چەند بنکە و خاڵێکی گومرگی داناوە بۆ وەرگرتنی ئەم باجانە. لە ساڵی ١٩٦٤ دوای بەرفراوانبوونی شۆڕش و دەست بەکاربوونی کاری گومرگی بۆ وەرگرتنی باج و ڕسومات، خەڵکانێکی ئاست نزم لە بازگەو خاڵەکانی گومرگ

باجێکی زیاتر لەوەی دیاریکراوە لە خەڵکیان وەرگرتووە بۆ گیرفانی خۆیان، ئەمەش خەڵکی هەراسان کردووە، دوای ئەوەی خەڵکانێك گەیشتونەتە لای مستەفا بارزانی و سکاڵایان کردووە، بارزانی بەمە زۆر دڵگران بووە، بۆیە بروسکەیەك دەنێرێت بۆ گشت بارەگا و بنکەکانی حیزب و شۆڕش، کە تێیدا هاتووە: "لە ئەمڕۆ بەدواوە گومرگ و باج و هیچ جۆرە ڕسوماتێکی گومرگی لە هاووڵاتیان ناسەندرێت، تەنیا لە بارە توتن باج وەردەگرن، کاتێك کە دڵنیان دەبن دەچێتە ناو شارەکانەوە بۆ فەحسکردن و فرۆشتن، بۆ ئەم مەبەستەش ئامۆژگاریتان پێدەگات"[1]، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەمیشە خەڵکانێك هەن لە کاتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان دا سود لە دەرفەتەکان وەردەگرن بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان، لەوانەشە ئەم جۆرە کەس و کردەوانە خۆی داروەدەستە و کردەوەکانی دوژمن بێت بۆ لەکەدارکردنی پیرۆزی شۆڕش و دەستکەوتەکانی. لێرەدا بە هەمان شێوەی چالاکی بەرەکانی شەڕ بێتەل ڕۆڵی خۆی بینیوە بۆ ناردنی بروسکەی تایبەت بە کێشەکانی خەڵك.

لە ساڵی ١٩٧٠ کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لیژنەیەك پێکدەهێنێت لە هەریەکە لە عەبدوڵا ئاغای پشدەری، عەلی شنگالی، حەسۆ میرخان دۆلەمەری و پارێزگاری هەولێر، بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك لە نێوان هەردوو عەشیرەتی هەرکی و گۆران لە ئاکرێ، پاش گەیشتنی لیژنەکە بۆ شوێنی مەبەست تەنیا حەسۆ میرخان دۆلەمەری، کە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەبووە لە سنووری ئاکرێ و شێخان ئامادە نەبووە، بۆ پەیوەندی کردنیش بە ناوبرا بۆ ئامادەبوون تەلەفۆن نەبووە پێویست بوو لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی پێوەبکرێت، بەڵام لیژنەکەش بێتەلیان لەگەڵ نەبووە، بنکەی پۆلیسیش ناتوانێت هێڵی شۆڕش ببڕێت و پەیوەندی پێوەبکات بۆیە عەبدوڵا ئاغای پشدەری داوای لە پارێزگار کردووە ئەگەر ڕێگە بدەن ئەوا کەسێکیان لەگەڵە شارەزای بەکارهێنانی بێتەلە، دەتوانێت پەیوەندی بە بێتەلی ناوبراو بکات بۆ ئاگادارکردنەوە لە هاتنی، پارێزگاریش ڕەزامەندی پیشان داوە و عەبدوڵا مەلا زادە کە لەو سەردەمی بێتەلی شۆڕش بووە، بەڵام بە سیفەتی

[1]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

شـوفێر لەگـەڵ لیژنەکـە چووبـووە ئـاکرێ توانیویـەتی بـە ڕێگـا تایبەتییەکـەی، پەیوەنـدی بـە بێتـەلی نـاوبراو بکـات و ئاگاداربکاتـەوە لـە هـاتنی لێژنەکـە و ئامادەبوونی لە شوێنەکە[1]، بۆیـە ڕۆڵـی موخـابەرە یـان بێتـەل بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی هاووڵاتیان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو بووە لە شۆڕشی ئەیلوول.

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی چوارەم

## شیفرە و شیفرەکاری (جفرة)

ئەگەر ئاوڕێك لە ژیان و زانستی سەربازی بدەینەوە، کە مەبەستمان لە ژیانی سەربازی، کار و پیشەی چەکدارییە، جا بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بێت بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکان، یاخود بەشێوەی هەڕەمەکی هەر وەك چۆن لە سەرەتای شۆڕشەکان بەدی دەکرێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە کاری نهێنی و ئاسایش چەندە گرنگە، پەیوەست بوون پێیەوە و جێبەجێکردنی لە سەرکەوتن نزیکمان دەکاتەوە. واتە هەرچی زۆرتر پابەندی ڕێنمایی و هەنگاوە نهێنییەکان بین ئەوەندە لە سەرکەوتن نزیك دەبینەوە، بە پێچەوانەوە هەرچەندە گرنگی پێ نەدەین و پشتگوێی بخەین گرینگ نییە کە چەند بە هێز و زیرەکیش بیت، لە کۆتاییدا لەوانەیە هەموو ڕەنج و ماندوبوونەکەت بە بادا بڕوات.

یەکێك لە پرەنسیپەکانی شەڕ ئاسایشە، لە وانەیە خەڵکێك بپرسیت ئاسایش و نهێنی دوو وشەی لێك جیاوازن، هەریەکە بۆ مەبەستێك بەکاردێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایە نین، چونکە ئاسایش هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە پێویستە بۆ خۆپاراستن بگرینە بەر وەك (نهێنی، خۆپاراستن، خۆشاردنەوە، فێل....هتد ). بۆ

ئەوەی لە بابەتەکەمان دوورنەکەوینەوە و بچینە ناو ناوەڕۆك و کڕۆکی بابەتەکە، دەگەڕێینەوە سەر مانای وشەی شیفرە یان ناوی شیفرە یاخود جفرە. بەکارهێنانی وشە و ناوی شیفرەکراو یەکێکە لە گرنگترین ڕێکارە نهێنی و ئەمنییەکان، بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕێکارانە زۆر زەحمەتە لەلایەن دوژمنەوە تۆڕەکانی پەیوەندیکردن ببڕدرێن، بە مەرجێك هەمیشە بگۆڕدرێن و ئەپدێیت (Update) بکرێنەوە.

## شیفرە (جفرە code) چییە؟

شیفرە بریتییە لەو زمانە تایبەتەی گفتوگۆ، کە بەکاردێت لە بواری پەیوەندیکردنی سەربازی لە نێوان کارمەندانی بێتەل بە کار دێت بۆ سەر لێشێواندنی دوژمن لە کاتی گوێگرتن لە پەیوەندیەکان یان وەرگرتن و بەدەستهێنانی بروسکەی لایەنی بەرامبەر. شیفرە نەك تەنیا لە بواری موخابەرە بەکاردێت، بەڵکو لە زۆربەی پلان و نەخشەی سەربازی، وشەی شیفرەکراو یاخود ناوی شیفرەکراو بەکاردەهێنرێت بۆ کار و بەرنامەکان، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەلایەن دوژمنەوە ئاشکرا نەبێت.

پێش ئەوەی بچینە سەر کرۆکی بابەتەکەمان بە پێویستی دەزانم پێناسەیەکی کورتی وشەی شیفرەکراو و ناوی شیفرەکراو بکەم.

١. وشەی شیفرەکراو (الکلمات الجفریة): تەنیا وشەیەکە بەکاردێت بۆ کاری نهێنی بە مەبەستی دەلالەت کردن لە کێشەیەك یاخود کارێکی پۆلێنکراوی دیاریکراو، لە ناوەکەیدا دیارە، کە بۆ مەبەستی ئاسایش بەکاردێت، ئەم وشانە بەکاردێن بۆ ناونانی پلانێك یان پڕۆژەیەك یاخود ئۆپەراسیۆنێك یان جوڵەیەکی سەربازی، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی دیاری دەکرێن، کە پێویستە زۆر نهێنی بن، پێویستە ئەم وشانە دووربن لە بەکارهێنانیان لە شوێنێك، کە نێزیکە لە ناوی ئەو شوێنەی کارەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، وەك وشەی (سارد

بۆ ناوچەیەکی چیایی) لە وانەیە دوژمن زوو درکی پێبکات[1].

٢. ناوی شیفرەکراو: پێکدێت لە وشەی جیاواز یاخود لێکدابڕاو، بەکاردێت بۆ:

أ. دەربڕینێکی ئاسان، کە پێویست بە نهێنییەکی ئەوتۆ نەکات.

ب. پێویستی بە پلەیەکی نهێنی کەم هەبێت بە تایبەتی بۆ شوێنە جوگرافیەکان (المواقع الجغرافية).

پێویستە لەم جۆرەدا بە هیچ شێوەیەك ڕەنگەکان بەکارنەهێنرێن، چونکە ڕەنگ هێمای یەدەگە، بە هەمان شێوە نابێت دوو وشە، کە لە سەر یەك دەنگ (الوزن) بن بەکاربهێنرێن، چونکە لە کاتی ناردن یاخود گوێگرتن لە لایەنی بەرامبەر، لەوانەیە بەیەك وشە بە شێوەی دووبارەکردنەوە هەژماربکرێت یان بخوێنێتەوە[2]. سەبارەت بە ناوە شیفرەکراوەکان لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە، حکوومەت و سوپای عێراق درکیان پێکردووە و هەوڵی شیکردنەوەیان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە، هەروەك لە یەکێك لە بەڵگەکانی فرقەی دووی سوپا هاتووە، دەڵێت: "(العصاة) واتە پێشمەرگە لە بروسکە و نامەکانیاندا ناوی شیفرەکراویان بەکارهێناوە، بۆ دیارکردنی شوێنی ئێزگە و بارەگا جۆراوجۆرەکانی سەرکردایەتیان[3].

شیفرە یاخود جفرە لە پیت و ژمارە پێکدێت، ئەم شیفرانە ماوە ماوە دەگۆردرێن جا ڕۆژانە بێت یان حەفتانە یاخود مانگانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرج و بەهێزی شیفرەکان. بۆ هەر شیفرەیێك کلیلێك هەیە یاخود ڕوونتری بکەینەوە بۆ هەر پیتێك یان ژمارەیێك وشەیەك هەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی کلیلی ئەم پیت و ژمارانە ئەوا دەستەواژەیەك یان ڕستەیەکمان دەست دەکەوێت،

---

[1]. الفريق الاول الركن عبدالجبار خليل شنشل، رئيس أركان الجيش، كراسة واجبات الاركان الرقم ١٦٧، (بغداد- وزارة الدفاع- أب ١٩٨٢)، ص ص ٢٩٣-٢٩٤.

[2]. الفريق الاول الركن عبدالجبار خليل شنشل، رئيس أركان الجيش، مصدر سابق، ص ص ٢٩٣، ٢٩٥.

[3]. الدكتور بندر علي اكبر شاكه و اسعد جباری، ملحوظات عامة و دروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤، اعداد مديرية التدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية، (السليمانية، اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، ٢٠١٢)، ص ١٦.

کە بۆ ئەم مەبەستەیان ناردووە. کاری شیفرەسازی و دروستکردنی کلیلی شیفرە و شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکان ئەوەندە ئاسان نییە کە هەر کەسێک بتوانیت دروستیان بکات، بەڵکو کەسانی زیرەك و شارەزا و دڵسۆز و جێگای متمانەی دەوێت، کلیلی شیفرەکان پێویستە لای ئەفسەری پلە باڵا و تایبەت بێت. لە ناو گشت سوپایەك ڕشتە (صنف)ی موخابەرە هەیە، کە پێویستە هەر ئەفسەر و پلەدارێك دوای تەواوکردنی مەشقی سەربازی بنەڕەتی یان دوای دەرچوونی لە یەکێك لە کۆلێژ و قوتابخانە و بنکەی مەشقی سەربازی دوای دەرچوونی ناویان لەم ڕشتەیە، سەرەتا بۆ ماوەی شەش مانگ پێویستە بەشداری لە خولی ڕشتەکە (دور الصنف)بکات لە سەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی بێتەل، لە ڕووی ناردن و وەرگرتنی بروسکە، چ بە کراوەیی یان بەشێوەی شیفرەکراوی، شیکردنەوە و دانانی کلیلی شیفرەکان، کە زیاتر ئەمە پیشە و کاری ئەفسەرەکانە. بۆ هەر یەکەیەکی سەربازی لە بەتالیۆن (فوج) بەسەرەوە پێویستە یەکەیەکی موخابەرە هەبێت بەسەرپەرشتی ئەفسەرێکی تایبەت بەم بوارە یان چەند ئەفسەرێك، ئەمەش بە گوێرەی گەورەیی یەکەکە دەگۆڕدرێت، واتە ئەگەر لە بەتالیۆن پەلی موخابەرە (فصیل المخابرة) هەبێت ئەوا لە هێز (لواء) لقی موخابەرە (سریة المخابرة) هەیە و لە لەشکر (فرقە) کەتیبەی موخابەرە (کتیبة المخابرة) هەیە. پێویستە لە یادمان نەچێت، لە کاتی گۆڕینی شیفرەکان پێویستە هەموو کادیرانی بێتەل بە تایبەتی ئەفسەران لەم گۆڕانکاریانە ئاگاداربن.

شیفرە یان جفرە لە پیت و ژمارە پیکدێت، وڵاتان لە کاتی ئاشتی و شەڕدا بۆ ناردنی نامە و بروسکە لە نێوان هێزەکان و یەکەکانیاندا بەکاری دێنن بۆ ئەوەی لە کاتی دەستبەسەردا گرتنیاندا لەلایەن دوژمن یان لە ناوخۆدا ئاشکرا نەبن، شیفرە هەیە هەموو ڕۆژ دەگۆڕدرێت، ئەمەش لەوپەڕی ئەمنی و نهێنییە، یاخود حەفتانە یان مانگانە یان بە پێی هەلومەرجی ئەو سوپایەی بەکاری دێنێت بە تایبەتی لە کاتی شەڕدا[1]. هەر شیفرەیێك کلیلی کردنەوەی خۆی هەیە، لەلای ئەفسەری پلە باڵای تایبەتەوە، کە پێویستە نهێنی پارێز و لێزان و شارەزا بێت،

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

وەک نموونانەی خوارەوە[1]:

- **نموونەی ١**

**پیت و ژمارەی عەرەبی/**

**أ، ب، ت، ث، ج، ح، خ،..... هتد**

**٤ ٩ ل ص ٧٠ ٣٥ ٩٠ بەمجۆرە**

- **نموونەی ٢**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ارسلنا** | **لكم** | **المواد** | **المطلوبة** | **ببرقيتكم** |
| **٦٨ ذ ر** | **ك ٧٥ش** | **٢٢١٩** | **٥ ل ٦١** | **١ س ٧٨** |

**واتە: بە پێی بروسکەکەتان کەلوپەلی داواتان کردوون بۆمان ناردوون**

لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول چەندین کەسی بەتوانا و شارەزا لە بواری دانانی شیفرە بۆ موخابەرەی شۆڕش و شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکانی دوژمن وەك ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی موخابەرە و بێتەلی شۆڕش درەوشانەتەوە، کە زۆرجار وای لە دوژمن کردووە بیر لە کوشتنیان یاخود هەڵخەڵەتاندنیان بکاتەوە بەرامبەر بە پارە و بەخشینی باشترین و خۆشترین ژیان و پلە و پایە، بەڵام دڵسۆزی و وەفایان بۆ گەل و شۆڕش، نەچۆنەتە بن باڵی ئەم داواکارییەی دوژمن و ژیانی سەختی شاخیان هەڵبژاردووە. یەکێك لەو ناوە پڕ گەش و بریقەدارانە ئەوانیش هەریەکە لە:

١. معاون (ملازم) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن.
٢. مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ.
٣. فەرەیدون حسێن ئەفەندی.

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١٠٩-١١٠.

کاتێك ناوی شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن دێنین، یەکسەر بیرۆکەی دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیکردنی شۆڕش (موخابەرەی شۆڕش)مان دێتەوە یاد. هەرچەندە ڕشتەی ناوبراو بێتەل یاخود موخابەرە نییە، بەڵام یەکێك لە وانەکانی خوێندن لە کۆلێژەکانی سەربازی و پۆلیس وانەی موخابەرەیە (المخابرة) لە سەر چۆنییەتی بەکارهێنان و شیکردنەوەی شیفرەکان بە بەکارهێنانی کلیلەکان یاخود تابلۆی گفتوگۆی کارمەندی بێتەل (لوحة محادثات العامل). بۆیە پێویستە لامان سەیر نەبێت، کە گشت ئەفسەرێکی سەربازی و پۆلیس، کەم و زۆر زانیاریان لە سەر بەکارهێنانی ئامێرەکانی بێتەل هەیە. هەر ئەمەشە وای لە ئێمە کردووە معاون شەوکەت مەلا ئیسماعیل وەك نموونە بهێنینەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی بە دامەزرێنەری بێتەلی شۆڕش دادەنرێت، لە هەمان کات یەکەم کەسیش بووە بروسکەی شیفرەکراوی دوژمنی شیکردۆتەوە و کلیلی بۆ شیفرەکان دۆزیوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی تایبەت بەم کارەی لەبەردەستدا بێت یان لە لایەن حکوومەتەوە بەدەستی کەوتبێت، پاش دامەزراندنی یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆك لە ١٩٦١/١٢/٢١ لە بارەگای بارزانی بە هاوکاری کادیری بێتەل مستەفا حسێن ئامێدی، لە شەوی ١٩٦١/١٢/٢٨ لە گوندی قارقارئاڤا لە ناوچەی بەرواری باڵا، یەکەم بروسکەی شیفرەکراوی شیکردۆتەوە و کلیلی شیفرەکانی دۆزیوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی لەبەردەستدا بێت، ناوەڕۆکی بروسکەکە دوای شیکردنەوە بریتی بووە لە داوای سوپا بۆ بۆردۆمانکردنی ژمارەیەك گوند، کە لە نێوانیاندا گوندی قارقارئاڤاش هەبووە، پاش گەیاندنی بروسکەکە بە مستەفا بارزانی، دەستبەجێ گوندەکان ئاگادارکراونەتەوە و چۆڵکراون بۆ بەیانی بۆردۆمانکراون. دوای ناونانی بێتەلی شۆڕش بەناوی ئاراس، کە خۆی سەرپەرشتی دەکرد، لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکیشەوە بە شەو و ڕۆژ لە سەر بێتەلەکە کاریان دەکرد وەك حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان و مەلا سلێمان، بروسکە شیفرەکراوەکانیان وەردەگرت و لەلایەن ناوبراوەوە دەستبەجێ شیدەکرانەوە و دەخرانە بەردەم مستەفا بارزانی، بەگوێرەی یاساو ڕێساکانی سەربازی، گشت ئەم بروسکانە ناوەڕۆکەکانیان بریتی بووە لە پلانەکانی دوژمن بۆ هێرشکردن، بۆردۆمانکردن، تۆپبارانکردن و ئاکامی شەڕەکان، هەروەها لە سەر جموجۆڵ و شوێن و بارەگا و

بنکەی پێشمەرگە و بارەگای بارزانی[١]. هەر لە سەر هەمان بابەت یۆنان هورمز لە سەر شەوکەت مەلا ئیسماعیل و دەزگای موخابەرە و چۆنییەتی شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکان دەڵێت: دەزگای موخابەرە لەلایەن گەنجێك بە ناوی نەقیب شەوکەت ئیسماعیل بەڕێوە دەبردرا، کە لە پسپۆڕیدا گەیشتبووە ڕادەیەك، هەموو شیفرەکانی دەزگای بێتەلی سوپای بە هەموو جۆرەکانییەوە شیدەکردەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو شیفرانە بەپێی ماوەی دیاریکراو دەگۆڕدران، ئەمەش حکوومەتی دەخستە تەنگاوترین هەڵوێستەوە[٢]. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە دوای ئاشکرابوونی ئەوەی پێشمەرگە ئامێری بێتەل بەکاردێنێت بۆ گوێگرتن (التنصت) لە بروسکەکانی میری، بۆیە حکوومەت بروسکەکانی لە کراوەیی گۆڕیوە بۆ شیفرە، ڕۆژانەش ئەم شیفرانە دەگۆڕدران بۆ شیفرەی قورس و قورستر، بەڵام هەمیشە لەلایەن شارەزای بێتەلی بەتوانا شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن شیدەکرانەوە، کاتێك یەکێك لە بێتەلەکان کە دیل کرابوو دوای گرتنی مەخفەرەی ڕایات بەناوی سەلیم ڕەسوڵ، دواتر لە سەر بێتەلی ئاراس دادەمەزرێنرێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم لە کارکردن شەو دەستی بە گریان کردووە بە بیانوی ئەوەی بیری کەسوکاری دەکات و دەیەوێت بگەڕێتەوە، ناچار ڕێگەی پێدەدرێت، بەڵام لە کاتی لێپرسینەوە لەگەڵیدا، بە حکوومەت دەڵێت کادیری بێتەلەکەی بارزانی ڕۆژانە دەیان بروسکەی شیفرەکراو شیدەکاتەوە سەرەڕای قورسی، بۆیە حکوومەت شیفرەکان زۆر قورستر دەکات[٣]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل سەرەڕای ئەوەی بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی موخابەرەی شۆڕش دادەنرێت، زیاتر کاری شیکردنەوەی بروسکەی شیفرەکراو بووە نەك کاری بێتەل[٤]. هەر سەبارەت بە شیفرەسازی و شیکردنەوەی شیفرەکان، جەمال ڕەشید ناوێکی ترە لە دونیای شیفرەدا، شارەزاییەکی زۆری هەبووە لەم بوارەدا، هەندێك کەس بە زیرەکتر لە شەوکەت مەلا ئیسماعیل دادەنێن لە بواری شیکردنەوەی شیفرە، ناوبراو

---

[١]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٢ - ٤٣

[٢]. یۆنان هورمز، بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

[٣]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

[٤]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

سەردەمانێك خۆی سەرپەرشتیاری موخابەرەی گشتی بووە[1]. زیرەكی شەوكەت مەلا ئیسماعیل لە شیكردنەوە و دۆزینەوەی كلیلی شیفرەكان جێگای گومان بووە لەلای ڕژێم، هەمیشە گومانیان لەوەدەكرد كە كەسانێكی خائین و سیخوڕ لە ڕیزەكانی سوپا و پۆلیس هەن، كلیلی شیفرەكان دەدەن بە شۆڕش، سەبارەت بەمە شەوكەت مەلا ئیسماعیل، كە سەردەمانێك نوێنەری مستەفا بارزانی بووە لە موسڵ، ڕۆژێك بۆ چارەسەركردنی هەندێ كێشەی گوندەكان لە دەوروبەری موسڵ سەردانی فرقەی ٤ی كردووە، یاریدەدەری فەرماندەی فرقە پێی وتووە هەرگیز لەو بڕوایەدا نین ئێوە بتوانن شیفرەكانمان شیبكەنەوە، بەڵكو كەسانی خائین هەن كلیلەكانتان پێ دەفرۆشن، ناوبراویش داوای لێكردوون بروسكەیەكی شیفرەكراوی بۆ بهێنن تا لە پێش چاوی ئەوان شیبكاتەوە، دوای هێنانی بروسكە و شیكردنەوەی، ئەفسەرەكە سەری سوڕماوە یەكسەر بروسكەكەی بردووتە لای عەبدولجەبار شنشل كە فەرماندەی فرقە بووە، ئەمیش داوای لێكردووە، كە لای ئەوان كاربكات بەرامبەر بە پلە و پایەی باش، بەڵام ناوبراو ڕازی نەبووە[2]. زیرەكی و شارەزایی كادیرانی بێتەل وای لە حكوومەتەكانی ئێران و عێراق كردووە بە بەردەوامی داوایان لێبكرێت بەرامبەر بە هەرچی بیانەوێت بۆ ئەوان كار بكەن، بەڵام دڵسۆزیان بۆ خاك و وڵات قەبوڵیان نەكردوە. كاتێك شەوكەت مەلا ئیسماعیل بەنوێنەرایەتی مستەفا بارزانی بۆ ڕاپەراندنی كاروباری خەڵك دەچێتە بەغدا، لەلایەن كاربەدەستانی حكوومەت داوای لێدەكرێت نەگەڕێتەوە ناو شۆڕش، لەبەرامبەردا هەرچی كارێكی بوێت دەیدەنێ، كاتێكیش دڵنیان دەبێت ناتوانێت بگەڕێتەوە، بە مەرجێك ڕهوانەی دەرەوەی وڵات بكرێت بە داواكەیان ڕازی دەبێت، تا بتوانێت لەوێوە دووبارە بگەڕێتەوە نێو شۆڕش، لە هەمان كات مستەفا بارزانی لەم مەبەستەی دوژمن ئاگادار دەكاتەوە، كە بەكارهێنانێتی بۆ شیكردنەوەی بروسكەو دۆزینەوەی كلیلی شیفرەكانی شۆڕش و دابڕانێتی لە شۆڕش، بە ناردنی بۆ وڵاتی یۆنان و دامەزراندنی وەك (معاون ملاحظ) لە

---

[1]. هەمان سەرچاوە.

[2]. شەوكەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٦.

باڵیۆزخانەی عێراق هەر وایان کرد، لەو ماوەیەدا بۆ شیکردنەوە ژمارەیـەکی زۆری بروسـکەی شۆڕشـیان بـۆ هێنـاوە، بـەڵام خۆشـبەختانە توانیویـەتی گشـت ئـەم بروسـکانە لـە ناوببـات و بـەهاوکاری دۆسـتانی مسـتەفا بـارزانی، بـە نهێنـی بگوازرێتەوە بۆ تاران و لەوێشەوە بۆ ناو شۆڕش لە سـنووری حـاجی ئۆمـەران، لـە هەمان کات لەلایەن بـاڵیۆزی ئێرانیشـەوە داوای لێکـراوە لـە ئێـران بمێنێتـەوە لـە دەزگاکانی ئەوان کار بکات، بەڵام ناوبراو ڕازی نەبووە[1].

هەرچی (مامۆستا ئیسماعیل سـەرهەنگ)ە نـاوێکی تـری درەوشـاوەی بـواری بێتەل و پەیوەندی کردنە لە مێژووی موخابەرەی شۆڕشـی کـورد، شـوێن پەنجـە و کاری لەم بوارەدا بە تایبەتی لە بواری شیکردنەوەی شـیفرە و شیفرەسـازی دیـار و بەرچاوە. شـارەزایی و زیرەکـی مامۆسـتا ئیسـماعیل سـەرهەنگ لـە شـیکردنەوەی بروسکە شـیفرەکراوەکان بێئـەوەی کلیلـی شـیفرەکانی لـە لابێـت، لـە کاتێکـدا بـە بەردەوامی دەگۆڕدران بووەتە جێگای تێبینی و سـەرنجـی ئەفسـەرە پلـە باڵاکـانی ئێران[2]. لە ١٩٦٢/١٢/٢١ یەکەم شیفرەی کوردی لەلایەن شەوکەت مـەلا ئیسـماعیل و مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ دروست کراوە لە نێوان بێتـەلی ئـاراس و بێتـەلی پیرمام کە ئیسماعیل سەرهەنگ خۆی بەڕێوەی بردووە[3].

کورد مللەتێکی ژیر و مێشك کراوەن، دەتوانن شوێن پەنجەی خۆیـان لەهـەر شوێن و بوارێکدا بە دیار بخەن. ئەگەر بمانەوێت ڕاسـتی ئـەم بۆچوونـەش بـزانین ئەوا گەڕانەوە بۆ مێژوو و خوێندنەوەی مێژووی ئەو نەتەوانەی کوردیان لە ناوخۆ و بە سەر خۆیاندا دابەشکردووە سەدان نموونەی لەم شێوەیە و سەدان کەسی زانا و شارەزا لە بوارە جیاجیانکاندا بەرچاو دەکەوێت، کـە لـە بنەچـەدا کـوردن، بـەڵام نەبوونی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ بوونەتە مۆڵکی ئەم نەتەوانە.

ئیسماعیل سەرهەنگ یەکێکە بوو لـەوانەی لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـەگـەڵ گرووپـی

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٢٢-٢٢٦.

[2]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، بێتەل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

[3]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

دابڕاو (منشق)ی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو ئێران ڕۆیشتوون، لە یەکێك لە سەربازگەکانی سوپای ئێران لە شاری هەمەدان نیشتەجێکراون، هەر لەو شوێنەش لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەربازی ئێران ڕاسپێردراون بە گوێگرتن لە بێتەلەکانی حکوومەتی عێراق و شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکان بە هاوکاری هەریەکە لە نوری حەیدەر هەمەوەندی (هۆشیار) و مەلا عەبدوڵا ، بێگومان ئەمەش بە ڕەزامەندی سەرکردایەتی ئەم گرووپە بووە[1]، بروسکەکان بە زمانی عەرەبی بە شێوەی شیفرەکراو بە مورس وەردەگیران، دواتر لەلایەن مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ شیدەکرانەوە و دەکرانە فارسی و بەسەر شوێنە پەیوەندیدارەکان دابەشدەکران، بەڵام پێویستە ئەوەشمان لە یاد نەچێت ئەم بروسکانە پێش ئەوەی بدرێنە لایەنی پەیوەندیدار، لەلایەن عەلی عەسکەری ئەو بروسکانەی کە پەیوەست بوون بە کوردەوە و لە زیانی کورد تەواو دەبوون، دەردەهێنران و لەناودەبران[2].

لەساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٤ بە تایبەتی لەو کاتەی هاتووچۆ و پەیوەندی لە نێوان بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی هەبوو ئاڵوگۆڕی کلیلی شیفرەکان لە نێوان هەردوو شارەزای بواری شیفرەسازی شەوکەت مەلا ئیسماعیل و مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ، کە هەریەکە سەرپەرشتی بنکەیەکی جیاوازی بێتەلی دەکرد (بێتەلی ئاراس و پیرمام) هەبووە، ئەمەش کاری هەردووکیانی ئاسانترکردووە، بەهەردووکیان ئیش وکاری دامودەزگایەکی فراوانیان بەڕێوەبردووە[3].

سەبارەت بە زیرەکی و کاریگەری ناوبراو لە سەر ئەفسەر و پلەدارانی سوپای ئێران، ئەوا ئێرانییەکان بە تایبەتی تورکەکان بە هیچ شێوەیەك باوەڕیان نەکردووە کە مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ کورد بوو بێت، بەڵکو بە بیانی بە تایبەتی ئەڵمانی و ڕوسییان داناوە، چونکە بە بڕوای ئەوان کوردی چیایی، پیشە شوان و گاوان و نەخوێندەوار زۆر زەحمەتە کەسانی ئەوها بیرتیژ و زیرەکیان تێدا بێت،

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٦-٩٧.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٩٨-٩٩.

[3]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.

بۆ ئەوەی کلیلی شیفرەکانی لەبەردەست بێت، بتوانێت وا بە ئاسانی ئەم هەموو شیفرانە بکاتەوە، کە هەمیشە لە گۆڕاندابوون، لەلایەن ئەو پلەدارانەی کە سەرپەرشتی ئەم کادیرە بێتەلە کوردانەیان دەکرد، پێیان دەگوتن، کە سوپای ئێران بە تایبەتی فارسەکان زۆر سەرسامی ئازایی و زیرەکی پێشمەرگەی کوردن و بە هاونەژادی خۆیانیان دەزانن[1].

خەڵکانێکی تریش هەن لەگەڵ ئەوەی نەناسراو و لە بیرکراون لە ناوهێنان و هەڵسەنگاندنی کارە پیرۆز و گەورەکانیان، بەڵام ئەو تاکە کارەی کە کردوویانە لەوانەیە بە داستانێکی گەورەی شەڕ و پێکدادان بەراوورد نەکرێت و بووبێتە بناغە و بنەمای بەرنامە و کارێکی درێژخایەن، کە نەوە و ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە سودی لێوەربگرن. باس نەکردن و ناونەهێنانی ئەم جۆرە کەسانەش سەرەڕای فەراموشکردن و لە یادکردنیان لەوانەیە ڕێنمایی و ڕێسا و یاساکانی ئەمنی و نهێنی ئەم کارە هۆکاری ئەم بێ ناوبانگیە بێت، چونکە دەزگای موخابەرە لەبەر ئەوەی کە تەواو نهێنی بووە، بۆیە ناوبانگێکی کەمتری لەوانی دیکە هەبووە [2].

یەکێك لەو کەس و ناوانەش فەرەیدون حسێن ئەفەندییە کە یەکێك بووە لەو گەنجە خوێن گەرم و زیرەکانەی شۆڕش توانیویەتی لە بواری پیشەکەیدا، کە بێتەل بووە ڕۆڵی خۆی ببینێت و بە پشت بەستن لەو شارەزاییەی لە ماوەی کارکردنی بەدەستیهێناوە، لە مانگی ٩ی ١٩٦٧ پیشنیاری کردووە قوڵی ستوونی و ئاسۆیی خشتەی شیفرەکان وا دروست بکرێت، کە بتوانرێت ڕۆژانە بە ئارەزووی خۆیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی شیکردنەوەیان لەلایەن دوژمنەوە ئاسان نەبێت، دواتر ئەو پێشنیارە پەسەندکرا[3]. لە وانەیە کەسانێك زیاتر لە ناوبراو لە نێو بوارەکانی موخابەرە و بێتەل ئەرکیان بینیبێت، بەڵام ناوهێنانی ناوبراو زیاتر مەبەستی ئێمەیە، چونکە پرۆژەیەکی گەڵاڵە کردووە لەم بوارە بووەتە بناغەیەك لە مێژووی بێتەل و کاری موخابەرە، مەبەستی ئێمەش لە نووسینەوەی ئەم بەرهەمە زیاتر

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١١٠-١١٧.

[2]. یۆنان هورمز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

[3]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.

خستنە ڕووی ئەو کار و خوڵقاندنانەیە، کە کەسانێك بۆ یەکەمجار پێی هەستاون و لە ناو ڕیزەکانی شۆڕش بوونەتە بەرنامەی کار ، ئەگەرنا خەڵکانێکی زۆر هەن لەم بوارەدا درێغیان نەکردووە و شەو و ڕۆژیان کردۆتە یەك بۆ خزمەت کردنی گەل و وڵات، بە تایبەتی لەم بوارە مەزن و پیرۆزە. ئەمە جگە لەوەی کە گشت ئەو ئەفسەر و پۆلیسانەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە کەموزۆر شارەزاییان هەبووە لەم بوارە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی لە ناو ڕیزەکانی میری ڕشتەیان موخابەرە بووە وەك مستەفا ئامێدی، عەبدوڵا مەلا نەجمەدین، مەلا سلێمان، جەمال ڕەشید و...هتد[1]. نموونەش لە سەر ئەمە ئەوەیە کاتێك بروسکەیەکی شیفرەکراو بۆ عەبدوڵا ئاغای پشدەری هاتووە، کەس نەیزانیووە شیفرەکە شیبکاتەوە، بەڵام لەلایەن ملازم خدر دەباغ شیکراوەتەوە[2] کە خۆی پێشتر ئەفسەر بووە لە ڕیزەکانی سوپای حکوومەت. ئەمەش ڕاستی قسەکانمان دووپات دەکاتەوە، کە زۆربەی ئەفسەران تا ڕادەیەك شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە، هەر چەندە خۆیان دەرچووی هیچ خولێکی ئەم ڕشتەیەش نەبووە.

سەبارەت بە خشتەی شیفرەکان کە بە عەرەبی پێیدەڵێن (لوحة محادثات العامل) خشتەیەکی دابەشکراوە بەسەر چەند خانەیەك یان خشتەیەکی خانە خانە کراوە لە سەرەوە واتە ئاسۆیی و لەلای ڕاستی خشتەکەش بەشێوەی شاقۆلی یان ستوونی ژمارە ڕێژکراوە، مەرج نییە ژمارەکان یەك لە دوای یەك (تسلل) بن، خانەکانی ناوەڕاستیش چەند وشەیەکی تێدایە تایبەت بە کار و گفتوگۆی نێوان ئێزگەکان، دەکرێت بە بەردەوامی بگۆڕدرێن بە پێی پێویست یان ئاشکرابوونی لەلایەن لایەنی بەرامبەر، لە کاتی بەکارهێنانی ئەم خشتەیەش نێرەر (المرسل) ژمارەیێك لە خانە ئاسۆییەکان و یەکێکیش لە خانە شاقۆلییەکە بە وەرگر (المستلم) دەدات، بەیەك گەیشتنی زنجیرە خانەکانی هەردوو ژمارەکە لە یەکێك لە خانەکان، ناوەڕۆکی ئەم خانەیە، وشە شیفرەکراوەکەیە، کە مەبەستییەتی بنێرێت[3].

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.
[2]. پەیامی ئەیلوول، ملازم خدر دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.
[3]. كراسة المخابرة لطلاب الاكاديمية العسكرية، ص ص ٦٤-٦٥.

## بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ٩ | ١ | ٧ | ٠ | ٥ | ٣ | ٨ | ٢ | ٦ | ٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
|  | پشتیوانی |  | توپی ١٥٥ملم |  | تەرەددی ژمارە ٢ |  | کاتی کۆبوونەوە |  | مین |
| ئازادی قسەکردن |  | بریندار |  | پشتیوانی ئاسمانی |  | پشتیوانی |  | ١ |  |
|  | پشوو |  | پشتیوا نی | ٧ | پێویستی چاککردنە وە |  | ٠ |  | پشتیوانی |
| تەقەمەنی |  | بێدەنگی لاسلکی |  | هاوکاری |  | ٦ |  | مین | ٩ |
|  | تەرەددی ژمارە ٣ |  | تەقەمە نی |  | ٤ |  | هێرش |  | پشوو |
| ٣ |  | کەمین |  | دزەکردنی لاسلکی |  | کوژاندنەوە ی لاسلکی |  | کوژراو |  |
|  | سوتەمەنی |  | ٩ |  | مین |  | گەڕانەوە دەوریە |  | ئازووقە |
| توپی ١٠٦ |  | هاونی ١٢٠ملم |  | بێدەنگی لاسلکی |  | سوتەمەن ی |  | بێدەن گی لاسلکی |  |
|  | مین |  | ئازوقە |  | بریندار |  | ئاو |  |  |
| ئازوقە |  | کوژراو |  | گۆڕینی ئێزگە |  | ٥ |  | هاونی ١٢٠ملم |  |

تێبینی/ ئەم خشتەیە تەنیا نموونەیەکە بۆ ئاسانکاری خوێنەر

**نموونه:**

لوحة محادثات العامل

| | ٢ | ٥ | ٧ | ٠ | ٦ | ٣ | ٩ | ١ | ٨ | ٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | | تدريب والأدوات والأصول | | تعمل على التردد ٢ | | ما مستوى رقابة الشبكة | | الشبكة مقيدة | | الشبكـ حـ |
| ٣ | الشبكة حرة | | استراحة ٣٠ دقيقة | | ٢ | | | | اغلاق الاجهزة | .. |
| ٧ | | استعمل الهواتف الارضي | | استراحة ٢٠ دقيقة | | خرق الصمت | ٨ | | | العمل على التردد |
| ١ | بحاجة لذخيرات (ومؤونات) | ٦ | الغاء الصمت | | الصمت اللاسلكي | ١ | | اصعود لاستلام الرئاسة | | |
| ٨ | | تعمل على التردد ٤ | | ٥ | | العمل على التردد البديل | | | استراحة ٤٥ دقيقة | |
| ٤ | خرق الصمت | | ٩ | اضرب | تشغل الرئاسة | | الصمت اللاسلكي | | | الغا الصمت |
| ٢ | | الشبكة مقيدة | | تعمل على التردد ٩ | | خرق الصمت | | ٤ | | |
| ٦ | [illegible] منطقة مشجرة | صفر | استمر رقابة الشبكة | | العمل على التردد ٣ | | استراحة ١٤ دقيقة | | الصمت اللاسلكي | العمل على التردد [illegible] |
| ٠ | | | | الصمت اللاسلكي | | الشبكة مقيدة | | | | |
| ٩ | العمل على التردد ٤ | | ٢ | الشبكة حرة | | ٧ | | استعمل الهواتف [illegible] | | اغلاق الاجهزة |

کاتێك نێرەر (المرسل) بروسکەیەك دەنێرێت یان گفتوگۆیەك دەکات پێویستە ئاماژە بە جووت ژمارە یان زیاتر لە جووتێك ژمارە بکات وەك:

بۆ ئێزگەی سەرەکی ژمارە یەك یەك واتە بڕۆ تەرەدودی ٣ یان کاتێك بانگ دەکات بۆ ئێزگەی سەرەکی ژمارە سێ چوار شەش هەشت واتە پێویستی چاككردنەوەی هاونی ١٢٠ملم (وەك نموونە لە خشتەی سەرەوە).

زانست و زمانی شیفرە و شیفرەسازی زمانێکی ئەوەندە ئاڵۆز و زەحمەت نییە بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنان ئەگەر کەسانی بیرتیژ و شارەزا بەم کارە هەستن، لە هەمان کات زۆریش زەحمەت و ئاڵۆزە ئەگەر لایەنی بەرامبەر سود لە زاراوە و کەسانێك وەربگرێت لە کارکردن لەم بوارە، بەمەرجێك ئەم زاراوە و زمانە پێشتر لەلایەن لایەنی بەرامبەر شتێکی نامۆ و نەزانراو بێت، نموونەی زیندووش بۆ ئەمە بەکارهێنانی هندیەسورەکان و زمانەکەیانە، کە بە ئەمریکی ڕەسەن ( NATIVE AMERICAN) دەژمێردرێن لەلایەن خودی سوپای ئەمریکا لە جەنگی جیهانی و بە تایبەتی لە شەڕی یابان و شەڕی ڤێتنامیەکان تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری وشەی ئەم زمانە وەك زاراوە (المصطلحات)ی سەربازی و ناونانی هەندێك لە چەك و ئامێرەکانیان بەکاردەهێنن.

شیفرەسازی و شیکردنەوەی شیفرەکان لە شۆڕشی ئەیلوولدا گەیشتبووە ڕادەیەك حکوومەتی عێراق و دەزگا موخابەرەکانی تووشی سەرسوڕمان کردووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بو توانا و زیرەکی کادر و کادیرانی موخابرە، چونکە هەرچەندی شیفرەکانیان بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر گۆڕیوە، لە کەمترین ماوە لەلایەن کادیرانی بەتوانایی بێتەل بە تایبەتی ئەو ناوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون بێئەوەی هیچ کلیل و شتێکیان بەردەست بێت، شیکراونەتەوە، بە پێچەوانەوە، بەهیچ شێوەیەك حکوومەتی عێراق و دەزگا ئەمنییەکانی نەیانتوانیوە بروسکە شیفرەکراوەکانی شۆڕش شیبکەنەوە تا ئەم ساتە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش لە سەرهەڵدانی ١٩٩١ و ئازادکردنی کوردستان یەك هۆدەی پڕ لە بروسکەی شیفرەکراوەی شۆڕش لە بارەگا ئەمنییەکانی ڕژێم لەلایەن پێشمەرگەوە دەستیان

بەسەردا گیراوە، کە بە نەشیکراوەیی مابوونەتەوە[١]. کاتێك لە ئێران دوای نسکۆی ١٩٧٥ ژمارەیەك سەرباز و ئەفسەری سوپای عێراقی ڕوو لە ڕیزەکانی شۆڕش دەکەن، دەگێڕنەوە: بەهیچ شێوەیەك نەتوانراوە بروسکەکانی شۆڕش لەلایەن حکوومەتەوە شیبکرێنەوە[٢]. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم بابەتە، لە بەڵگەیەکی سوپا ئاماژە بەم ڕاستییە کراوە و دەڵێت: "(العصاة) پێشمەرگە شیفرەیان بەکاردەهێنا بۆ ناردنی بروسکەکانیان لە ڕێگەی ئامێری بێتەلەوە، شیفرەکانیان زۆر ئاڵۆز بوو، نەماندەتوانی شیبکەینەوە، سەرەڕای هەوڵێکی زۆر و بەردەوام، بەڵام بێ سودبوو"[٣]. هەرچی لە سەر جۆر و چۆنییەتی شیفرەی پێشمەرگەیە هاتووە: "شیفرەکان بریتی بوون لە ژمارە، کە پێکدەهات لە سێ ژمارە یان دوو ژمارە و پیت لە هەندێك بروسکە"[٤].

بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول زیاتر لە پێنج هەزار کلیلی شیفرەی بروسکەی هێزەکانی حکوومەتەکانی عێراق لەلایەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن دۆزراونەتەوە، کە تایبەت بوونە بە گشت دەزگا و لایەنە ئەمنییەکان، زیاد لە ١٢٠ سەد و بیست تۆمار (سجل)ی سێ سەد لاپەڕەیی، بروسکەی ئەو دامودەزگایانەی شیکردۆتەوە[٥]. بەڕێوەبەرایەتی گشتی موخابەرە یان موخابەرەی گشتی کە تا ئێستاش هەر ئەو ناوەی هەیە، ڕاستەوخۆ گرێدرابووە بە بارەگای مستەفا بارزانی و لەلایەن خودی ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی سەرپەرشتی کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم دەزگایە چەندە گرنگ و پڕ بایەخ بووە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش، بە تایبەتی خودی مستەفا بارزانی. پێویستە ڕۆڵ و کاریگەری مەسعود بارزانی لەم بوارەدا فەرامۆش نەکرێت، چونکە ناوبراو سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی ئەم دەزگایە دەستێکی باڵا و ڕەنگینی هەبووە لە

---

[١]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.
[٢]. هەمان سەرچاوە.
[٣]. الدکتور بندر علي اکبر شاکە و اسعد جباري، مصدر سابق، ص ١٦.
[٤]. نفس المصدر، ص ١٦.
[٥]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠.

دانانی جۆرێك لە شیفرە، كە بە هیچ شێوەیەك نەتوانرێت لەلایەن دوژمنەوە كلیلی شیفرەكان بدۆزرێنەوە و بروسكە شیفرەكراوەكان شیبكرێنەوە، باشترین شیفرە، كە لە شۆڕش داهێنرابێت لەلایەن مەسعود بارزانی بووە لە ساڵی ١٩٧٣ كە تا ئێستاش لەلایەن دوژمنەوە شینەكراوەتەوە، بە شێوەیەك كە بروسكە دەكرا بە شیفرە لەگەڵ شیفرەیەكی تر تێكەڵ دەكرا شیفرە سەرەكییەكە دەردەهات[١]، واتە دەتوانین بڵێین تێكەڵەیەك لە دوو شیفرە.

سەبارەت بە وێستگەكانی موخابەرە و ناوی شیفرە كراوەكانیان، كە لەو سەردەمەوە و تا ئێستاش هەر باوە و هەر وێستگەیەك ناوێكی شیفرەكراوی هەیە، هەروەك ئێزگەكانی ئاراس و پیرمام، كە پێشتر باسمان كردوون، ناوی نهێنی ئێزگەی عەبدوڵا لاسلكی قەمەر بوو، هەرچی ئێزگەی تەهارمۆ حەمەد شەریف ناوی كۆمار بووە و عەبدوڵا غول ناوی كوردستان بووە[٢]، واتە هەر كادیرێكی بێتەل شیفرەیەكی تایبەت بەخۆی هەبووە، چونكە هەریەكە لە پۆستەیەك بووە. ئەم سیستەمە تا ئەم سەردەمەش پەیڕەو دەكرێت.

## ڕۆڵی بروسكە شیفرەكراوەكان لە پاراستنی گیانی پێشمەرگە و سەرۆك مستەفا بارزانی دا

كاتێك باس لە بێتەل و ڕۆڵەكەی دەكەین، پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت، كە بێتەل ئەوەندەی كارەكانی ئاسانكردووە، ئەوەندەش هۆكارێك بووە بۆ پاراستنی گیانی سەدان پێشمەرگە و فەرماندە لە ناویشیاندا خودی مستەفا بارزانی، ئەو گوتەیەش تەواو لەو سەردەمیش ڕاست و دروست بوو كە ئێستا لە تۆڕەكانی گەیاندن و پەیوەندیكردن بانگەشەی بۆ دەكەن و دەڵێن (جیهان بچووك دەكەینەوە)، واتە لە كاتی سەرهەڵدان و بەرپابوونی شۆڕشی بێتەل، بێگومان ئەم چەمكە ڕاستییەكەی سەلماند و بووە هۆی لێكنزیك كردنەوەی گشت شار و دێهاتەكان، گشت بنكە و بارەگاكان، كۆنترۆڵكردن و فەرماندەیی كردنی (القیادة و

[١]. چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلكی، سەرچاوەی پێشوو.
[٢]. هەمان سەرچاوە.

السیطرة) ئاسان کردووە بۆ سەرکردە و فەرماندەکان بە تایبەتی بۆ مستەفا بارزانی وەك ڕابەری شۆڕش  کە بەم دەزگایە سەرەڕای توانایی پەیوەندیکردن بە فەرماندە و بارەگـا و بنکـەکانی شـۆڕش و حیـزب لـە سەرتاسـەری کوردسـتان و عێـراق، لـە هەمان کات توانیویەتی ئاگاداربێت لە زۆربەی ئەو جوڵـە و پلانانـەی دوژمـن کـە مەبەستی بووە دژی پێشمەرگە ئەنجامی بدات، بە تایبەتی دژی بارزانی. بێگومـان ئاشکرابوونی شوێنی بارزانیش، بەڵام کاتێك مرۆڤ ڕاستگۆ بێت بەرامبەر بە کێشـە ڕەواکەی بێگومان خوداش هاوکار و پارێزەری دەبێت جا بەهـەر ڕێ و هۆکارێـك بێت.

لـەم ڕووەوە زۆر نموونـەی دیـار و زینـدوومان هەیـە، کـە بـارزانی بـە پـەڕجۆ (معجـزة) لێـی دەربـازبووە، دیـارترین نموونـەش خـۆ تەقاندنـەوەی کۆمـەڵێك کەسایەتی ئاینی (مەلا)ی بەکرێگیراو بوو بـە مەبەسـتی تیرۆرکـردن و لـەناوبردنی کە لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ لە کاتژمێر چوار و پەنجا و پێنج خولەك ڕوویداوە[١].

سەبارەت بە وەرگرتنی بروسکەی شیفرەکراوە لـە سـەر لێـدان و هێرشـکردنە سەر بارەگا و شوێنی مسـتەفا بـارزانی، کـە لـە ئەنجامـدا شکسـتی بـە هەوڵـەکان هێناوە لە ڕێی زیرەکی و بـەئاگایی کـادیری بێتـەل، نموونـەی زۆر و ڕووداوگـەلیك هەیە. کاتێك بارزانی بۆ ناوچەی باڵەك و ڕەواندوز پەڕیوەتەوە لە ١٩٦٢/٥/٣١ لـە گوندی ماویلیان لە دامێنی چیای هندرێن لە کاتی وەرگرتنـی هەنـدێك بروسـکەی بێتـەلی حکـوومەت، دەرکـەوتووە هێزەکـانی حکـوومەت لـە هـاتنی بـارزانی بـۆ ناوچەکـە ئاگـادارن و بروسـکەکانیان ڕاسـتەوخۆ بێجگـە لـە هـەولێر ئاراسـتەی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریش کراون کـە پێشـتر ئـەو دەسـەڵاتەیان نـەبووە[٢]. ڕۆژی ١٩٦٢/٨/١٠ کاتێك بارزانی لە گوندی گەرەوان نزیك ڕەوانـدز دەبێـت زانیـاری بـە دوژمن دەدرێـت، بـەڵام بـەهۆی گـوێگرتن لـە بروسـکە و شـیکردنەوەی بروسـکە شیفرەکراوەکان لە یەکێك لە بروسکەکان ئەمە ئاشکرا دەبێـت، کـە هـاتووە: فلانـە

[١]. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد، بـەرگی سـێیەم بەشـی دووەم، (چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر- ٢٠٠٤)، ل ل ٦٨-٦٩.
[٢]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

کەس خەڵکی هەمان گوند زانیاری داوە بە قائیمقامی ڕەواندز لە سەر شوێنی نووستن و مانەوەی بارزانی بەم شێوەیە: "مەلا مستەفا بە شەو لە ژێر درەختێکی گەورەدا دەنووێ لە سەمتی ڕۆژهەڵاتی گوند (گەرەوان)، لە ناو لقی دووفاقی درەختەکەدا گەڵا و گۆڵی داربەڕوو تیان هەڵچنراوە". بەڵام بێ دواکەوتن لەلایەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل، مستەفا بارزانی ئاگادارکراوەتە و شوێن و گوندەکەیان چۆڵ کردووە، بەیانی زوو فڕۆکە هەمان شوێن و گوندەکەیان بۆمباران کردووە، دواى لێکۆڵینەوەش لەگەڵ سیخوڕەکە دانی بە ڕاستییەکە ناوە[1]، هەر لە سەر هەمان مەبەست واتە هەوڵێکی تری دوژمن بۆ لێدانی شوێنی مستەفا بارزانی، کە لەلایەن بەکرێگراوەکانەوە زانیاری لە سەر شوێنی مانەوەی یان شوێنی پشووی پێیاندراوە، لە ڕۆژی دووشەممە ١٩٦٢/١٠/١ دەمەو ئێوارە بروسکەیەکی خێرا و بە پەلە لە یەکێك لە ئێزگەکانی حکوومەت وەرگیراوە، دوای شیکردنەوەی، دەرکەوتووە کە لە بروسکەکەدا هاتووە: ژمارەیەکی زۆر لە یاخیبووەکان چۆنەتە ناو شارۆچکەی سیدەکان، مەلا مستەفا بارزانی لەبەردەم بەردێکدایە لە نزیك فلانە شیو، دوای گەیاندنی بروسکەکە بۆ بەردەم بارزانی و ئاگادارکردنەوەی، دەستبەجێ مستەفا بارزانی کەکۆ مێرگەسۆری ڕەوانەی ناو شار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگەکان و هاووڵاتیان بۆ بەجێهێشتنی شار و خۆ حەشاردان لە هێرشی فڕۆکە، لە هەمان کات دوای دوورکەوتنەوەی مستەفا بارزانی و عوبەیدوڵا بارزانی و یاوەرانیان لە شوێنەکە بۆ دووری ٣٠٠- ٤٠٠ مەتر، فڕۆکەکان شوێنی ناوبراو و شارۆچکەکەیان داوەتە بەر ڕۆکێت و بۆمبا، لە ئەنجامدا ژمارەیەك پێشمەرگە و هاووڵاتی برینداربوونە لە ناویان کەکۆ مێرگەسۆری، کە لە دوای ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگەکان بۆ لای بارزانی دەگەڕایەوە[2].

بێتەل ئەو ئامێرە فریادڕەسە بووە، کە ئەگەر لەو سەردەمە نەهاتبایە ناو کایە و ڕیزەکانی شۆڕش، ئەوا لەوانە بوو کارەساتێکی گەورە لە ڕیزەکانی شۆڕش

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١١١-١١٢.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

ڕوویبدایە، بە تایبەتی بەرامبەر بە ڕژێمێکی بەهێزی وەك ڕژێمی عێراق، کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و بیانی بە ڕاوێژکار و کادیری سەربازی و هەواڵگری و بە نوێترین چەکی ئەو سەردەم پشتگیریان دەکرد، بە هەمان شێوەش شۆڕش بەم شێوەیە پێشنەکەوتبا یان هەر زوو لەبەر زەرەر و خەسارەتی گیانی تووشی شکست بایەتەوە. لە شەڕی ماکۆك کاتێك دوژمن بۆی ئاشکرابووە ناتوانێت بە هێرش سەرکەوێت، دەستی کردووە بە فرتوفێڵ، ئەوە بوو هێزێکیان لە دۆڵی گوڵان بەرەو پێشەوە چوونە بە نیازی سەرکەوتن بە سەر ماکۆك بە مەبەستی پشتگرتن لە سەید کاکە و هێزەکەی دواتر هێرشکردن لە پێش و پاش و لەناوبردنیان، بۆیە بە بێتەل لەلایەن ملازم خدر دەباغ ئاگادارکراونەتەوە، کە دوژمن خەریکی پلانێکی لەو جۆرەیە، دوای دووپاتکردنەوەی ڕاستی ڕووداوەکە، ناوبراو کە فەرماندەی تۆپخانە بووە لەو بەرەیە بە تۆپ بۆردۆمانی هێزەکەی کردووە و تەفر و تونای کردوون و هێرش و پلانەکەیانی پوچەڵکردووە، بەمەش سەید کاکە و هێزەکەی بە سەلامەتی ڕزگاریان بووە[1]. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە بێتەل کارەکان ئەوەندە خێرا دەکات، ئەگەر بە پێ یان بە سواری چەند کاتژمێر و ڕۆژ بخایەنێت، ئەوا بە بێتەل یان بەتەل چەند چرکە و خولەکێك دەبات، بۆیە ئەگەر لەوکاتی پەیوەندی بێتەل نەبوایە تا تەتەرێك بگەیشتایەتە لای سەید کاکە لەوانەبوو دوژمن هێرشەکەی بکردایە و کار لەکار بترازایە. پێویستە هەمیشە لە یادمان بێت، کە شەڕ فرتوفێڵە یان حیلەیە (الحرب خدعة) بۆیە مەرج نییە دوژمن یان خۆمان ڕووبەڕوو هێرش بکەین، پێویستە هەمیشە لە خاڵە لاوازەکانی دوژمن بگەڕێین بۆ لێدانی، کە بە هەمان شێوە دوژمنیش وادەکات. یەکێك لە خاڵە لاوازەکان، ڕێگەکانی گەیاندنن (خطوط المواصلات) کە دوژمن هەوڵدەدات دەستیان بەسەردا بگرێت بۆ پشتگرتنی لایەنی بەرامبەر بە مەبەستی لەناوبردن و ناچارکردن بە خۆ بەدەستەوەدان.

هەر لە سەر هەمان مەبەست کاتێك لە ئەنجامی گوێگرتن لە پەیوەندییەکانی

---

[1]. رائد خدر عەبدوڵلا دەباغ، بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٢)، ل ل٩٣-٩٤.

دوژمن و شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری لەو کاتەی مستەفا بارزانی لە ناوچەی خۆشناوەتی دەبێت بە تایبەتی کاتی ئازادکردنی ناحیەی خۆشناو، کە ئێستا ناحیەی هیرانە، بۆی دەردەکەوێت جاشەکان لە سنووری ئێران و تورکیا بە چەك و تەقەمەنی و ئامێری بێتەلەوە دەربازی سنوور بوونە بۆ ئەوەی لە پشتەوە هێرش بکەن و لە شۆڕش بدەن، لە هەمان کات شێخ ئەحمەدی بارزانی دەنگوباسی جموجۆڵی ئەم جاشانە دەگەیەنێتە مستەفا بارزانی[1].

وەك هەمیشە بە بەردەوامی بروسکە شیفرەکراوەکانی دوژمن لەلایەن بێتەلی شۆڕش وەردەگیران و پلان و بروسکە گرنگەکانی دوژمن دوای شیکردنەوە دەبردرانە بەردەم مستەفا بارزانی، یەکێك لەو بروسکە گرنگانە پلانێکی دوژمن بووە بۆ هێرشکردنە سەر شوێنی بارزانی لە نزیك لوتکەی چیایەك لە سەر ڕووباری چامە بەرامبەر گوندی بیە کە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن بیێ، بە هێزێکی پێکهاتوو لە سوپا و جاش بە نیازی هێرشکردن لە کاتژمێر دوانزدەی شەو لە گوندی بێدارونەوە، بەڵام دوای گەیشتنی بروسکە شیفرەکراوەکە بۆ بەردەم مستەفا بارزانی، دەستبەجێ سەرقۆڵ عارس بێدارونی لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە بە فەرمانی مستەفا بارزانی دەنێردرێن بۆ گەرووی بێدارون و پلانەکە پووچەڵ دەکرێتەوە[2]. پێویستە ڕۆڵی دیاری کارمەندانی بێتەلی کورد لە ناو سوپا و پۆلیسی عێراق پێش ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن، فەرامۆش نەکەین، کە بەگشتی لە سەر ڕووداوگەلێکی لەو جۆرە چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەکانی پێشمەرگەیان لەو جۆرە پلانانەی دوژمن ئاگادارکردۆتەوە. لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ کە دانوستاندن و وتوویژ لە نێوان ڕژێم و سەرکردایەتی شۆڕش دەستی پێکردبوو، مستەفا بارزانی بەیاوەری مەسعود بارزانی بەم بۆنەیەوە سەردانی شاری کۆییان کردووە، لەو کاتە بروسکەیەکی شیفرەکراوی بە پەلە و زۆر نهێنی لە پۆلیسی گشتی بەغدا بۆ بنکەی پۆلیسی کۆیە

---

[1]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢١-١٢٢.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧.

هاتووە، کە تێیدا داوا کراوە، دووپاتبکرێتەوە لە هاتنی بارزانی بۆ شاری کۆیە و دەستبەجێ شوێنەکەی دیاری بکرێت و ئاگاداریان بکەنەوە، بەڵام لەلایەن کادیری بێتەل کورد محەمەد لاسلکی دوای کۆپیکردنی دانەیەکی بروسکەکە بە نهێنی و گەیاندنی بە یەکێك لە پێشمەرگە بارزانییەکانی یاوەری مستەفا بارزانی، دەستبەجێ شاری کۆیەی بەجێهێشتووە، ئەمەش دەقی بروسکەکەیە[١].

**الى شرطة أربيل، مكرر كوية**

**من/ عامة بغداد/ طارئة فورية سري للغاية**

(هل ملا مصطفى البارزاني موجود داخل قصبة كويسنجق، وبالتحديد أين يسكن، اعلمونا بدون تأخير- فورا). واتە (ئایا مەلا مستەفا بارزانی لە ناو شاری کۆیەیە، بە دیاریکراوی لە کوێ دادەنیشێ بەپەلە و بێ دواخستن ئاگادارمان بکەنەوە). لە وەڵامدا بەم شێوەیە وەڵامی بروسکەکەیان داوەتەوە:

(ملا مصطفى البارزاني موجود داخل كويسنجق و يسكن في دار كاك زياد كويى)، واتە: (بەڵێ مەلا مستەفا بارزانی لە ناو شاری کۆیێە، لە ماڵی کاکە زیاد کۆیی دادەنیشێ). بەڵام دوای ئەوەی مستەفا بارزانی شاری کۆیە بەجێ دەهێڵێت بە بروسکەیەکی تر لە بنکەی پۆلیسی کۆیە بۆ بەغدا دەنێردرێت، بەم شێوەیە:

الحاقا ببرقيتنا

(ان ملا مصطفى غادر قصبة كويسنجق و توجه الى الجبل عن طريق حماموك، للعلم رجاء)، واتە: دوا بە دوای بروسکەمان، مەلا مستەفا شارۆچکەی کۆیێ جێهێشت و بە ڕێگای حەمامۆك، بەرەو چیا ڕۆیشت، بۆ زانین تکایە. پاش جێهێشتنی شار لەلایەن مستەفا بارزانی دوای نزیکەی ١٠ خولەك، فڕۆکەیەك بە نزمی چەند جارێك لە ئاسمانی شاردا سۆڕاوەتەوە.

لە خۆڕا نەوتراوە، موخابەرە یان بێتەل شادەماری هەر سوپایەکە، چونکە

---

[١]. پەیامی ئەیلوول، یەکێ لە بیرەوەریەکانی محەمەد لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

کاتێك شادەماری کەسێك دەپسێت یان دەبڕدرێت، کەسەکە لە کار دەکەوێت، بە هەمان شێوە ئەگەر پەیوەندی نێوان یەکەکانی سوپا یان لە نێوان یەکە و فەرماندە پچڕا، چاوەڕوانی کارەسات بکە، مەگەر خودا یان فەرماندە لاوەکیەکان بە بەکارهێنانی هزر و خوڵقاندنەکانیان (الابداع الذاتی) بتوانن ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە بۆ دەرباز بوون لەو کارەسات و لەناوچوونانە. گرنگی موخابەرە یان بێتەل تەنیا لە کاتی شەڕدا قەتیس نابێت، بەڵکو پێویستە لە هەردوو بارودۆخی ئاشتی و شەڕ بە هەمان گڕوتین کاربکات، چونکە دوژمن لە کاتی ئاشتی پلانی شەڕ و هێرش دادەڕێژێت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە بێتەلی شۆڕش سەرەڕای ناوهێنانی وەك سەربازی ون، بەڵام کۆڵەگەیەکی گەورە و بەهێزی شۆڕش بووە و بە بەردەوامی ئاگاداری جموجۆڵی دوژمن و بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بووە، دوای ئەوەی دوژمن توانی بچێتە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی ئاغچەلەر و چەمی ڕێزان و دەوروبەری بنکەی سەرەکی چەمی ڕێزان کە بارەگای هێزی ڕزگاری بووە لە ژێر فەرماندەی جەلال تاڵەبانی، پاش شەش ڕۆژ لە شەڕێکی قارەمانانە پێشمەرگە ناچار کراوە پاشەکشە بکات بەرەو چیای سورداش[١]، بۆیە لە ١٩٦٣/١١/٧ لە ئەنجامی وەرگرتن و شیکردنەوەی بروسکەکانی حکوومەت لە ڕێگەی بێتەلی شۆڕش دەردەکەوێت کە سوپا ژمارەیەك پلانی داناوە بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی ماوەت و پشدەر، لەلایەکی ترەوە ڕەتلێکی سوپا و جاش و زرێپۆش و تۆپی گەورە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی قەرەداغ دەدەن[٢].

## ئاگاداربوون لە هاتنی ڕۆژنامەنووسانی بیانی

سەرەڕای شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکان بۆ ئاشکراکردن و تێکدانی پلان و مەرامی دوژمن، کە کاری پێشینەی موخابەرە و کادیری بێتەلەکانە، زۆرجار لە ئەنجامی گوێگرتن و شیکردنەوەی بروسکەکانی حکوومەت، ئاگاداری زۆرێك

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٤- ٧٥.

[٢]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣.

ڕووداو و زانیاری تر دەبوون، هەرچەندە لە ڕووی ئەمنییەوە ئەوەندە گرنگ نەبوونە، بەڵام پێش ئەوەی بە فەرمی ڕابگەیەنرێت یان بگەنە شوێنی مەبەست لە ڕێگەی بێتەلەکانەوە ئاگاداری ئەم ڕووداو و کەسانە دەبوون وەك (سەردانی شاند، کودەتای سەربازی، سەردانی ڕۆژنامەنووسان...... هتد )، لەم ڕووەوە شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردایەتییەکەی هەمیشە جێگای بایەخ و تێڕامانی سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی بیانی بووە، هەربۆیەش لە مێژووی خەباتی کورددا شۆڕشی ئەیلوول بە گەورەترین و هاوچەرخترین و پێشکەوتووترین شۆڕشی کوردی دەژمێردرێت، بۆیە ڕۆژنامەنووسان بە تامەزرۆوە سەردانی سەرکردایەتی شۆڕش و بەرەکانی شەڕیان کردووە بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان و نووسین و دەوڵەمەندکردنی نووسین و بەرهەمەکانیان، بە ڕاستیش ئەمە کاری خۆی کرد و ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕۆژنامەنووسانە بوونە هاوڕێ و دۆستی کورد تا ئێستاش ئەوانەی لە ژیاندا ماون لەبەرگریکردن لە کورد و کێشە ڕەواکەی بەردەوامن، وەك (بێرنارد کوشنێر، دانا ئادەمز شمیدت، دێیڤید ئادەمسن، کریس کۆچێرا و چەندانی تر ......)، بەڵام پێویستە لە یادمان نەچێت لایەنی بەرامبەر بە هیچ شێوەیەك پێی خۆش نییە کەسانێکی وەك ڕۆژنامەنووس سەردانی بەرەی شەڕ بکەن بۆ گواستنەوەی ڕاستییەکان، ئەگەر ڕێگەشیان پێدراوە ئەوا بە ناچاری بووە. بۆیە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بە تایبەتی ئەوانەی دۆستی کورد بوون لە وڵاتانی دەوروبەرەوە هاتوونەتە ناوچە ئازادکراوەکان، سەرەڕای ئەمەش لە چاوی هەواڵگری و چاودێری موخابەراتی عێراق دوور نەبوونە، زانیاریشیان لە سەر کۆدەکردەوە، ئەمەش بە هەماهەنگی نێوان دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دەوروبەری وەك (ئێران، تورکیا، سوریا، عێراق و هەندێك وڵاتانی بیانی) بووە. زۆر جار ڕۆژنامەنووسان سەردانی مستەفا بارزانیان کردووە لەبەرەکانی شەڕ و بارەگاکەی، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە لای بارزانی یان ئاگاداری هاتنیان بێت، لە ڕێگەی گوێگرتن لە بروسکەکانی حکوومەت ئاگاداری هاتنیان دەبوون، کاتێك ڕۆژنامەنووسی بەریتانی دێیڤید ئادەمسن (David Adamson)، کە خاوەنی پەرتووکی شەڕی کورد Kurdish War)ە لە سنووری ئێران پەڕیوەتەوە لەلایەن بێتەلی ئاراس بروسکەیەکی شیفرەکراوی بە پەلە لە بێتەلی بارەگاکانی سوپا لە

نێوان سەید سادق و پێنجوین وەردەگیرێت کە ئاراستەی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ کراوە سەبارەت بەو ڕۆژنامەنووسە، دواتر لە ١٩٦٢/٨/١٥ لە گوندی وەرتێ چاوی بە مستەفا بارزانی کەوتووە[١]. لێرەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەنووسان هەمیشە لە ژێر چاودێری هەواڵگری دابوونە، لەلایەکی ترەوە دەردەکەوێت، کە هەماهەنگی لە نێوان دەزگا هەواڵگریەکانی وڵاتاندا هەبووە، ئەگەر نا چۆن لە کاتی پەڕینەوە لە سنوور بارەگاکانی حکوومەت پێیان زانیوە. هەرچی سەبارەت بە کۆدەتای سەربازییە کە عێراق لەم ڕووەوە پشکی شێری بەردەکەوێت بە تایبەتی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، عێراق چەندین کۆدەتای بە خۆیەوە بینیوە تا حزبی بەعس لە کۆتاییدا بەو ڕێگەیەوە گەیشتە دەسەڵات و دەنگی دژ و ناڕەزایی کپ کرد و ڕژێم و سیستەمێکی دیکتاتۆری پەیڕەوکرد تا ڕووخانی لە ٢٠٠٣/٤/٩، بۆیە زۆر جار لە ڕێگەی وەرگرتنی بروسکەی شیفرەکراو لەلایەن بێتەلی شۆڕش ئاگاداری ئەم ڕووداوانە دەبوون وەك کودەتاکەی هێزی حەرەس قەومی لە ڕۆژی سێ شەممە ١٩٦٣/١١/١٢ دژی ڕژێمی عەبدولسەلام عارف[٢].

---

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ١١٤.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٥.

# بەشی پێنجەم

## مۆرس

مۆرس دەزگا و زاراوەیەکی تایبەت بە ناردن و ئاڵۆگۆڕکردنی نامە و بروسکە (تەلەگراف یان برقیة)یە لە نێوان یەکە و بەشەکانی حکوومەت و سوپا، بە شێوەیەکی گشتی پێکدێت لە خال و هێڵ (•، _ ) کە هەریەکە لەم خال و هێڵانە مانای پیتێ جا بە هەر زمانێك بێت بە شێوەیەکی ئاواز ئامێز. واتە لە کاتی ناردن و وەرگرتنی بروسکەکان بەم شێوەیە ئاوازێك لە ئامێرەکان دەردەچێت. وەك ئەم شێوانەی خوارەوە:

**Morse code**

| | | | |
|---|---|---|---|
| A ● – | B – ● ● ● | C – ● – ● | D – ●● |
| E ● | F ●●–● | G – –● | H ●●●● |
| I ●● | J ●– – – | K –●– | L ●–●● |

| | | | |
|---|---|---|---|
| M – – | N –● | O – – – | P ●– –● |
| Q – – ●– | R ●–● | S ●●● | T – |
| U ●● | V ●●●– | W ●– – | X –●●– |
| Y –●– – | Z – –●● | ٠ – – – – – | ١ ●– – – – |
| ٢ ●●– – – | ٣ ●●●– – | ٤ ●●●●– | ٥ ●●●●● |
| ٦ –●●●● | ٧ – –●●● | ٨ – – –●● | ٩ – – – –● |

## أشارات مورس

| | | | |
|---|---|---|---|
| أ | ●– | ظ | –●– – |
| ب | –●●● | ع | ●–● – |
| ت | – | غ | – –● |
| ث | –●–● | ف | ●●–● |
| ج | ●– – – | ق | – –● – |
| ح | ●●●● | ك | –●– |
| خ | – – – | ل | ●–●● |
| د | –●● | م | – – |
| ذ | – –●● | ن | – –● |
| ر | ●–● | ه | ●●–●● |
| ز | – – –● | و | ●– – |

| | | | |
|---|---|---|---|
| س | ●●● | لا | ●-●●●- |
| ش | ---- | ي | ●● |
| ص | -●●- | ء | ●--● |
| ض | ●●●- | | |
| ط | ●●- | | |

هەرچی ژمارە و خاڵبەندیشە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ----● | خال (.) | ●-●-●- |
| ٢ | ---●● | دوو خال(:) | ●●●--- |
| ٣ | --●●● | ؟ | ●●--●● |
| ٤ | -●●●● | ! | --●●-- |
| ٥ | ●●●●● | ، | ●---● |
| ٦ | ●●●●- | = | -●●●- |
| | | SPACE | |
| ٧ | ●●●-- | / | -●●-●● |
| ٨ | ●●--- | ( ) | -●--●- |
| ٩ | ●---- | - | -●●●●- |
| ٠ | ----- | | |

هەرچی مێژوو و شێواز و قۆناغەکانی بەکارهێنانی ئامێری مۆرسە لە ناو ڕیزەکانی سوپا. ئەوا زۆر ڕوون و دیار نییە، بۆیە ئێمەش نامانەوێت زۆر بچینە نێو وردەکارییەکانی ئەم بابەتە. ئەوەی جێگای سەرنج و باسکردنە بە تایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوول، بەکارهێنانی مۆرس لە ڕێگا هەرە باوەکانی ناردن و وەرگرتنی بروسکەیە یاخود تاکە ڕێگا بووە بۆ ناردنی بروسکە و گفتوگۆ لە نێوان بارەگا و یەکەکانی پێشمەرگە، چونکە ئەم ڕێگایە باشترین شێواز بووە لەو سەردەمەدا، بۆ ئەوەی کارەکانی موخابەرە بە نهێنی و ئەوپەڕی پارێزراوی ڕایی بکرێن، بێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر بتوانێت هێڵەکانی ببەزێنێت و گوێ لە گفتوگۆ و بروسکەکانیان بگرێت و شیانبکاتەوە. ئەگەر یەکەم کاری بێتەل لە سەرەتای دامەزراندنی شۆڕش گوێگرتن بێت لە بێتەل و موخابەرەی دوژمن، یەکەم پەیوەندیش لە نێوان تۆڕەکانی موخابەرەی شۆڕش بە مۆرس بووە. نوری حەیدەر هەمەوەندی لە کاتی کردنەوەی خولی فێربوون و بەکارهێنانی ئامێرەکانی بێتەل لە چەمی ڕێزان، لە نێو لیستی ئەو کەل و پەلانەی کە بو کردنەوەی ئەم خولانە ئامادە کرابوون دابین کردنی هۆڕنی پایسکل بوو،[1]، کە بەکاردێت بۆ ناردنی بروسکە لە ڕێگەی مۆرسەوە، چونکە کاتێك نوری حەیدەر بە دیداری جەلال تاڵەبانی گەیشتووە و داوای لێکراوە بێتەلەکان بخاتە کار، ناوبراو پێی وتووە پێویستە سەرەتا خولێکی موخابەرە بکاتەوە بۆ چەند کادیرێکی بێتەل بۆ فێربوون و بەکارهێنانی ئامێرەکانی بێتەل بە مۆرس و قسە (کلام)[2]. هەر لە سەرەتای شۆڕش تا ساڵی ١٩٧٥ و هاتنی ئامێری بێتەلی ڕاکاڵ بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕش، تەنیا ناردنی بروسکە و گفتوگۆکان بە مۆرس بووە نەك بانگەواز (النداء)، قسەکردن (الکلام) و بانگگردنەکان لە نێوان ئامێرەکانی وولکی تولکی (walki-talki) بووە کە لە سەنگەرەکانی پێشەوە بەدەستی پێشمەرگە و بەرپرسەکانەوە بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەبەرەکانی پێشەوە، بە تایبەتی لە کاتی شەڕ و هێرش پێویست ناکات هەموو قسەیەك بە نهێنی بێت یان ئەوەتە دەرفەتی ناردن و وەرگرتنی بروسکەی

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١٥، ١٨.

شیفرەکراو و شیکردنەوەیان نەبووە[1]. هەر سەبارەت بە مۆرس و بەکارهێنانی نوری حەیدەر هەمەوەندی دەڵێت: بەهۆی شارەزایی بێتەلەکانمان کۆڵمان بە بێتەلەکانی حکوومەت دابوو، فێلی هونەری زۆرمان بەکاردەهێنا، پەیوەندی بێتەل بەزۆری بە مۆرس بەڕێوە دەچوو بۆ ئەوەی کارمان بە باشی بەڕێوە بچێت و ئاسانترە لە ئاخاوتن (کلام)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی و زیرەکی کادیرانی بێتەل[2].

عەبدوڵا لاسلکی تیشك دەخاتە سەر ئەم بابەتە و بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە: کاتێك ئێمە لە کۆنەلاجان بووین پەیوەندیەکانمان بە ئامێری بێتەل بە مۆرس بوو، هەندێکجار بە جوڵەی دەم بێ ئەوەی قسە بکەین لەگەڵ یەکتری دەدواین، جارێکیان جەنەڕاڵەکانی ئێران لامان بوون لەو کارەی ئێمە سەریان سوڕمابوو، دەیان گوت ئەوە ئێمە ٢٥٠٠ ساڵە دەوڵەتین ئەو هونەرەی ناردنی بروسکە و گفتوگۆ بە دەم لە سەر شێوازی مۆرسمان وەرنەگرتووە، ئیمە مۆرسمان بە دەم، بە پەنجە، بە لووت، بە چاو و بەدەست دەنارد کاتێك بەرامبەری یەکتری بووین، یاخود بەدەنگ ئەگەر هەردوو کەسەکەی بەرامبەر یەکتر شارەزای مۆرس بن بێ ئەوەی کەس تێبگات[3]. مەبەستی ناوبراو بە کارهێنانی جۆرێکی تایبەتی زمانی جەستەیە، کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (body language)، ئەمەش هونەرێکە هەموو کەسێك ناتوانێت بە ئاسانی لێی شارەزا بێت. هەر لە سەر هەمان بابەت نوری حەیدەر هەمەوەندی دەڵێت: لەو کاتەی لە ئۆردوگای سەربازی لە هەمەدانی ئێران خەریکی وانە وتنەوەی بابەتی مۆرس بووین لە خولی بێتەل، سەر لەشکر و ژمارەیەکی زۆری ئەفسەری ئێرانی بەیاوەری جەلال تاڵەبانی سەردانی کردین، سەر لەشکر دوو دێر بروسکەی بە فارسی دامێ داوای کرد قوتابیەکان بە مۆرس بینێرن، سەرەڕای ئەوەی گشت قوتابیەکان ئامادە بوون

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[2]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

[3]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

بینێرن، بەڵام لەلایەن هەردوو قوتابی دارا عەزیز و ئیبراهیم سەعیدەوە بەڕهوانی خوێندرایەوە، کە بووە جێگای سەرسوڕمانی سەرلەشکر[1].

هەرچی سەبارەت بە دەنگی ئاواز ئامێزی ئامێری مۆرسە کە لە سەرەتای ئەم بەشە باسمان کرد، پێویستە لای خوێنەر شتێکی سەیر و گوماناوی نەبێت!!! یاخود لەوانەیە پرسیار بکرێت ئامێری بێتەل و مۆسیقا؟ یان ئەی موخابەرە و کاری بێتەل لەخۆیدا کارێکی تەواو نهێنییە چۆن دەبێت دەنگی ئاواز و مۆسیقای لێبێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەگەر هەر ئامێرێکی ناردن و وەرگرتنی وەك (ڕادیۆ، بەسیم، بێسیم، کۆمپیوتەر.......هتد) لە سەرەتای بەگەڕخستنیان یاخود کارپێکردنیان دەنگێکی لێ دەردەچێت لە سەر شێوەی (بیپ bib یان beep) کە دەنگی مۆرسیش لە سەر هەمان شێوەیە، بەڵام بوونی خاڵ و هێڵ ( ٠ و _ ) وەك هێمای پیتەکان ئەوا بەگوێرەی ئەم پیتانە بیپەکە درێژ یان کورت دەبێت[2]. زۆر جار وەڵامی خوێنەران سەبارەت بە نهێنی و ئاشکرابوونی شوێنی بارەگای موخابەرە ڕاستە، بەڵام نەك لەلایەن دوژمنەوە، بەڵکو لەلایەن گیاندارانەوە بە تایبەتی مار، چونکە مار ئاشقی دەنگی مۆسیقایە هەروەك چۆن خەڵکی هندستان و وڵاتانی ئەو ناوچەیە بە مۆسیقا هەڵپەرکێ و سەما بە مارەکان دەکەن. لە سەر ڕاستی ئەم بابەتە، لە کاتی بەکارهێنانی ئامێری بێتەلی ژمارە ٩ لە ئەشکەوتەکانی چەمی ڕێزان، کە بەمۆرس کاری پێکراوە، بەهۆی دەنگە مۆسیقا ئامێزەکەیەوە، مارەکان لە کونج و حەشارگاکانیان هاتوونەتە دەرەوە و بوونەتە هۆی کێشە بۆ کادیرە بێتەلەکان[3]. سەبارەت بە نهێنی شوێن و کاری بێتەل رەنگە خوێنەران ئەو پرسیارە بکەن: ئەگەر ئەم کارە نهێنی بێت، چۆن شوێنەکەی یاخود بارەگاکەی دیار و ئاشکرایە؟ مەبەستی ئێمە نهێنی کاری بێتەلە کە تەنیا کەسانی ڕێپێدراو دەتوانن بچنە بارەگاکەی یان ژووری بێتەل، نەك هەر کەسێك بیەوێت، ئەمەش لەبەر گرنگی و نهێنی هەندێك بروسکە، کە ئاشکرابوونی لەوانەیە زیانێکی زۆر بۆ ئەو

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[3]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

لەشـکرە بـەدوای خۆیـدا بهێنێـت یـان ببێتـە هـۆی لـەباربردنی ئـەو پلانـەی کەماوەیەکی زۆرە داڕێژراوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەك. بـۆ زانیـاری خوێنـەر هـەر وەك چۆن بارەگای موخابەرەی گشتی بەسترابووەوە، بە بارەگای سەرۆکایەتی تا ئەم ساتەش هەروایە، هەرچی سەبارەت بـە بنکـەکانی بێتەلـە لـە بارەگـای (بـەتالیۆن، هێـز، لەشـکر و یەکـە سـەربەخۆکان)، بـە هـەمان شـێوەی موخـابەرەی گشـتی بەستراوەتەوە، بە ژووری چالاکییەکان یـان ئۆپەراسـیۆنەکان کـە بـە عـەرەبی پێـی دەڵـێن (غرفـة الحرکـات أو العملیـات) کـە تـەنیا فەرمانـدەی یەکـە، جێگرەکـەی، ئەفسەری ئۆپەراسیۆنەکان (حرکـات)، ئەفسـەری موخـابەرە و ئـەو کەسـانەی کـە ڕێپێدراون بۆ سەردانی کردنی ئەم شوێنە، واتە شوێنێکی تایبەتـە نـەك گشـتی، تـا ئەم ساتە ئەم ڕێوشوێنەش شتێکی باو و ستانداردە لە نێو هەموو سوپا و لەشکر و یەکەیەکی ئەمنیدا.

# بەشی شەشەم

## تەتەر یان پەیامبەر

تەتەر، نامەبەر، پەیامبەر، پەیك یان قاسد، کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (رسول) بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (messenger)، هەمان شت و هەمان واتایان هەیە، واتە ئەو کەسەی پەیامێك یان هەواڵێك یان نامەیێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە پێی دەڵێن (تەتەر)، تەتەر بەو کەسانە دەگوترێت کە لە بەینی دوو بنکە یان دوو هێزدا بە پیادەیی یان سواری وڵاغ نامە و بروسکە یان پۆست ئاڵوگور دەکەن[١]. بەکارهێنانی وشەی تەتەر لەلایەن کوردەوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەی (تەتەرەکان)، کە لە شەڕ و پێکدادانەکاندا خێراییەکی ڕادەبەدەریان هەبووە[٢]. بەڕای ئێمە مێژووی تەتەری یان پەیامبەری هاوشانە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی دوای ئەوەی مرۆڤ خۆی ناسیووە

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.
[٢]. هاوکار کەریم حەمە شەریف، شۆڕشی ئەیلوول، (چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر- ٢٠١٢)، ل ١٣٧.

و پێشکەوتنی بینیووە. ئەگەر مرۆڤ جێنشینی خودا بێت لە سەر زەوی کە خۆی لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (واذ قال ربك للملائكة انى جاعل فى الارض خليفة)، ئەوا بۆ گواستنەوەی ڕێنمایی و فەرمایشتەکانی پێویستە کەسێك یان پەیامبەرێك هەبێت، بۆیە خودای مەزن بۆ ئەم ئەرکە ژمارەیەکی زۆری پێغەمبەر کە بەواتای (پەیامبەر) دێت ناردوویەتی بۆ گەیاندن و گواستنەوەی ئەم پەیامە، هەر وەك لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت (لقد ارسلنا رسلنا بالبينات وانزلنا معهم الكتاب والميزان).

هەرچی سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ناردن و بردنی پەیامە لە نێوان پاشا و سەرۆکی وڵاتان و شانشینەکان، ئەم کارە بە کەسێکی دڵسۆز و زمانزان و نەترس سپێردراوە بە شێوەیەکی فەرمی بە ئاڵای وڵاتی پەیامنێر لەگەڵ چەند پاسەوانێکی چاونەترس. وشەی تەتەر یان پەیك لە ئەدەبیاتی کوردی بە ڕوونی دیارە و دەنگی داوەتەوە بە تایبەتی لە کاتی ناردن و گۆڕینەوەی نامە لە نێوان شاعیراندا، بە تایبەتیش شاعیرانی کلاسیك، هەروەك ئەو نامە گۆڕینەوەیەی نێوان هەردوو شاعیری کلاسیکی کوردی بابان (نالی و سالم)، کە بە جوانی باسی پەیکیان کردووە، کاتێك نالی نامەیەك بۆ سالمی هاوڕێی دەنووسێت و دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزور

لە وەڵامدا سالم بۆ هاوڕێکەی دەنووسێت و دەڵێت:

جانم فیدای سەروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر

تەتەر لە شۆڕشی ئەیلوول، بە ڕوونی و جوانی شوێن پەنجەیان دیارە، ڕاستە شۆڕشی ئەیلوول بە نوێترین و پێشکەوتووترین شۆڕشی کوردی دادەنرێت، لەبەرئەوەی توانی دەزگای بێتەل و ئێزگەی ڕادیۆ و بگۆڕی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت و ڕاپەڕاندنی ئەرك و کارەکان ئاسانتر بکات، بەڵام سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە نەیتوانیوە و نەکراوە دەست لە کاری تەتەری هەڵبگرێت، ئەمەش خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە وەك:

١. سەرەتای شۆڕش، واتە پێش دەست بەکاربوونی دەزگای موخابەرە پەیوەندی و نامەگۆڕین لە ڕێگەی تەتەرەوە بووە، نموونەش لە سەر ئەمە، ناردنی تەتەرێکە لەلایەن مستەفا بارزانی یەوە بۆ لای شێخ ئەحمەدی بارزانی بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی ساغ و سەلامەتی خۆیان و دڵنیاکردنەوەیان، چونکە لە ئەنجامی وەرگرتنی بروسکەیەك لەلایەن بێتەلەکانەوە لە ١٩٦٢/١١/١٩، کە ئاراستەی پۆلیس و بەڕێوەبەری ناحیەی شارۆچکەی بارزان کراوە، واتە لە سەرەتای شۆڕش دوژمن وای بڵاوکردەوە، گوایە بارزانی لە دەڤەری زاخۆ کوژراوە، تێیدا دووپاتکراوەتەوە کە ئەم هەواڵە بگەیێنن بە گوێی شێخ ئەحمەدی بارزان، لە کاتێکدا بارزانی لە ناوچەی برادۆست و سیدەکان بووە[1].
٢. لەبەر کەمی ئامێری بێتەل و کادیری بێتەل بووە نەتوانراوە دەست بەرداری تەتەر بن، بۆ پەیوەندیکردن بە بارەگاکانی تر پێویست بوو تەتەر بەکاربهێنرێت.
٣. لە ساڵانی کۆتایی شۆڕش توانراوە ژمارەیەکی زۆر لە ئامێری بێتەلی گەورە و بچووکی جۆراوجۆر دابین بکرێن و بەدەستبهێنرێن دواتر دابەشی سەر گشت هێز و بەتالیۆن و بارەگاکان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی تری سەربەخۆ بکرێت، بەڵام بۆ گەیاندنی بروسکە لە نێوان بارەگای بێتەل کە دوور بووە لە بارەگا گشتییەکان و بەرپرسی هێزەکە، پێویست بوو سود لە تەتەر وەربگیرێت[2].

---

[1]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشو، ل ل ١٣٨-١٣٩.
[2]. پەیامی ئەیلوول، ڕۆڵی مخابرە لە شۆڕشی ئەیلوول، ئامادەکردنی مامۆستا جەلال خدر ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو ل ٣٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

٤. زۆرجار پێویست بووە نامە و هەواڵی زۆر نهێنی لە ڕێگەی تەتەرەوە بگەیێنرێنە شوێنی مەبەست، سەرەڕای بوونی ئامێری بێتەلی زۆر و پێشکەوتوو، چونکە پێویستە ئەمە لە یاد نەکەین کە هەمیشە ئامێرەکان دەتوانرێن ببڕێن، چونکە دەستکردی مرۆڤن، ڕێگای تەتەری لای کورد بە تایبەتی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، بە ڕێگایەکی گونجاوی گەیاندن دانراوە، ئەوان نووسینی پارچە نامەی بچووکیان بەلاوە پەسەندتر بووە، کە بە پیتی عەرەبی دەیان نووسی و زۆر قایم دەیانپێچایەوە بە تێپی نایلۆنی و دواتر مۆریان کردووە و لە ڕێگای تەتەرەوە بە هەموو لایەکدا نێردراون[١].

یەکێك لە دیارترین تەتەرەکانی ناوچەی چەمی ڕێزان حەمەدئەمین ناسراو بە بروسکە بووە[٢].

پەیڕەوکردن یان پابەندبوون بە ڕێنمایی و ڕێکارە ئەمنی و ئاسایشییەکان بە یەکێك لە گرنگترین ئەو کارانە دادەنرێت کە پێویستە بکرێت بۆ ڕاپەڕاندنی هەر کارێکی سەربازی یان ئەمنی، چونکە پشت گوێخستن و فەرامۆشکردنی ئەم پرەنسیپە کۆتاییەکەی تەنیا شکست و کارەساتە، بەپێچەوانەوە ڕێژەی سەرکەوتن لەوپەڕی بەرزیدا دەبێت. پرەنسیپی ئاسایش یان ئەمنی یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی زۆربەی چالاکی و لاپەڕەکانی شەڕ (صفحات القتال)، مەبەست لێی پاراستنی نهێنی چالاکییەکان، کەمکردنەوەی دەنگەدەنگ، ژاوەژاو، توندکردن و کۆنترۆڵکردنی جوڵە و هاتۆچوو و.... هتد.

هەر سەبارەت بە ڕێنمایی و ڕەچاوکردنی ئەمن و ئاسایش لەلایەن تەتەر و ئەو کەسانەی پێشوازی لە تەتەر دەکەن یان جێی مەبەستی تەتەرە، ئەوا بە دوو شێوە یان دوو خاڵ دەخەینە ڕوو:

١. پێویستە تەتەر لەو پەڕی وشیاری و بە ئاگایی بێت تا گەیاندنی نامە و پەیامەکان بۆ شوێنی مەبەست، بێ ئەوەی کەس لێی ئاگادار بێت یان ئاشکرا بێت، هەروەك ئاماژەمان بە کادیری بێتەل و تەلەفۆن داوە، کە پێویستە دڵسۆز و نهێنی

---

[١]. هاوکار کەریم حەمە شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

[٢]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢-٣٣.

پارێز بێت، بە هەمان شێوە کەسی تەتەر پێویستە جێگای متمانە و نهێنی پارێز و دڵسۆز بێت، لە هەمان کات کەسێکی ژیر و شارەزا بێت تا بتوانێت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان خۆی دەرباز بکات بێئەوەی ئاشکرا ببێت، هەروەها پێویستە لەش ساغ و خێرابێت لە ڕێگا بۆ ئەوەی بەزووترین کات بگاتە شوێنی مەبەست و خۆ دەربازکردن و لادان لەو ڕێگا و شوێنانەی، کە لەوانەیە دووچاری کێشە و ئاشکرابوون بێت، هەروەك حەمەدەمین تەتەر ناسراو بە بروسکە، یەکێکە لە تەتەرە بە ناوبانگ و سەرەکییەکانی شۆڕش لە چەمی ڕێزان، لەم کارەیدا دووچاری چەندین کێشە و دەردەسەری بووەتەوە تا توانیویەتی نامە و بروسکەکان بگەێنێتە شوێنی مەبەست، چەندین ڕیکاری ئەمنی گرتووتەبەر تا لەو مەترسیانە دەرباز بێت، کە ڕووبەڕوو بونەتەوە[1].

٢. پێویستە ئەو شوێنەی تەتەرەکەی بۆی دەچێت دەبێت لەوپەڕی توندوتۆڵی ڕێکارە ئەمنییەکاندا بێت و متمانەی سەد لە سەد بە هیچ کەسێك بە تایبەتی تەتەر و نامەبەر نەکات، چونکە سەرەڕای دەست نیشانکردنی دڵسۆزترین کەس بۆ کاری تەتەری و گەیاندنی پەیام و گەیشتن بە کەسی یەکەم، مەترسی هەیە ئەو کەسانە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەلایەن دوژمنەوە بکڕدرێن و ناچار بە کارێکی قێزەون بکرێن، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کاری لەم شێوەیە نموونەی زۆرە، چونکە مرۆڤ چەند دڵسۆز و پاك بێت، چاوچنۆکی و ڕق و کینە ناچار بەم هەڵانەی دەکات، هەروەك کورد گوتەنی (تەنیا خودا تووشی هەڵە نابێت). لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئەم ڕێکارانە بە باشی گیراونەتەبەر، بە تایبەتی لەلایەن پاسەوانە تایبەتییەکانی مستەفا بارزانی، چونکە دوژمن هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە، زیان بە مستەفا بارزانی بگەیەنێت، بۆیە پێویست بوو ئەو تەتەرانەی بۆ لای مستەفا بارزانی نێردراون لە کاتی گەیشتن، بە چەند هەنگاو و ڕێکارێکی ئەمنی توندا ڕۆیشتوونە تا گەیشتوونەتە لای مستەفا بارزانی. لە یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ لێپرسراوە حزبی و سەربازییەکان بە ئامادەبووان ڕادەگەیەنێت، ئەگەر ئێوە تەتەرێکتان نارد بۆ لای من پێویستە سەرەتا زەکی ئاکرەیی یان عەلی شەعبان

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٢-٣٣.

ببینێت، ئەگەر پێویست بکات لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانێت منیش ببینێت[1]، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، مستەفا بارزانی هەستی بە مەترسی ڕوودانی کارێکی لەم شێوەیە کردووە، هەرچەندە مەبەست لێی ئەوە نەبووە کە باوەڕی یان متمانەی بە ڕۆڵەی گەلەکەی نییە، بەڵکو ترسی ئەوەی هەبوو، دوژمن هەوڵێکی لەم جۆرە بدات، چونکە دەیزانی مستەفا بارزانی کەسێکی دڵساف و نییەت پاکە، بە هەمان شێوەش دووپاتکردنەوەی بارزانیش لەو ڕیکارە ئەمنییە، دەرخەری وشیاری و زیرەکی بارزانی یە وەك سەرکردە و فەرماندەیەك.

پێویستە لە کاری تەتەری ڕۆڵی ئافرەت لەبەرچاو بگیرێت، چونکە لەو بوارەدا ئافرەت شان بەشانی پیاوان لە مەترسی ئەم کارە دوور نەبووە، بە تایبەتی لە کاری ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شاردا ئافرەت بە کاریکتەری سەرەکی لەم بوارەدا دەژمێردرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەلایەك ئافرەت گومانی ئەم جۆرە کارانەی لێنەکراوە، لەلایەکی ترەوە ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕێگەی پێنادرێت بپشکێنرێت و دەستی لێبدرێت لەلایەن پیاوانەوە کە لەو سەردەمی بەگشتی کادیرانی ئەمنی و سەربازی لە ڕەگەزی نێر بوونە، بە دەگمەن ئافرەت لەم بوارە بینراوە یان هەر نەبووە، ئافرەت بۆ هێنان و بردنی زانیاری بۆ پێشمەرگە بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر کاریان کردووە[2]. ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی منداڵ و بە ساڵاچووان بۆ هەمان مەبەست، وەك لە یەکێك لە بەڵگەکانی حکوومەت هاتووە: پێشمەرگە (العصاة) منداڵ و پیریان بەکارهێناوە بۆ کاری تەتەری کە شك و گومانیان بۆ نەچووە بۆ گواستنەوەی نامە و بروسکە لە بارەگاکانیان بۆ ئەندامانیان لە شار و پەناگاکان، نامەکان بریتی بوونە لە پارچە کاغەزی بچووکی پێچراو، قەبارەکەی لە ٢×٣ گرێ (عقدة) زیاتر نەبووە، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە لەلایەن بازگە و خالەکانی پشکنین گیراون و دەستبەسەرکراون[3].

---

[1]. دیداری زەکی ئاکرەیی، ئامادەکردنی گۆران ئەحمەد، پەیامی ئەیلوول، شۆڕشی ئەیلوول چون بەرپابوو، ژمارە ١١، ئاب و ئەیلوولی ٢٠٠٩، ل ١٥.

[2]. هاوکار کەریم حەمە شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

[3]. الدکتور بندر علي اکبر شاکە و اسعد جباری، مصدر سابق، ص ١٦.

# بەشی حەوتەم

## بارەگاکانی بێتەل و هۆیەکانی گواستنەوە

کاتێك باس لە شۆڕش دەکەین، پێویستە ئەوەمان بێتەوە یاد کە جوڵە و شوێن گۆڕکێ یەکێکە لە پرەنسیپە زیندووەکانی شۆڕشەکان، بە تایبەتی کاتێك نەتوانی دەستبەسەر شوێنێکدا بگریت و تا هەتایە لە ژێر دەستتدا بێت، لە هەمان کات ڕێگا و پرەنسیپی شەڕکردنت لە سەر ڕێچکە و ڕێڕەوی پارتیزانی(partisan)دا بێت، بۆیە شتێکی ئاساییە هەمیشە بارەگا و بنکەکانی پێشمەرگە و بێتەل بە بەردەوامی لە جێ گۆڕکێ و جوڵەدابن، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١. شێوەی شۆڕش و شەڕکردن، کە لە سەر پرەنسیپ و شێوازی شەڕی پارتیزانی چالاکی و جوڵەکانیان ڕێکخستووە و جێبەجێی دەکەن.
٢. کاتێك ئەم دەزگایە بە سەرکردایەتیی یاخود کەسی یەکەمی هێزەکە پەیوەستە (مەبەست لە سەرەتای دامەزراندنییەتی)، بۆیە مستەفا بارزانی هەمیشە لە جوڵەدا بووە بۆ بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شۆڕش، شان بەشانی ئەویش بارەگای

بێتەلی ئاراس لە جوڵەدا بووە.

٣. یەکێك لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی ئەم شوێن گۆڕکێییە ئاشکرابوونی شوێن و بارەگای بێتەلە لەلایەن دوژمنەوە کە لەناوبردن و بۆمبباران کردنی ئەم دەزگایە بە یەکێك لە کارە پێشینییەکانی دادەنرێت.

- **بارەگاکانی دەزگای موخابەرە**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە لە ١٩٦١/١٢/٢١ یەکەم بنکەی بێتەل بە ناوی بێتەلی ئاراس لە دەوروبەری گوندی بامەڕنێ لە بارەگای مستەفا بارزانی دامەزراوە، ئەم بنکەیە بەشێوەی گەڕۆك شان بەشانی بارەگای بارزانی لە جوڵە و شوێن گۆڕکێدا بووە تا یەکگرتنەوەی لەگەڵ بنکەی بێتەلی مەکتەبی سیاسی لە چەمی ڕێزان کە لە ١٩٦٢/٧/٢٢ دامەزراوە، دواتر دامەزراندنی بێتەلی گشتی لە ساڵی ١٩٦٤ لە قەڵادزێ. ئەم چەند ساڵە بۆ یەکگرتنی هەردوو بنکە سەرەکییەکەی بێتەل و دامەزراندنی بێتەلی گشتی دوای ئەوەی مستەفا بارزانی لە ناوچەی بادینان پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی دۆڵی باڵەکایەتی و گەڵاڵە تا ناوچەی پشدەر و قەڵادزێ و گەیشتن بە ناوچەی چەمی ڕێزان و بارەگای مەکتەبی سیاسی، لە چەندین شوێن بارەگای داناوە، لە نزیکەوە ئاگادار و سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕی کردووە، شان بەشانی ئەوەش، بارەگای بێتەلی گەڕۆکی ئاراسیش لە نزیك ئەم بارەگایە بارەگای خۆی داناوە بۆ ئاگاداربوون لە دواین پێشهات و پلانەکانی دوژمن و ئاگادارکردنەوەی بارزانی لێیان، بە هەمان شێوە ناردنی پەیام و بروسکەی مستەفا بارزانی بۆ بنکەکانی تری بێتەل لە هێز و لەشکرەکانی تری هێزی پێشمەرگە.

ئەگەر دوژمن یەکێك لە کارە پێشینەکانی لەناوبردنی بارەگا و بنکەکانی بێتەل بێت[١] کە لە بواری سەربازیدا بنکەکانی پەیوەندیکردن بە زیندووترین ئامانج دەژمێردرێن بۆ لێدان و لەناوبردن، چونکە بێتەل یان موخابەرە بەگشتی بە

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

شادەماری لەشکر دەژمێردرێت، بە هۆی ئەم دەزگایەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی هەموو هێزەکە بکرێت بە بەردەوامی و ئاگاداری هەر گۆڕانکارییەك بیت لە هەڵوێستی یەکە و بەرەکانی پێشەوە، بۆیە لە کاتی لە دەستدانی ئەم دەزگایە لە ناو لەشکر، وەك ئەوە وایە مرۆڤ مێشکی لە دەست بدات و بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ڕەفتار و کردەوەکانی نەبێت و کۆنترۆڵ لەدەست بدات، بۆیە لەو سەردەمی باشترین شوێن بۆ دانان و دامەزراندنی بارەگا و بنکەکانی بێتەل دۆڵێکی قوڵی تاریکی داپۆشراو بە دار و درەخت یان بنی بەردێك یاخود ئەشکەوت بووە دوور لە چاوی خەڵك و پێشمەرگەکان، کە مەبەست لێی:

١. بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی فڕۆکە و تۆپی دوژمن.
٢. بۆ خۆ پاراستن لە قەرەباڵغی و سەردانی پێشمەرگە و کادیرانی حیزب کە ئەم دەزگایە خۆی لەخۆیدا دەزگایەکی نهێنییە، پێویست ناکات هەموو کەسێك لە کار و ئەرکی ئەم دەزگایە ئاگادار بێت، بێجگە لە کەسانی پەیوەندیدار.

بۆیە بۆ ئەم مەبەستە ئەشکەوت باشترین و گونجاوترین شوێن بووە بۆ دانان و دامەزراندنی بارەگای بێتەل بە تایبەتی لە سەرەتای شۆڕش و شوێن گۆڕکێی مستەفا بارزانی، ئەمە جگە لەوەی کە پێشتریش ئەشکەوت هەمیشە تاکە شوێن و بارەگا بووە بۆ خۆ حەشاردانی تاکی کورد لە ترسی دەسەڵات و حکوومەتەکان، بۆیە لەودیوی سنوور، سوپای تورکیا هەڵمەتی رووخان و پڕکردنەوە و دیوارکردنی دەرگای ئەشکەوتەکان بە کۆنکرێت دەستی پێکرد بوو لە ترسی بەکارهێنانیان لەلایەن شۆڕشگێرانی کورد[1]. لە ١٩٦٢/٤/١٥ کاتێك شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپا و جاش لە چیای سەری ئاکرێ دەست پێدەکات، تۆپبارانی دوژمن بۆ سەر پێشمەرگە بەردەوام دەبێت، بەڵام بۆ پاراستنی بێتەل و کادیرەکانی لەم تۆپباران و هێرشە بارەگای بێتەل لە ناو ئەشکەوتێکی چیای پیرس دادەمەزرێت لە پشت گوندی ئەشکەوتێ، لە هەمان کات بە تایبەتی کاتێك بارزانی سەردانی بەرەی شەڕ دەکات لە سەری ئاکرێ لە ١٩٦٢/٥/١٤ بارەگای بێتەل لە ئەشکەوتێکی نزیك لە گوندەکانی کاولۆکای و دوستەکا لە چیای پیرس دادەمەزرێت بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ لە

---

[1]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

١٩٦٢/٩/١٧ پاش ئەوەی بارزانی و هێزەکەی دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی لۆلان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پلانەی جاشەکان بە پشتیوانی هەریەکە لە ئێران و تورکیا بۆ لە پشتەوە هێرشکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بارەگای بێتەل لە گوندی بێسۆك لە ناو دۆڵی خواکورك دادەمەزرێنن، هەر لە میانەی گەشتەکەی بارزانی بۆ بەرەکانی شەڕ و پاش گەیشتن بە ناوچەی مێرگەسۆر، بارەگای بێتەل لە ئەشکەوتێك لە سەرووی گوندی بیە (بیێ) دامەزراوە[1].

سەبارەت بە بارەگای بێتەل لە ناوچەی چەمی ڕێزان و مەکتەبی سیاسی بە هەمان شێوەی بارەگای بارزانی تاگە پەناگە و شوێنێك بەکارهێنرابێت بۆ بارەگای حیزب و بنکەی بێتەل دامێنی شاخ و بەرد و دۆڵی قووڵ و ئەشکەوت بووە. ناوچەی چەمی ڕێزان لەبەر بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەشکەوت و بنەبەرد شوێنێکی گونجاو و لەبار بووە بۆ دامەزراندنی بارەگا و بنکەی بێتەل و حەشاردانی کەلوپەلی شۆڕش لە چەك و پێداویستی و ئامێرەکانی بێتەل، بۆیە لە سەرەتای دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیکردن لەو ناوچەیە، سود لەم ئەشکەوتانە وەرگیراوە بۆ بەکارهێنانی بێتەل و کردنەوەی خولی تایبەت بە فێربوونی چۆنییەتی بەکارهێنانی بێتەل، یەکەم بارەگای بێتەلیش هەر لەم ئەشکەوتانە دامەزراوە[2]. ئەمە جگە لەوەی بارەگای هێزی ڕزگاری کە جەلال تاڵەبانی سەرپەرشتیکردووە، بارەگاکەی لە ئەشکەوتێکی گەورەدا بووە لە ناوەڕاستی کێوی چەپی چەمەکە، کە دەورەدرابوو بە ئەشکەوتی بچووکی ئازووقە و جبەخانە، لەلای خوارەوەشی ئەشکەوتی تیمارکردنی بریندارەکان و لەو لاشیەوەش ئەشکەوتێك وەك بەندیخانە هەبووە، جگە لە چەندین ئەشکەوت و بنەبەردی تر بۆ نووستنی میوان و پێشمەرگەو چێشتخانە[3]. جگە لەوەی لە ١٩٦٢/٩/١٦ کاتێك کادیری بێتەل نوری حەیدەر بەیاوەری مەلا ناسح بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێك لە ناوچەی دوکان و پیرەمەگرون بووە بۆ دامەزراندنی بنکەی بێتەلەکەیان سودیان

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٦٩، ٧٧- ٧٨، ١٣١، ١٨٠.

[2]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤-٢٣.

[3]. کاکە مەم بۆتانی، (کاکە مەم)ێکی تر، (چاپخانەی سیما- سلێمانی- ٢٠٠٥)، ل ٢٣٩.

لە هەردوو ئەشکەوتی پیرەژن و ئەشکەوتی گێچینە وەرگرتووە[1]، هەر بە هەمان شێوە هەردوو ئەشکەوتی جاسەنە و ئەشکەوتی دوو کون لەلایەن کادیری بێتەلی سنووری مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی چەمی ڕێزان بەکارهێنراون بۆ بنکەو بارەگاکانیان[2]. بەڵام پێویستە ئەوەشمان لە یاد نەچێت، گوند و دێهاتەکانی کوردستان ڕۆڵێکی بەر چاویان هەبووە لە دابینکردنی شوێن و ژووری تایبەت بە بێتەل و کادیرانی، سەرەڕای دابینکردنی هاوکاری لە ڕووی شوێنی نووستن و خۆراك، کە پێشتر لەبارەیەوە دواین، بۆیە سەرەڕای ئەشکەوت لە گوندەکان خانووی تایبەت بە بنکەی بێتەل تەرخانکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بە تایبەتی ئەگەر ئەشکەوت لەو دەورووبەرە نەبووایە. کاتێك دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردۆتە سەر ناوچەی چەمی ڕێزان لە پایزی ساڵی ١٩٦٣، سەرەڕای بەرگرییەکی قارەمانانە، بە ناچار پاشەکشە بە هێزەکان کراوە بۆ گوندی ماڵومە لە ناویاندا بنکەی بێتەل و دامەزراندنی لەم گوندە لە یەکێك لە خانووەکان، لەوێشەوە بۆ ماوەت و سود وەرگرتن لە یەکێك لە خانووەکانی گوند بۆ دامەزراندنی بارەگای بنکەی بێتەل[3]، تا دواتر یەکگرتنەوەی هەردوو بنکەی بێتەلی شۆڕش و دامەزراندنی دەزگای بێتەلی گشتی لە ناوچەی قەڵادزێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆرجار بە شەو بارەگاکان لە ناو گوندەکان دادەمەزرێنران بۆ پشوودان، بەڵام لەگەڵ بەیانی دووبارە بەرەو ئەشکەوت و شوێنە ئاسێ و بزرەکان ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی پارێزراو بن لە هەر هێرشێکی تۆپ و فڕۆکەی دوژمن کە لەوانەیە لە هەر سات و کاتێك بکرێتە سەریان، ئەمەش هەم بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی گوند، هەم بۆ پاراستنی خودی بێتەل و کادیرەکانی، چونکە سەرەڕای خۆ پاراستنی باش و فەراهەم کردنی ڕێوشوێنی ئەمنی پێویست و نهێنی کارکردنی بنکەکانی بێتەل، لە هەمان کات دوژمن هەمیشە هەوڵی داوە شوێنەکەی دەستنیشان بکات و لە ناوی ببات. پاش ئەوەی ناوچەی باڵەکایەتی بووەتە ناوەندی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش، بارەگاکانی لەو

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

[3]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٧٥،٨٥.

دەڤەرە دامەزراندووە، هاوشان موخابەرەی گشتیش لەهەمان ناوچە لە دۆڵی قەیماسان نزیك لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی بەشێوەیەکی تەواو نهێنی بارەگاکەی دامەزراندووە[1]. جگە لەمە بارەگای موخابەرەی گشتی بۆ ماوەیەك لە شیوێ گولان نزیك لە بارەگای ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق بووە، دواتر بەشێوەی گەڕۆك بۆ زۆر شوێنی تر گواستراوەتەوە[2].

لە شەڕی کۆڕەك و حەوزی دیانا لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٥ پاش شەڕێکی قارەمانانە و گورزوەشێن لە دوژمن، کوشتن و بریندارکردنی دەیان سەرباز و ئەفسەر، ترس و لەرزی خستنە ناو دڵیان، شۆڕش فەرمانی بە هێزەکان کردووە پاشەکشە بکەن بۆ دۆڵی ئاکۆیان، لەم پاشەکشێیەدا لەلایەن مەلا ئەمین بارزانی لە سەرەوەی گوندی ئاکۆیان شوێنێکی قایم و فراوان لە بن بەردێکی ئەشکەوت ئاسا بۆ بنکەی بێتەلی هێزەکەی دیاردەکات، کە لەلایەن کادیری بێتەل نوری حەیدەر هەمەوەندی بەڕێوە دەبردرا، بەڵام پاش ئەوەی بروسکەیەکی شیفرەکراو لەلایەن دوو چەکداری لیژنەی ڕەواندوز هێنراوە بۆ ئەوەی بۆ مەکتەبی سیاسی بنێرێت، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە یەکێك لە چەکدارەکان جاش بووە بە سەردان هاتووەتە لای براکەی کە پێشمەرگە بووە، بۆیە نوری حەیدەر لێی بە گومان دەکەوێ و داوای لە مەلا ئەمین بارزانی کردووە شوێنەکەی بگۆڕێت، پاش ڕازیبوونی ناوبراو بنکەی بێتەل گواستراوەتە ناو گوندی ئاکۆیان لە یەکێك لە خانووەکاندا دامەزرێنراوە، لە پشتەوەی خانووەکەش ئەشکەوتی لێبووە بۆ کاری لە ناکاو، پاش گواستنەوەی لە هەمان ڕۆژ سەرلەبەیانی ڕۆژی پاشتر فڕۆکە شوێنەکەی بۆمباران کرد و بەردی لە سەر بەرد نەهێشتەوە[3]. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە موخابەرە چەندە گرنگ و کاریگەرە، چەند ڕۆڵی خۆی هەیە لە

---

[1]. ڕیباز دلاوەر عومەر، پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١-١٩٧٥)، بەسەرپەرشتی عەلی تەتەر نێروەیی، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب-بەشی مێژوو، ٢٠١٧، ماستەرنامەی چاپ نەکراو، ل ١٠١.

[2]. ئیسماعیل گوندەژۆری، پەیامی ئەیلوول، ئەو بارەگایانەی دابەش ببوون بەسەر ناوچەکانی باڵەکایەتی، ژمارە ١٠، حوزەیران و تەموزی ٢٠٠٩، ل ل ٤٦- ٤٧.

[3]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٥-١٤٦.

یـەکلایی کردنـەوەی کێشـەکان و لـە بـاربردنی پلانـی دوژمنـان، بۆیـە هەمیشـە لـەناوبردن و داوای بەدەسـتەوەدانی ئـەم دەزگایـە یـەکێك بـووە لـە داواکـانی حکوومەت لە گشت شەڕ و دانووستانێکدا، هەروەك چۆن لە ١٩٦٥/١/٢٥ سوبحی عەبدولحەمید وەزیری نـاوخۆی عێـراق لـە لێدوانێکیـدا بـۆ ڕۆژنامـەی (المحـرر)ی لوبنانی ڕایگەیاند بوو پێویستە چەکدارەکانی کورد لەو ماوەیەی بۆیان دیـاریکراوە چەکەکان ڕادەستی حکوومەت بکـەن لەگـەڵ ئێزگـە و هـەرچی دەزگـای بێتەلـە، ئەمە لە کاتێکدا بووە عەبدولسەلام عارف سەرۆك کۆماری عێـراق لـەو بەڵێنانـەی پاشگەز ببووە کە لـە ١٩٦٤/٢/١٠ بـە مسـتەفا بـارزانی دابـوو[1]. بـە هـەمان شـێوە بارەگای بنکەی بێتـەلی لەشـکری دوو، کـە لەلایـەن سـەر لەشـکر ڕەشـید سـندی سەرپەرشتی دەکرا لە ئەشکەوتی کونە فلوسە دابووە لە ناوچەی هیران و سـەفین، لەلایەن کـادیری بێـتەل حەسـەن خـدر ڕەشـۆ بـەڕێوە دەبـردرا[2]، ئەمـەو بارەگـای بێتەلی هێزی شیوعییەکان بە فەرماندەیی ڕەئیس کەمال نـەعمان لـە ئەشـکەوتی مەحمود کاوانی بووە لە نزیـك پـردی حـافیز لـە سـەر ڕێگـای گشـتی[3]. ئیـتر دوای بـەرفراوانبوونی تـۆڕی موخـابەرە و دامەزرانـدنی سیسـتەمێکی لەشـکری لەسـاڵی ١٩٦٤ هاوشـێوەی سـوپای عێـراق کـە لـە چەنـدین هێـز و بـەتالیۆن و لەشـکر پێکهاتبوو[4]، دابینکردنی ئامێری بێتەل بۆ هەر یەکێك لەم هێـز و بەتالیۆنانـە دوای تێپەڕبوونی کات و بەدەستهێنانی ئامێری بێتەلی زیاتر، ئەم یەکانەش بۆ پارێزگاری و پاراسـتنی بنکـە بێتەلـەکانیان هـەمان ڕێچکـە و ڕێوشـوێنی پێشـوویان پەیڕەوکردووە، هەروەك بارەگای بێتەلی تایبەت بە شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی کـە لەلایـەن مسـتەفا بـارزانی تایبـەت بـۆی دانرابـوو بـۆ ئاگـاداربوون لـە ڕەوش و بـارودۆخی نـاوبراو و ئاگادارکردنـەوەی بـارزانی لێـی، چونکـە نـاوبراو لـە کۆتـایی تەمەنی دابووە و توشی نەخۆشی ببوو، ئەم بنکەی بێتەلە بە تەواوی نهێنی بـووە، لەلایەن هەردوو کادیری بێتەل محەمەد شەریف کە پێشـتر بێتـەلی پـۆلیس بـووە

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[3]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.

[4]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی بەڕێوەدەبردرا، بارەگاکانیشیان لە پشت گوندی بەبانا لە کونە سیخوڕکێ، شکەفتا شێرا، ئافشخورێ، گەزگەزکێ و گویزێ دادەنا بێئەوەی کەس پێی بزانیت یان سەردانی بکات[1].

سەبارەت بە بارەگاکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە سەرەتای دامەزراندنی تا نسکۆی شۆڕش، زۆر ئەشکەوت و شوێنی بەکارهێناوە بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی فڕۆکەکانی دوژمن. لە سەرەتای دامەزراندنی ڕادیۆی شۆڕش لە ناوچەی ماوەت، بارەگاکەی لە ئەشکەوتە ڕەشە بووە، دوای ئەوەی بارەگاکەی گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، سەرەتا لە چنارێ مشکۆی بووە، دواتر هێنراوەتە ئەشکەوتێ بلندان و شیوێ گولان[2]، دواتر بۆ گرجۆتیار و ئەشکەوتی سەردێمان لە قەسر و ماکۆسان، نزیك لە بارەگای مستەفا بارزانی لە نزیك گوندی سایە و شیناوە، بەڵام پاش بۆمبارانکردنی لەلایەن فڕۆکەکانی دوژمن کە بەشێکی زۆری لێ فەوتاوە، بە فەرمانی مستەفا بارزانی گواستراوەتەوە بۆ کانی خاتوون لە ماوەتانی حاجی ئۆمەران لە شیوەڕەش، بەڵام لەبەر کارنەکردنی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەبەر هۆکاری زانستی و جوگرافی، گواستراوەتە بۆ خەلان و مەمی خەلان، هەر لە هەمان شوێن لە ساڵی ١٩٦٩ بە شۆفەر شوێنی بۆ هەڵکەندراوە و لە ژێر زەوی شوێنی بۆ دروستکراوە[3]. جگە لە بەکارهێنانی ئەشکەوت و کونە بەرد وەك بارەگای پێشمەرگە و بنکەی بێتەل یان ئێزگەی ڕادیۆ، شۆڕش بیری بۆ دروستکردنی تونێلیش چووە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان لە هێرشی فڕۆکەکانی دوژمن، بە تایبەتی بۆ پاراستنی گیانی مستەفا بارزانی، هەروەك چۆن لە بەهاری ساڵی ١٩٧٣ بارەگای مستەفا بارزانی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران لە شیوەڕەش لە سەر دەستی وەستا محەمەد زینوەیی و دوو وەستای تر بە هاوکاری ٢٥ کرێکار دروستکراوە، هەر لەهەمان کات دەستکراوە بە لێدان و دروستکردنی تونێلێك لە ژێر هەمان بارەگا، بەسەرپەرشتی وەستا محەمەد بارزانی و سێ وەستای تر، بۆ

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[2]. ئیسماعیل گوندەژۆری، پەیامی ئەیلوول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

[3]. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان مەلا خالید لەلایەن موقەدەم عەبدوڵا ڕەمەزان عەبدوڵا، (هەولێر، ٢٠١٨/٦/١١).

ماوەی ساڵێك و سێ مانگ کارەکە تەواوکراوە، کاری کونکردنەکە بە کۆمپرێسەر و دەنەمێت بووە، ئەم تونێلە سێ دەروازەی باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەیە، کە لە ناوەڕاستدا بەیەك دەگەن، درێژی ئەم تونێلە ١٣٠مەترە[١].

هەر کاتێك ناوی کورد یان کوردستان دێت، یەکسەر بەرزی شاخ و چیا، سەختی ڕێگاو بان، دۆڵ و گەلی قووڵ، ڕووبار و کانی، دارستانی بەرز و چڕ، بەفر و باران و چەندان وێنەی تر دێنە پێش چاوانمان کە هەموو ئەم بەربەستە سرووشتیانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر جوڵە و پێشڕەوییە سەربازییەکان. لە ڕووی تاکتیکییەوە هەمیشە لەبەرژەوەندی خاوەن خاك (کورد) و دژی خواستی سوپا و ڕژێم بووە، ئەگەر لە پشتیوانی لۆجستیکی بێبەش نەکرا بن و پلانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و پەنا نەبردرابێتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ. بۆیە بەڕای ئێمە لە ناو نەچوون و نەتوانەوەی میللەتی کورد لە نێوان ئەم هەموو دڕندەترین دەوڵەت و ڕژێمانەی کوردیان بەسەردا دابەشکرداوە، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەم ناوچە شاخاوی و ئاسێیانەی هەمیشە باشترین دۆست و هاوڕێ بوونە لە گشت نەهامەتییەکان، وەك ئەو وتەیەی، کە کورد هەمیشە دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: تەنیا چیاکان دۆستی ئێمەن ( NO FRIENDS BUT MOUNTAINS )، هەندێك لەو هۆکارانەی کاریگەری دەکەنە سەر جوڵە و کردەوە سەربازییەکان لە ناوچە شاخاویەکان ئەمانەن[٢]:

١. هاوکاری و پشتیوانی لە نێوان بەشەکانی ئەو سوپایەی لە ناوچە شاخاویەکان دامەزراون یان شەڕ دەکەن زەحمەتە.

٢. هەمیشە هێڵەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردنی سوپای هێرشبەر لەو ناوچانە، ڕووبەڕووی پچڕان و هێرشکردن دەبن، بۆیە بۆ پاراستنی و دابینکردنی ئاسایشی ئەو هێڵانە پێویستی بە هێزێکی زۆر هەیە.

---

[١]. زانیاریەکان لەلایەن شاخەوان ڕەمەزان عەبدوڵا لە شوێنی تۆنێلەکە بە تەلەفون وەرگیراون.

[٢]. رئاسة هيئة الاركان- أقليم كوردستان- كلية الاركان، كراسة الجغرافية العسكرية الرقم ١٢، الطبعة الثالثة، أب٢٠١١، ص ص ٨٢-٨٣.

ئەم هۆکارانەش لەبەرژەوەندی پێشمەرگە و شۆڕش بووە، چونکـە کـورد وەك لایەنی بەرگریکار، بست بە بستی ناوچەکە شارەزا بووە، لە هەمان کات سودی لە شەڕی پارتیزانی بینیووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی درێژەکێشانی شۆڕش.

دامەزراندنی دەزگای موخابەرە لە سەردەمی شۆڕش، ئەگەرچی دەستکەوتێکی گەورە و بەنرخ بـوو، لـە هـەمان کـات بـەڕێوەبردنی کـارێکی ئاسـان نـەبوو، بـە تایبـەتی لـە ڕووی گواسـتنەوەدا، چونکـە ئـەم ئامێرانـە پێویسـتیان بـە هۆیـەکی گواستنەوە هەبووە بۆ گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بە تایبـەتی لـە بارەگای مستەفا بارزانی و سەرەتای دروست بوونی ئەم دەزگایە، کە هەمیشـە لـە جوڵەدا بووە بۆ بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕ لە بادینانەوە تا قەڵادزێ و چەمی ڕێزان، تاکە ڕێگەیەکیش بۆ گواستنەوەی ئـەم ئامێرانـە لـە سـەرەتادا وڵاغ و کـۆڵی پێشمەرگەکان بووە، بە تایبەتی کاتێك شۆڕش لـە سـەرەتای دەسـپێکردنی بـووە و نـەتوانراوە وەك پێویسـت بـارگیر بەدەسـت بخـەن بـۆ گواسـتنەوەی بێتـەل و پێداویستیەکانی، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە وەك:

١. سەختی ڕێگاکان کە زۆربەی ناوچەی شـۆڕش بێبـەش بـووە لـە خزمـەتگوزاری ڕێگاوبان.
٢. نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوە لە وڵاغ و ئۆتۆمبێل بە پلەی یەکەم.
٣. دەکرێت هۆکاری ئەمنیش یەکێك بێت، چونکە هەمیشـە ناوچـەی شـۆڕش لـە ژێر چاودێری فڕۆکە و ڕوانگەی سوپادا بووە، هەرچەندی کاروان (قافیلە) گـەورە بێت ئاشکرابوونی ئاسانتر دەبێت لەلای دوژمن کە زۆرجار ئەم کاروانانـە بوونەتـە ئارمانجی فڕۆکە و تۆپخانەی دوژمن.

دوای دەست بەکاربوونی دەزگـای بێتـەل و بڕیـاری بـارزانی بـۆ پەڕینـەوە بـۆ ناوچەی باڵەکایەتی کە چەندین شوێن و گونـدیان بڕیـوە بـۆ گەیشـتن بـە شـوێنی مەبەست، کاتێك گەیشتوونەتە ناوچەکانی برادۆسـت و سـیدەکان لـە ١٩٦٢/٣/٢٨ لە یەکێك لە شەڕەکان لە یەکێك لـە گونـدەکان پێشـمەرگەکانی سـەر بـە بارەگـای بێتـەل توانیانـە دەستبەسـەر بارگیرێـك و ئێسـترێکدا بگـرن و بخرێنـە خزمـەت پێداویستیەکانی بێتەل، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر تـەنیا یـەك ئێسـتریان هـەبووە کـە

ئـامێری بێتەلەکـە و مەکینـەی شـەحنی پـاتری و دوو پـاتری لێـی بـار دەکـران، پێشمەرگەیەکیش بەرپرسیار بووە لە هەڵگرتنی جەلیکانێك بەنزین و یـەکێکی تـر لە هەڵگرتنی ڕۆنی مەکینەکە و تۆماری بروسکەکان بە کۆڵ، پاش بەدەستهێنانی ئەم بارگیر و ئێسترانە ئەم دوو پێشمەرگەیە لـەم دوو کـۆڵ و بـارەگەیـە ڕزگاریـان بووە[1]. کاتێکیش بێتەلی چـەمی ڕێـزان بـۆ چالاکییـەك بەسەرپەرشتی مـەلا ناسح دەچنە ناوچـەی دوکـان و پیرەمـەگرون، بـۆ گواسـتنەوەی بێتـەل و کەلوپەلـەکانی سودیان لە دوو ئێستر وەرگرتووە قۆناغ بە قۆناغ، لە هەندێك شوێنیش سودیان لـە ئۆتۆمبێـل وەرگرتـووە بـۆ ئـەم گواسـتنەوەیە، کاتێـك بێتـەلی چـەمی ڕێـزان داوای بەنزین و ڕۆنی کردووە بۆ جەنەڕاتۆری کارەبا بۆ چـارچکردنی پـاتری بێتەلـەکان و بەگەڕخستنیان، پاش ئـەوەی ڕەزامـەنـدی لـە سـەر دراوە و لـە ئاغجەلـەرەوە بـە گوێدرێژێك کە تایبەت بوو بە بارەگای بێتەل بۆ هێنـانی ئـاو، پـێش ئـەوەی بگاتـە بنکەکە، لەلایەن دوو فرۆکەی مێگ کراوەتە ئامانج و بارەکە بە بارگیرەوە سـوتاوە، خۆشبەختانە ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵ بووە بە سەلامەتی دەرچووە[2].

پێوسـتە هـیچ کاتێـك ئـەوە لـە بیرنەکـەین کـە شۆڕشـی کـورد لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانیدا لــە سـەر قـووت و پێخـەفی گوندنشـینانی ناوچـە شـاخاوی و ئازادکراوەکـان بـووە، بۆیـە لـە ڕووی دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی گواسـتنەوەش درێغیـان نـەکردووە، هەمیشـە بـارگیرو ئێسـترەکانیان بـێ دوو دڵـی لـە خزمـەتی شۆڕشدا بووە، هەروەك لە داستانی هندرێنی ساڵی ١٩٦٦ کە یەکێك لە گرنگترین و گەورەترین دەستکەوتەکان ٧٠ بار بێتەل و کەلوپەلەکەی بووە، بۆ گواسـتنەوەی ئـەم کەلوپەلانـە سـود لـە وڵاغـدارانی گوندنشـینانی دەڤەرەکـە وەرگیـراوە بـۆ گواستنەوەیان بۆ بارەگاکانی پشتەوە[3]، ئەمـە جگـە لـەوەی شـۆڕش خـۆی بـەخۆی ژمارەیەك ئێسترو بارگیری هەبووە بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان.

هەرچی لە ڕووی سەربازیشەوەیە، بەخێوکردنی وڵاغ و بارگیر شتێکی ئاساییە

---

[1]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٢-٨٣.

[2]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٧،٤٠، ٦٠-٦١.

[3]. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧.

بۆ بەکارهێنانیان لە کاتی پێویست بە تایبەتی لە ناوچە شاخاویەکان، ئەمە جگە لەوەی، پێش هاتنەکایەوەی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر بۆ کاری گواستنەوە، بارگیر و وڵاغ باشترین و گرنگترین هۆیەکانی گواستنەوە بوون لەهەردوو بواری مەدەنی و سەربازیدا، هەمیشە یەکەی گواستنەوەی بارگیرەکان (وحدة نقلية الخيالة) یەکەیەکی کاریگەر و پێویست بووە لە ڕیزەکانی سوپا بە تایبەتی لە ناوچە شاخاویەکان.

بە هەمان شێوەی سەربازەکان هەریەکە لەو بارگیرانە ژمارەی سەربازی تایبەت بە خۆیان هەبووە. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی سوپاکان یەکەی شەڕکەری سوارەیان هەبوو بۆ هێرش و شەڕکردن، لە داستانی هندرێن یەکێك لە دەستکەوتە گەورەو پڕ بە سودەکانی پێشمەرگە دەستبەسەرداگرتنی لقی گواستنەوەی بارگیرەکان (سرية نقلية الحيوانات) بووە[1]. لە شەڕی داگیرکردنی ناحیەی باسنە و مەخفەرەکانی توانراوە دەستبەسەر ٧ ئەسپی سواری و گواستنەوەی کەلوپەلدا بگرن سەرەڕای دەستکەوتی تر[2].

ئەگەر وڵاغ و بارگیر باشترین هۆی گواستنەوەی بێتەل و پێداویستیەکان بێت لە شۆڕشی ئەیلوول، بە هەمان شێوە سوپاش سودی لەم هۆیە وەرگرتووە بۆ گواستنەوەی بێتەل و کەلوپەلەکانیان بۆ خالی بەرگری و ڕەبیەکانیان، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی، هێشتا جادە و ڕێی ئۆتۆمبێلیان بۆ نەچووە، سەرەڕای بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر بۆ هەمان مەبەست. ئەگەر بەراوردێکیش بکەین لە نێوان هۆیەکانی گواستنەوەی بێتەل لە نێوان پێشمەرگە و سوپا، هەست بە جیاوازییەکی زۆر مەزن دەکەین لەو بوارە. ئەگەر پێشمەرگە باشترین هۆکانی گواستنەوەی ئێستر و بارگیر بێت، کە بەدەگمەن ئۆتۆمبێلی بەکارهێنا بێت، سەرەڕای ئەوەی سوپاش هەمان هۆی بەکارهێناوە لە ناوچە دوورە دەستەکان، لەگەڵ ئەوە سوپا ئۆتۆمبێلی تایبەت بەو بوارەی بەکارهێناوە کە هەموو پێداویستیەکی تایبەت بە پەیوەندی

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦.

[2]. عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، (هەولێر- ١٩٩٧)، ل ٨٠.

کردنی تێدابووە لە بێتەل و کەلوپەلی یەدەگ و کارەبا، لە کاتی گواستنەوەی کاروان (رتل)ی یەکە سەربازیەکان یان فەرماندە باڵاکانی سوپا یاوەریان دەبێت. نموونەش بۆ ئەمە لە داستانی گەلی زاخۆ لە ١٩٦٢/٤/١ کاتێك کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی فەوجی ٢ی لیوای ٣ لە زاخۆوە دەردەچن بۆ فەیدیە، کە لە ٣٥ ئۆتۆمبێلی زیل و ٤ زرێپۆش و ٥ ئۆتۆمبێلی واز جیب کە تایبەتن بە ئەفسەرانی سوپا لەگەڵ ٢ پیك ئاپ لە جوری دۆجەرپاوەر، یەکێك لەو واز جیبانە تایبەت بووە بە بەشی پەیوەندیکردن و بێتەل دەکەونە کەمینی هێزەکانی پێشمەرگە، یەکەم تەقەیان بە ئاراستەی فەرماندەی فەوج و ئۆتۆمبێلی تایبەت بە بێتەل بووە، لەم داستانە توانراوە ژمارەیەکی زۆر لەم ئۆتۆمبێلانە بسوتێنن و ژمارەیەکی زۆری سەربازیش کوژراو و بریندابوونە، سەرەڕای خۆ بەدەستەوەدانی ژمارەیەکی زۆر سەرباز، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلێکی زۆری سەربازی[1]. ئەمە جگە لەوەی لە ناو سوپا دەتوانرێت هەر ئۆتۆمبێلێك ئامێرێکی تایبەت بە پەیوەندیکردنی بۆ دابنرێت ئەگەر لەبەردەست بن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گشت زرێپۆش و تانك و فڕۆکە، ئامێری بێتەلیان لە ناودا هەیە. پێشمەرگەش لە دوای بەرفراوانبوونی ناوچەی شۆڕش و دامەزراندی دەزگای بێتەلی گشتی سودی لە ئۆتۆمبێل وەرگرتووە بۆ گواستنەوەی ئامێرەکانی بێتەل بە تایبەتی لەو شوێنانەی، کە ڕێگای هاتۆچووی ئۆتۆمبێلی هەبووە.

[1]. وەسفی حەسەن ڕدینی، پەیامی ئەیلوول، داستانی گەلیێ زاخۆ، ژمارە ٢٤، ئەیلوول ٢٠١٢، ل ٤٨.

# بەشی هەشتەم

## بەشەکانی دەزگای موخابەرەی گشتی و جۆرەکانی بێتەل:

### ● بەشەکانی دەزگای موخابەرە

پاش ئەوەی هەردوو بنکە سەرەکییەکەی بێتەل لە ساڵی ١٩٦٤ یەکیان گرتەوە و لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتیەك یان دەزگایەکدا بەناوی بێتەلی گشتی دەست بەکاربووە. ئەم دەزگایە لێپرساوەتی گشت بنکە و بارەگاکانی کەوتۆتە بن دەست لە سەرتاسەری کوردستان و ئەو شوێنانەی بنکەی بێتەلی لێبووە، بە هەمان شێوە بەرپرس بووە لە دابینکردن و فەراهەمکردنی پێداویستی تایبەت بە بێتەل و کارەکەی لە چاککردنەوە، دابینکردنی پێداویستی و پارچەی یەدەگ، کردنەوەی خولی بێتەل و پێگەیاندنی کادیری بێتەلی بەتوانا لە ڕووی کارپێکردن و چاککردنەوە، بەدەستهێنان و کڕینی ئامێری نوێی بێتەل، کردنەوەی بنکەی نوێ بۆ ئەو هێز و بەتالیۆنەی تازە دادەمەزراون.

بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە سەرکەوتن بەدەست بهێننێت و کارەکان بە زووترین

کات ڕاپەڕێنێت، ئیشوکارەکانی لە سەر یەك کەڵەکە نەبن، پێویست بوو وەك هەر یەکێك لە یەکەو هێز و دەزگاکانی تر کارەکانیان دابەش بکات بۆ سەر چەند بەشێك بۆ فەراهەم کردنی ئەم سەرکەوتنە، گرنگترین بەشەکانی ئەم دەزگایە پێکهاتووە لەم بەشانەی خوارەوە[1]:

١. **بەڕێوەبەرایەتی:** لە ساڵی ١٩٦٤ لە قەڵادزێ دەزگا یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێتەل دامەزراوە، پاش ئەوەی هەردوو بنکە سەرەکییەکەی بێتەل یەکیان گرتووە، دیارترین بەڕێوەبەرەکانیشی بە شێوەی یەك لە دوای یەك بەم شێوەیەی خوارەوەیە[2]:

أ. **شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن:** ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٤ وەك یەکەم دامەزرێنەر و سەرپەرشتیکەری بێتەلی گشتی یان موخابەرەی گشتی دامەزراوە، لە قەڵادزێ بارەگاکەی کردۆتەوە و پەیوەندی لەگەڵ گشت بنکەو بارەگاکانی بێتەلی بەستووە لە سەرتاسەری کوردستان (زاخۆ تا خانەقین)، گشت بنکەکانی بێتەلی پێکەوە گرێداوە[3]، بە هەمان شێوە هاتووە، لەو کاتەی مەکتەبی سیاسی لە گەلی بەدران بووە، بارەگەی موخابەرەی گشتیش هەر لە مەکتەبی سیاسی بووە و لەلایەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل بەڕێوەبردراوە[4].

ب. **کەمال ئەحمەد بەرقی ناسراو بە معاون کەمال بەرقی:** دوای ئەوەی لە سەر فەرمانی بارزانی، لە ساڵی ١٩٦٦ شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن بە ئەرکێك ڕادەسپێردرێت، ناوبراو ئەرکی بەڕێوەبردنی موخابەرەی گشتی پێی دەسپێردرێت، بەڵام لە کۆتایی هەمان ساڵ دوای ئەوەی ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە لە ئەنجامی ئەو دانووستانەی هەبووە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمەکەی عەبدولڕەحمان عارف بە مۆڵەت چووەتەوە بەغداو نەگەڕاوەتەوە و پەیوەندی بە

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.
[2]. هەمان سەرچاوە.
[3]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.
[4]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

حکوومەتی ناوەندییەوە دەکات، بۆ زانیاری ناوبراو شارەزای کاری بێتەل بووە[١].

**ج. سەبری بۆتانی:** لە ساڵی ١٩٦٧ بووەتە بەڕێوەبەری موخابەرەی گشتی، ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی کەمال بەرقی پەیوەندی بە ناوەندەوە کردووە[٢].

**د. محەمەد عەزیز ناسراو بە حەمە عەزیز:** حەمە عەزیز لە هەمان ساڵی ١٩٦٧ پاش ماوەیەکی کەم لە شوێنی سەبری بۆتانی دەست بەکاربووە، ئەوەی جێگای باسە نە سەبری بۆتانی نە حەمە عەزیز شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە کاری بێتەلی نەبووە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە نە ئەفسەری بێتەل بوونە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد بێت، نە بەشداری خولی موخابەرەیان کردووە لە کاتی شۆڕشدا[٣].

**ه. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن:** دوای ئەمانە دووبارە شەوکەت مەلا ئیسماعیل کراوە بە بەڕێوەبەری موخابەرەی گشتی، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستەیە دوو بۆچوون هەیە لە سەر دووبارە دەست بەکاربوونی ناوبراو، یەکێکیان ئەوەیە کە ناوبراو دوای حەمە عەزیز لە ساڵی ١٩٦٨ دووبارە بووەتەوە بە بەڕێوەبەری موخابەرەی گشتی[٤]، بۆچوونەکەی تر لە ساڵی ١٩٧٤ دووبارە کراوەتەوەوە بە بەڕێوەبەر تا ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕش بەردەوام بووە[٥].

**٢. بەشی ئیدارە:** ئەم بەشە لەلایەن هەجەر سندی بەڕێوە دەبردرا، هەر چەندە ناوبراو خۆی تایبەتمەندییەکەی موخابەرە نەبووە، بەڵام ئەفسەرێکی سەربازیی بووە[٦].

**٣. بەشی بێتەلەکان:** لەلایەن جەمال ڕەشید بەڕێوە بردراوە.

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤؛ ابراهیم حمید ابراهیم پێداوی، رۆلێ ئەفسەرێن کورد د شورەشا ئەیلولێ دا ل ٥٤.

[٢]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤

[٣]. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧.

[٤]. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧.

[٥]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٦]. هەمان سەرچاوە.

**٤. بەشــی شــیفرە (جفــرە):** ئـەم بەشـە لەلایـەن حەسـەن خـدر ڕەشـۆ دەهاتـە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردن[١].

سەبارەت بە شیفرە و کاری شیفرە، ئەم بەشە کارەکەی جیا نییە لە کاری بێتەلی، چونکە کادیری بێتەلەکان تەنیا بروسکەکانیان وەرگرتووە و کاری شیکردنەوەی بروسکەکان تایبەت بووە بەو کەسانەی، کە بەرپرسبوونە لە شیکردنەوەی بروسکەکان و دۆزینەوەی کلیلی شیفرەکان[٢]، تەنیا لە سەرەتای شۆڕش نەبێت کە کادیری بێتەلەکان بەگوێرەی توانا و شارەزایی خۆیان هەوڵی ئەم کارەیان داوە. "هەندێك کەس لە پێشمەرگە لە هەر بارەگایەکی حزبی یان سەربازی بەرپرس بوونە لە ئاڵوگۆڕکردن و بەکارهێنانی شیفرەکان، تۆماری تایبەت بە تۆمارکردنی ئەو شیفرانە هەبووە کە لەلایەن هێزی چەکداری حکوومەت بەکاردەهێنران، دوای شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکان دەنێردران بۆ بەرپرسی لیژنەی ئازوقە یان بەرپرسی لیژنەی سەربازی (شۆڕش) لەهەر بارەگایەك بە گوێرەی تایبەتمەندی"[٣].

**٥. بەشی خولەکان یان پێگەیاندنی بێتەلەکان:** ئەم بەشە لەلایەن مامۆستا و شارەزای ئەم بوارە، نوری حەیدەر هەمەوەندی ناسراو بە مامۆستا هۆشیار بەڕێوەدەبردرا.

**٦. بەشی چاککردنەوە (ورشة):** بەشی چاککردنەوەی ئامێرەکانی بێتەل لەلایەن عزەت شوکری ئاکرەیی ناسراو بە عزەت عەقراوی سەرپەرشتی دەکرا، بارەگا یان بنکەی وەرشە لە گەلاڵە بووە، کاتێك یەکێك لە بێتەلەکان لەکار بکەوتایە لەلایەن ناوبراوەوە چاك دەکرایەوە و شتەکانی بۆ دابین دەکرد، سەردانی کردنی عزەت ئاکرەیی و داواکردنی پێداویستیەکانیش پێویست بوو بە فەرمانی مستەفا بارزانی

---

[١]. هەمان سەرچاوە.

[٢]. هەمان سەرچاوە.

[٣]. الدكتور بندر علي اكبر شاكه و اسعد جباری، مصدر سابق، ص ١٦.

بێت[١].

ئەم بەشە دوای فراوانبوونی بواری بێتەل لە ناو شۆڕش پاش دەستکەوتن و کڕینی جۆرەها بێتەل و کەلوپەلەکانی، پێویستی بێتەلەکان بۆ چاککردنەوە و گۆڕینی بەشە شکاو و تێکچووەکانی، شۆڕش ناچاربووە وەرشەیەك دابمەزرێنێت بۆ ئەم کارە بەسەرپەرشتی عزەت عەقراوی[٢]، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار ناوبراو خۆی وەك سەرپەرشتیکەری موخابەرەی گشتی یان موخابەرەی کوردستان ناساندووە[٣]. سەرەڕای ئەم بەشانە، بۆ هەر هێزێك ئەفسەرێکی بێتەل دیاریکراوە، ئەم ئەفسەرە ڕاستەوخۆ سەر بە موخابەرەی گشتی بووە و ئەندام بووە لەم دەزگایە، لەناو هێزەکەش چەند کادیری بێتەل هەبوونە کە هەندێکیان لەگەڵ ئەفسەری بێتەل لە بارەگای هێز بوونە و هەندێکیشیان لە بەتالیۆنەکان، هەر بەتالیۆنێك کادیری بێتەلەکی هەبوو، مەرج نەبوو ئەم کادیری بێتەلانە ئەفسەر بن، بەڵکو تەنیا ئەو کادیری بێتەلانەی سەرپەرشتی بێتەلی هێزیان دەکرد یان ئەوانەی لە بارەگای مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی دامەزراون بە ئەفسەر هەژمارکراون[٤]. هەرچی سەبارەت بە چاککردنەوەی ئامێرەکانی بێتەلە پێش دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، ڕاستەوخۆ لەلایەن بەشداربووانی خولەکە، کە بەشێکی خولەکە لە سەر چاککردنەوە و گۆڕینی بەشە شکاو و لەکارکەوتووەکانی ئامێرەکانی بێتەل بووە، پاش دەرچوون یان لە ماوەی خولەکەدا بەم کارە هەڵدەستان[٥]، مامۆستا هۆشیار ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لەم بارەیەوە، خۆی لە سەرەتا بەم کارە هەستاوە. زۆر جاریش بەهۆی دوری وەرشەی شۆڕش لە بارەگا و بنکەکانی بێتەل کە لەبەرەکانی پێشەوە بوونە، بەناچاری کادیری بێتەلەکان بەکاری چاککردنەوە هەستاون تاکو پەکیان نەکەوێ، وەك چۆن لە

[١]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.
[٢]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢١٤-٢١٦.
[٣]. هەمان سەرچاوە، ل ١٣١.
[٤]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.
[٥]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦-٢٠.

ساڵی ١٩٦٧ لە هێزی کاوە لە دۆڵە ڕەقە توانراوە ئامێری بێتەلە کۆن و لەکارکەوتووەکەیان لەلایەن کادیری بێتەل عەبدوڵا مەلازادە چاکبکرێت و بخرێتە کار کە لەبەر دوری و پێویستیان پێی، نەیتوانیوە بچێتە گەڵاڵە، سەرەڕای ئەوەی عزەت ئاکرەیی ناڕەزایەتی خۆی دەربڕیوە لەبەرئەوەی نەیدەهێشت کەس دەستکاری کارەکەی بکات و ئامێرەکان چاکبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر ئەم کارە دەربڕیوە[1]. زۆرجاریش خراپ بوون و لەکارکەوتنی بێتەلەکان بۆ چاککردنەوە ماوەیەکی زۆری دەخایاند، چونکە تەنیا عزەت ئاکرەیی دەسەڵاتی چاککردنەوەی ئامێرەکانی بێتەلی هەبووە، ئەویش لەبەر زۆری سەردانی کردنی ناوبراو بۆ ئێران و چاوەڕوانیکردنیان تا گەڕانەوەی و چاککردنەوەی ئامێرەکەیان، بۆیە ناچار پەنایان دەبردە بەر بێتەلەکانی یەکە و هێزە نزیك و هاوسێکانیان بۆ ناردنی بروسکەکانیان[2]، ئەمەش کات و ماندوبوونێکی زۆری پێویست بووە، بە تایبەتی لە گەرمەی شەڕ و پێکداداندا.

## جۆرەکانی بێتەل

لە سەرەتای شۆڕشەوە تا کۆتایی توانراوە ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆر لە ئامێرەکانی بێتەل بەدەست بهێنرێن، چ لە ڕێگەی شەڕ و دەستبەسەرداگرتن یان لە ڕێگەی ئەو پۆلیس و ئەفسەرانەی بە ئامێری بێتەلەکەیانەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە، ژمارەیەکیشیان لە ڕێگەی دۆستان و هاوپەیمانان چ وەك دیاری چ بە کڕین توانراوە بەدەست بهێنرێن کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، بەڵام لێرە مەبەستمانە باسی ناو و جۆری ئامێرەکان بکەین کە لە کات و شوێنی ئەو شەڕانەدا توانراوە دەستی بەسەردا بگرن یان بە دەستی بهێنن و بیخەنە خزمەتی شۆڕش، گرنگترینیان ئەمانەن:

**١. ئامێری بێتەلی جۆری ژمارە ١٢ یان C12:**

لە ١٩٦١/١٢/١٣ لە شەڕێکی گەورە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[2]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٠-١٤١.

عێراق لە دەڤـەری بادینـان، تـوانراوە بـۆ یەکـەمجار دەستبەسـەر ئـامێری بێتـەلی جـۆری ژمـارە ١٢ دا بگیرێـت، سـەرەڕای چـەك و تەقەمـەنی و کەلوپـەلی تـری سەربازی. یەکەم ئامێری بێتەل کە بەکارهێنراوە لە سەرەتای شۆڕش بێتەلی جـۆری ژمارە ١٢ یە لەگـەڵ مەکینەیـەکی بارگـاوی کـردنی پـاتری، (٢-٣) تەنەکـە بـەنزین، چەند گاڵۆنێك ڕونی مەکینە و ٤ بەنـد کاغـەز لـە بارەگـای بـارزانی وەرگیـراوە بـۆ بەکارخسـتنی لـە لایـەن شـەوکەت مـەلا ئیسـماعیل حـــــەســـــــەن بــــــە هاوکاری هـــــەردوو عـــــــەریفی بێتـــــەل مـــەلا ســـلێمان و

مستەفا حسـێن ئامێـدی لـە هـەمان بـەروار لـە ١٩٦١/١٢/٢١ لـە دەوروبـەری گوندی بامەڕنێ لە بارەگای مستەفا بارزانی خستوویانەتە کار[١].

ئـەوەی جێگـای باسـە ئـەم جـۆرە بێتەلانـە تایبـەت بوونـە بـە پـۆلیس و لـە دروستکراوی وڵاتی بەریتانیان[٢]. لە کاتی گرتنی قەڵای ڕایات سەرەڕای دەستکەوتی جۆراوجۆر، تـوانراوە دەستبەسـەر ئـامێرێکی بێتـەلی ژمـارە ١٢ دا بگـرن لەگـەڵ ٨ پاتری و مەکینەیـەکی چـارچکردنی پـاتری[٣]. ئەمـە لـە کاتێکـدا بارەگـای مەکتـەبی سیاسـی لـە چـەمی ڕێـزان ئـامێرێکی بێتـەلی لـەم جـۆرەی دەسـتکەوت بـوو، هەڵیانگرت بوو بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت بۆ ئێزگەی رادیـۆ، هەرچەنـدە ناتوانرێـت ئەم ئامێرە بکرێتە ڕادیۆ، ئەم ئـامێرە پـۆلیس بـۆ پەیوەنـدیکردن لـە نێـوان قـەزا و پارێزگاکان بەکاریهێناوە، جگـە لـەوە لـە ١٩٦٢/٩/٤ حـەکیم ئەحمـەد مـاوەتی بـە ئامێرێکی بیتـەلی ژمـارە ١٢ پەیوەنـدی بـە بنکـەی بێتـەلی مەکتـەبی سیاسـییەوە کردووە، کە لە سنووری ماوەت پیرەمەگرون کەوتبووە دەسـت پێشـمەرگە[٤]، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی پێویسـتە لـەبیر نەکـەین، کـە زۆربـەی ئـەو ئـامێرە بێتەلانـەی لەلایەن بەڕێوەبەر و پۆلیسی ئەو بنکانەی کە خۆیان و کەلوپەلەکانیان ڕادەسـتی پێشمەرگە کردووە لە جۆری ئەم بێتەلانەن.

---

[١]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٩-٤٢.

[٢]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩،٦٢.

[٣]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

[٤]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩-٢٠،٣٧.

عەریفی پۆلیس حەسەن خدر ڕەشۆ کاتێك پەیوەندی بە شۆڕشـەوە کـردووە ئامێرێکی بێتەلی جۆری C۱۲ ئینگلیزی لەگەڵ خۆی هێنـاوە و لـە هێـزی سـەفین وەك کادیری بێتەل دەستبەکار بووە، بە هەمان شێوە گلیانا پـترۆس کـە کەسـێکی مەسیحی بووە، یەکێك بوو لە کادیری بێتەلـــــــەکانی پۆلیسـی عێـراق، زمـانی کوردیشی نەزانیوە، کاتێك پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات ئـامێری بێتەلەکـەی کـە لە جۆریC۱۲ یە لەگەڵ خۆی دێنێت، ئەمە جگە لە چەندین پۆلیسـی هاوشـێوەی ئەو ناوبراوانە.

سەبارەت بە شێوەی کارکردنی ئەم ئامێرەشە، بە هێزی ۱۲ ڤۆڵـت کاردەکـات، گواسـتنەوەی قـوڕس و تێچووەکـەی زۆرە[1]، ئـامێری ژمـارە ۱۲ بـە شـەپۆلی (فریکوێنسی) دەنگی ئێف ئێم و ئەی ئێم کاردەکـات، ئـەی ئێمـیش لـە شـەپۆلی کورت، ناوەندی و درێژ پێکدێت، ئەوەی پێشمەرگە کاری پێکردووە شەپۆلی کورت بووە کە بە ڕۆژ شەپۆڵێك بووە بە شەویش شەپۆڵێك، چونکە لەرەلەری زۆر بەهێز نەبووە، دەتوانرا بەم لەرەلەرە لەگەڵ بەغدا قسە بکرێت یان لە زاخۆ بۆ خانەقین، ئەمەش لە سەر کادیری بێتەلەکە دەمایەوە لە چۆنییەتی ئاراسـتەکردن و ڕاگرتنـی ئانتێنەکـەی بـە شـێوەیەکی دروسـت، واتـە جێگیرکردنـی ئانتێنەکـە بەشـیوەیەکی ستاندارد هاوشێوەی ئانتێنی تەلەڤزیۆن[2].

**٢. ئامێری بیتەلی جۆری پای ٢١ (PY۲۱ ):**

ئەم ئامێرەش بە هەمان شێوەی ئامێری بیتەلی ژمارە ١٢ تایبەتە بە پۆلیس، لـە چەمی ڕێزان لە کاتی کردنەوەی خولی بێتەل و پێگەیاندنی کادیری موخابەرە سود لەو جۆرە ئامێرانە وەرگیراوە، کـە لەلایـەن شۆڕشـەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە، ژمـارەیـان ٢٥ دانـەبوو، ئـەم ئامێرانـە کەرەسـتەیەکی سـەرەتایی بوونـە، لـە مەخفـەرەکانی پـۆلیس بـە ناچـاری بـەکاردەهێنران، کاتێـك کەوتوونەتـە دەسـت پێشـمەرگە نیـوە تەمـەن بوونـە و زۆربەیـان لـەکار کـەوتبوون، نـوری حەیـدەر هەمەوەندی ژمارەیەکی چاککردونەتەوە بۆ بەکارهێنانیان بۆ وانەوتنەوە لە خـولی

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.
[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

بێتەل و بنکە سەرەکییەکانی بێتەل لـــەو

ناوچەیە[١]، بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٦٧ لـە کـاتی کردنـەوەی یەکـەم خـول دوای دامەزراندنی موخابەرەی گشتی خولەکـە لـە سـەر هـەردوو ئـامێری بیتـەلی ژمارە ١٩ و ژمارە ٢١ بووە[٢].

کاتێك مستەفا ئامێدی و عەبدوڵا غـۆل پەیوەنـدییان بـە شۆڕەشـەوە کـردووە، ئامێری بێتەلی مەخفەرەکانیان کە لە جۆری پای ٢١ بووە لەگـەڵ خۆیـان هێنـاون، ئەمە سەرەڕای ئەو ئامێرە بێتەلانەی لە مەخفەرەکانی شێروان، بلێ، کانی ماسێ و بارزان دەستیان بەسەردا گیراوە لە جۆری پای ٢١ بوونە، کە تەنیا بە مۆرس کاریان کردووە[٣].

کاتێکیش، کە کادیری بێتەل عەبدوڵا مەلازادە گواستراوەتەوە بـۆ هێـزی کـاوە، ئەو بێتەلەی لە بنکەی هێز بووە لە جۆری ژمارە ٢١ی بەریتانی بووە کە لە سلکی پۆلیس لە مەخفەرەکان بەدەست کەوتبوو، بـە پاتریـەکی ٦ ڤـۆڵتی کـاری دەکـرد، ئامێرێکی زۆر خراپ بووە لە کاتی ئـیش پێکردنـی بـە مـۆرس دەنگـی بەرامبـەری نەدەهات، دەبووە ژاوەژاو[٤]، سەرەڕای ئەوەی یەکەم ئـامێری بێتـەل لـە سـەرەتای شۆڕش کە بەکار هاتووە لـە جـۆری ژمـارە ١٢ بـووە، بـەڵام بـۆ یەکـەمجار کـە بـە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە ئامێری جۆری ژمـارە ٢١ بـووە کـە بـە بـڵاوی لـە سـەر هێـز و بارەگاکـان دابەشـکراوە[٥]، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە سـەر زۆری ژمـارەی ئامێری بێتەلی جۆری ژمارە ٢١ لە چاو ئامێری بێتـەلی ژمـارە ١٢، کـە لـە زۆربـەی ئـــــــــەو مەخفەرانـــەی کەوتوونەتـــە دەســـت پێشـــمەرگە یـــان خۆیـــان بەدەستەوەداوە هەبووە و پێشمەرگە سودی لێوەرگرتووە و بەکاری هێناوە.

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧-٢٢.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]. هەمان سەرچاوە.

[٥]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

**٣. ئامێری بێتەلی جۆری ژمارە ٩:**

ئەم جۆرە ئامێرانە لە دووری زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر لە سەر شەپۆلی کورتی ٧ حەوت مێگاسایکل بەرەو سەرەوە پەیوەندییان پێوەدەکرێت، دروستکراوی وڵاتی ئەمریکایە، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٢ لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە سەر ڕێگای ئاغجەلەر- بازیان، پێشمەرگە توانیویەتی دەست بەسەر دوو تانکی سوپادا بگرێت بەگشت سەرنشین و کەلوپەلەکانییەوە کە دوو ئامێری بێتەلی جۆری ژمارە ٩ی ئەمریکی تێدابووە، ئەم جۆرە بێتەلە یەکێکە لەو بێتەلانەی لەلایەن پەیمانی سەنتو بەکاردەهات، کە یەکێکە لە پێشکەتووترین ئامێری بێتەلی ئەو سەردەمە[١]، ئەمە لە کاتێکدا، کە پێشتر لە شەڕێکی نەبەردانە لە گەلی زاخۆ لە ١٩٦٢/٩/٤ بە سەرکردایەتی عیسا سوار توانراوە دەستبەسەر ئامێرێکی بێتەلی ژمارە ٩دا بگرن سەرەڕای دەستکەوتی تری سەربازی جۆراوجۆر[٢].

لە شەڕی هندرێن پێشمەرگە دەستکەوتی باشی بەدەست کەوت لە چەك و تەقەمەنی و گشت کەلوپەلێکی تری سەربازی لەوانە ١٠ تا ١٢ دانە ئامێری بێتەلی ژمارە ٩ی ئەمریکی، بە هەمان شێوە لە شوێنی تریش توانراوە ئامێری لەم جۆرە بەدەست بهێنرێت تا وایلێهات بنکەی بێتەلی گشت هێزەکان ئامێری ژمارە ٩ بەکاربهێنن، چونکە پێشکەوتووترین و بەهێزترین ئامێری بێتەلی ئەو سەردەمە بووە[٣].

لە شەڕی داگیرکردنی ناحیەی باسنە و مەخفەرەکانی توانراوە دەستبەسەر دوو ئامێری بێتەلی ژمارە ٩ دا بگرن سەرەڕای دەستکەوتی تر[٤].

جگە لەوە لە هەمەدان لە ساڵی ١٩٦٥ ئامێرێکی ژمارە ٩ لەلایەن مەلا عەبدوڵا لە شوێنی مانەوەی گرووپی جیابوویەوەی مەکتەبی سیاسی بەکارهێنراوە بۆ گوێگرتن لە بروسکەکانی حکوومەتی عێراق بە چاودێری دوو عەریفی ئێرانی[٥].

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

[٢]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

[٣]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]. عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

[٥]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوی پێشوو، ل ٩٦.

ئامێری بێتەلی ژمارە ٩ بۆ شەڕی پارتیزانی زۆر بە سود و گونجاو بووە، سەرەڕای ئەوەی پاتریەکی زۆری بەکاردەهێنا و پێویستی بەردەوامی بە چارچکردن و بەکارهێنانی کارەبا بووە، لە هەمان کاتدا بە هندرلێدان کاریکردووە و پێویستی بە وزە نەبووە، بۆیە بە باشترین ئامێری بێتەل دادەنرێت لە شۆڕشی ئەیلوول[١]. دەزگای بێتەلی GRC٩ ڤۆڵتیەی زۆر بەهێز و مەترسیداری هەیە، لە نێوان ٤٢٥ ڤۆڵت تا ٥٨٠ ڤۆڵت، هێزی بەکارهێنانی بە مۆرس ١٥ وات و بە قسەکردن ٧ واتە، لە دوو پارچە یان بەش پێکدێت، بەشی ناردن (المرسلة) وە بەشی وەرگرتن (المستقبلة)[٢].

لە ساڵی ١٩٧٣ لە مەکتەبی پەیوەندی پارتی لە تاران ئامێرێکی بێتەلی جۆری ژمارە ٩ لەلایەن کادیری بێتەل عەبدوڵا لاسلکی بەکارهێنراوە، کە دەیتوانی پەیوەندی بە هەموو شوێنێك بکات، بەڵام تەنیا ڕێی پێدراوە پەیوەندی بە بارەگای بارزانییەوە بکات لە ناوچەی باڵەکایەتی و حاجی ئۆمەران[٣].

جگە لەمە بێتەلی ژمارە ٩ بە ڕادیۆی پاتری گەورە و بچووك دەتوانرێت وەربگیرێت، بە هەمان شێوە بێتەلی ژمارە ٩ دەیتوانی بێتەلی تانکەکانی دوژمن وەربگرێت و بچێتە سەر هێڵەکانی[٤]، ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت، کە هەمان جۆر ئامێری بێتەلی تێدایە، چونکە لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی دوو تانکی دوژمن لە ڕێگەی بازیان ئاغچەلەر بێتەلی ژمارە ٩ی تێدابووە.

### ٤. بێتەلی ژمارە ١٩ی کەنەدی:

لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ لەو کاتەی شۆڕش فەرمانی کردنەوەی خولێکی تری بێتەلی دەرکرد بوو لە قەڵای ڕایات بەسەرپەرشتی نوری حەیدەر هەمەوەندی

---

[١]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]. عبدالله درويش ابراهيم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٤-٣٥.

[٣]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

(مامۆستا هۆشیار)، موقەدم عەزیز ئاکرەیی بە دوو لاندروڤێری پڕ لە ئامێری بێتەلی ژمارە ١٩ی کەنەدی، کە شۆڕش بەدەستی هێنابوون لەگەڵ چەند کەسێکی بیانی عەرەبی زمان سەردانی ناوبراویان کردووە بۆ بەکارخستن و فێرکردنیان، بەڵام بێ ئەوەی بیانییەکان دەست پێبکەن لەلایەن مامۆستا هۆشیار بەگەڕخراون و بەهەردوو ڕێگای مۆرس و قسەکردن. ئەمەش بووەتە جێگای خۆشحاڵی مامۆستا بیانییەکان[١].

ئەمە یەکەم خولی گشتی شۆڕش لە سەر هەردوو ئامێری بێتەلی ژمارە ١٩و ٢١ بووە[٢]. کاتێك بە فەرمانی بارزانی بنکەیەکی تایبەتی بێتەل لە بارزان دادەمەزرێنرێت بۆ ئاگاداربوون لە تەندروستی شێخ ئەحمەدی بارزان، کە لەلایەن هەردوو کادیری بێتەل محەمەد شەریف ئاکرەیی و عەبدوڵا لاسلکی بەڕیوەدەبردرا، ئەو بێتەلەی بەکارهێنراوە لە جۆری ژمارە ١٩ بووە، کە لەگەڵ خۆیان بردووەتە بارزان[٣]. ئامێری ژمارە ١٩ بۆ شەڕی پارتیزانی ناشێت، بەڵکو پێویستە شوێنەکەی جێگیر بێت، چونکە ناتوانرێت بە بارگیر هەڵبگیرێت و تێچووەکەی زۆرە، لە هەمان کات بە وزەی ٢٤ ڤۆڵت کاردەکات، کە دابینکردنی دوو دانە پاتری ١٢ ڤۆڵتی لەوکاتی بۆ ئەم ئامێرەی بێتەل ئاسان نەبوو[٤].

### ٥. بێتەلی ژمارە ١٠ی ئەمریکی:

ئەم جۆرە بێتەلە لە ساڵی ١٩٦٦ بە زۆری لەلایەن پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەکارهێنراوە لە چیای هندرێن و گوندی بەرسرین، بەکۆڵ هەڵدەگیرێت، زۆرجار لەلایەن ڕەئیس کەمال نەعمان و ملازم خدر داوا لە مامۆستا هۆشیار کراوە بۆ سەرپەرشتیکردنی بێتەلەکانیان لە ڕووی چاککردنەوە و پاراستن و پرکردنەوەی پاتریەکانی، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٦٩ لە بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران داوا لە ناوبراو کراوە بەیاوەری هەریەك لە ڕەشید سندی و

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]. هەمان سەرچاوە.

موقەدم عەزیز ئاکرەیی بچێتە مەرگە بۆ کردنەوەی خولێکی بێتەل بۆ ژمارەیەك پێشمەرگە لە سەر بێتەلی ژمارە ١٠ی ئەمریکی، کە لە ڕێگا لەگەڵ خۆیان بارکردوون، ژمارەیان ١٠ دانە بووە[١].

ئەم جۆرە بێتەلە گونجاوە بۆ شەڕی شاخ و پارتیزانی لەبەر سووکی کێشی، کە دەتوانرێت بەکۆڵ هەڵبگیرێت و گواستنەوەی ئاسانە[٢].

**٦. دەزگای بێتەلی ژمارە ١٠٣ی ڕوسی:**

ئامێری ژمارە ١٠٣ی ڕوسی ئامێرێکی زۆر پێشکەوتوو بووە، حکوومەت بۆ ژاوەژاو خستنە سەر ئامێرەکانی بێتەلی شۆڕش لە ناوچەی چەمی ڕێزان بەکاریهێناوە[٣]. لە ١٩٦٣/٥/١٥ لە گوندی دارەخورما لە بناری چیای قەرەچوغ دوژمن بە پۆلیسی سنوور و چەکدارە مەدەنییەکانییەوە هێرش دەکەنە سەر بارەگای پێشمەرگە، پاش شەڕێکی کەمتر لە دوو کاتژمێر، توانراوە دوژمن تێکبشکێندرێت و دەستبەسەر ئامێرێکی بێتەلی ژمارە ٣دا بگرن[٤]، بەڵام بە ڕای من بێتەلی ژمارە ١٠٣ یە نەك ٣ چونکە لە هیچ سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بە جۆری بێتەلی ژمارە ٣ نەکراوە.

**٧. بێتەلی ژمارە ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٨ی ڕوسی:**

شان بەشانی ئامێرەکانی سەرەوە ئامێری تریش هاتوونەتە ناو بواری خزمەتکرن لە سەردەمی شۆڕش، وەك ئامێری بێتەلی ١٠٤و ١٠٥ی ڕوسی[٥]، و جۆرەکانی تری وەك ژمارە ١٠٥و ١٠٦ و ١٠٨ لەلایەن پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٦٦ لە چیای هندرێن و گوندی بەرسرین بەکارهێنراون، کە

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٧، ٢١١.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

[٤]. یادەوەری سالح حەسەن حسێن، پەیامی ئەیلوول، ئامادەکردنی پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٢١، تەمووزی ٢٠١١، ل ٨٤.

[٥]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

بەکۆڵ هەڵدەگیرێن[1].

سەرەڕای ئەوەی لە داستانی چیای هندرێن لە هەمان ساڵ دەستکەوتی جۆراوجۆر لە چەك و تەقەمەنی و بیتەلی جۆراوجۆر دەستکەوتووە، توانراوە دەستبەسەر ٢٥ دانەش لە ئامێری بێتەلی ژمارە ٥ و ٧ ی ڕوسیدا بگیرێت[2]، بەڵام لەو باوەڕەدام بێتەلی ژمارە ١٠٥ و ١٠٧ی ڕوسی بێت نەك ٥ و ٧، سەلماندنی ڕاستی ئەمەش ئەوەیە، کە هێزەکانی حزبی شیوعی لەم سنووره ئەم جۆره بێتەلانەیان بەکارهێناوە، بۆ زانیاری خوێنەران سەرکردە و ئەفسەرانی حزبی شیوعی پەیوەندی نهێنیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری فەرماندە و ئەفسەرانی سەربازی عێراق هەبووە، لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە زۆربەی پێداویستەکانیان لە چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی دابین کردووە، جا چ بە کڕین بێت یان بە پەیوەندی کەسی و ڕێکخستنی نهێنی بێت. هەر بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم ڕاستییە، دوای دامەزراندنی هێزی باڵەك بەسەرپەرشتی عەبدوڵا ئاغای پشدەری و بەرفراوانکردنی بنکەی بێتەلی هێز پاش ساڵی ١٩٧٠ کە لەلایەن عەبدوڵا مەلازادە سەرپەرشتیکراوە، سەرەڕای ئامێری بێتەلی گەورە، چەندین ئامێری بێتەلی ژمارە ١٠٤ و ١٠٥ یان هەبووە، پێویستە لەبیر نەکەین، پێشتر بنکەی بێتەلی هێز لەلایەن هەریەکە لە مامۆستا هۆشیار و تەها محەمەد شەریف و مەولود ئیبراهیمەوە بەڕێوەبردراوە[3].

لە تایبەتمەندیەکانی ئامێری بێتەلی ١٠٥ R ڕوسی، بەشی نێرەرەر و وەرگر بە لەرەلەری زۆر بەرز کاردەکەن، کە تەنیا بە قسەیە، دەتوانرێت لە کاتی لەکارکەوتنی بە ئامێرێکی تری هەمان جۆر بەئاسانی دەست بە دووبارە پەخشەکەی بکاتەوە، بەرزترین هێزی کارەبای وەرگر ١٢٠ ڤوڵت و نێرەرەر ١٥٥ ڤوڵتە[4]. لە داستانی گەلی زاخۆ لە ١٩٦٢/٤/٧ هاوشان لەگەڵ دەستکەوتی تر

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.

[2]. مامۆستا جەلال خدر، پەیامی ئەیلوول، داستانی هندرێن، ژمارە ٣٠، ئابی ٢٠١٣، ل ٦٤.

[3]. عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، ل ٧٢.

[4]. عبداللە درویش ابراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٩-٩٠.

توانراوە دەستبەسەر ٤ دانە لە بێتەلی سەفەری و ٥ دانە لـــە

بێتەلی سەرکۆڵدا بگرن[١]، کە یان ئەمریکین یان ڕوسـی، چونکـە تـەنیا لـەو دوو وڵاتە ئـامێری بێتـەلی پشـتە کۆڵیـان لـە نـاو سـوپای عێـراق هـەبووە بـە گـوێرەی سەرچاوەکان.

**٨. بێتەلی جۆری لۆکەیشن LOCAITION:**

لە ساڵی ١٩٧٣- ١٩٧٤ ژمارەیەکی زۆر لە ئامێری بێتەل بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتنە دەست شۆڕش و پەیدایکردن بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بە تایبـەتی ئـامێری بێتەلی لۆکەیشنی locaition سەفەری[٢].

**٩. بێتەلی جۆری walkie-talkie:**

ئەم جۆرەی بێتەلە لە ناو هێزەکـانی پێشـمەرگە بـە هـۆکی تـۆکی بەناوبانگـە، لەساڵی ١٩٦٩ شۆڕش توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە ئامێری بێتەلی جـۆری وۆڵکـی تۆڵکی پەیدا بکات[٣]، بە هەمان شێوە لەساڵی ١٩٧٤ هەندێك ئامێری بێتەلی هۆکی تۆکی پەیدابوون، لەلایەن ئەندازیار حەمید، کە ئێسـتا دکتـۆر حەمیـدی پێـدەڵێن، بەرنامەی بۆ داناوە و بەسەر هێز و بەتالیۆنەکاندا دابەشکراون، بـەکارهێنانی ئـەم ئامێرانە ئاسان بووە، چونکە شـیفرەی نـەبووە و بـە ئاشـکرا قسـەی پێـدەکرا و بـە زۆری لەبەرەکان و کاتی شەڕ لەلایەن سەرلق و فەرماندەی بەتالیۆن و هێزەکان و ئەفسەری تۆپخانەو ڕوانگەکان (المرصد)هوە بەکاردەهێنران، چونکە لە کاتی شـەڕ دەرفەتی ئەوە نییە شیفرەکان شیبکرێنەوە، مەگەر بتوانن هەنـدێك وشـە و نـاوی نهێنی دابنرێت بۆ ئەوەی دوژمن بەئاسانی لێی تێنەگات، ئەم ئامێرانە لە

سەر شەپۆلی نیمچە ئێف ئێم کـاری کـردووە، ئەگـەر هەردوولایـەن لەیەکـدی دیاربوونایە ئەوا لە دووری زۆر دەتوانرا پەیوەندی بکرێت وەك ئەوەی لە کۆڕەك بە ئاسانی لە سەفین تێدەگەیشت، بەڵام ئەگەر لەیەك دیار نەبوونایـــە

---

[١]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

[٢]. دیداری ڕێزدار ڕەشید سندی، پەیامی ئەیلوول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

[٣]. هەمان سەرچاوە.

ئەوا بۆ دووری ١٥ کیلۆمەتر دەچوو[١].

**١٠. بێتەلی ڕاکاڵ:**

ئەم ئامێرە بە یەکێك لە باشترین ئامێرەکانی پەیوەندیکردن دەژمێردرێت. لە کۆتایی سەردەمی شۆڕش هاتووتە ناو ڕیزەکانی، بەڵام نەتوانراوە بەکاربهێنرێت لەبەر قورسی و گەورەیی ئامێرەکە، کە پێویست بوو شوێنەکەی جێگیر و نەگۆڕ بێت لەلایەك، بەهۆی درەنگ هاتنە ناو ڕیزەکانی شۆڕش لەلایەکی ترەوە[٢]. لە شەڕ و داستانی چیای سەرتیز، کە لە پایزی ساڵی ١٩٧٤ ڕوویدا، پێشمەرگە توانی زیانێکی گەورە بە دوژمن بگەیەنێت، سەرەڕای دەستکەوتی زۆر لە تۆپ و چەك و تەقەمەنی و کوشتن و برینداركردنی ژمارەیەکی زۆر لە جاش و سەرباز، توانراوە دەستبەسەر ئامێرێکی بێتەلی جۆری ڕاکاڵدا بگرن[٣]، ئەم ئامێرە وەك دیارە لەو سەردەمی هاتبووە ناو ڕیزەکانی سوپای عێراق و کەوتبووە خزمەتی سەربازی.

ئامێری بێتەلی ڕاکاڵی جۆری BCC ٣٤٩ ئامێرێکی خاوەن فریکوانسێکی زۆر بەرزەVHF، بە یارمەتی سەربازێك هەڵدەگیرێت، بۆ دابینکردنی پەیوەندی لە نێوان لقەکان (السرایا)ی سەربازی بەکاردێت، ٤٠٠ کەناڵی هەیە، تەنیا بەقسەکردن کاری پێدەکرێت بێ مۆرس، بە ١٢ ڤۆڵت کاردەکات، پاتریەکەی چارج دەکرێت و توانایی ٢٠ کاتژمێر پێدانی وزەی هەیە[٤].

**١١. مەجەس٣:**

مەجەس ئامێرێکی پەیوەندی کردنی زۆر پێشکەوتووی ئەو سەردەمە بووە، بۆ پەیوەندیکردن بە فڕۆکەوانەکان لەلایەن سوپاوە بەکار دەهات، بۆ فڕۆکەوان وەك ڕوانگە (المرصد) وایە، لەشەڕی هندرێن لە ساڵی ١٩٦٦ پێشمەرگە دەستی بەسەردا گرتووە[٥].

---

[١]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. وەسفی حەسەن، پەیامی ئەیلوول، داستانی چیای سەرتیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

[٤]. كراسة المخابرة لطلاب الاكاديمية العسكرية، مصدر سابق، ص ١١٧.

[٥]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

# بەشی نۆیەم

## موخابەرە بۆ پێگەیاندنی کادیری پارچەکانی تری کوردستان

دامەزراندنی دەزگای موخابەرە یان موخابەرەی گشتی تەنیا دەستکەوتێك نەبووە بۆ کوردی باشوور و شۆڕشەکەی، بەڵکو دەستکەوتێك بووە بۆ هەموو میللەتی کورد لەهەر کۆییەکی ئەم جیهانە، واتا دەزگای موخابەرە قوتابخانەیەك بووە بۆ پێگەیاندنی کادیرانی پارتە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستان بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران)، کە بیرکردنەوەیەکی ژیرانە و دەرفەتێکی باشبووە لەو سەردەمی، مەبەست لێی خۆ ئامادەکردن بووە بۆ هەر دەرفەتێك ئەگەر بێتە کایەوە بۆ بەشەکانی تری کوردستان لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، بەڵام خەونی ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاری بەشێکی زیندووە لە بیرو و هۆشی کورد، هەرکاتێك بۆی ڕەخسا دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە خەونەکەی. هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی سیاسی و سەربازی و ئابووری خۆی هەیە، بۆیە کار و پەیڕەوی پارتەکانیش لە سەر ئەم بنچینەیە نووسراو و داهێنراون، پارتی دیموکراتی کوردستانیش، کە خاوەنی شۆڕشی ئەیلوولە

سەرەڕای ئەوەی بە دایك و قوتابخانەی پارتەکان دادەنرێت و خەڵکی کوردی گشت پارچەکانی کوردستان بە یەك چاو سەیرکردووە و پاڵپشت و پشتیوانیان بووە بۆ درێژەدان بە کار و خەباتی سیاسی و چەکداری، هەرچەندە ئەم وڵاتانە بەیەك چاو سەیری کوردیان کردووە و دەکەن، بەڵام لەبەر بوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا بە کەم یان زۆر پشتیوانی لۆجستیکیان لە شۆڕشی کورد کردووە لە دژی یەکتر لە سەر بنچینەی پرەنسیپی دوژمنی دوژمنم، دۆستمە (عدو العدو، صدیق).

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول واتە لە ساڵی ١٩٦١ ژمارەیەك لە کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێران پەیوەندییان کردووە بە ڕیزەکانی شۆڕش، دەستیان بە خەباتی سیاسی و چەکداری کردووە شانبەشانی مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی، وەك ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵا ئیسحاقی)، مەلا عەبدوڵا و مەلا عوسمان، شادڕەوان، مەلا ڕەشید، سلێمان موعینی، کە یەکێکیان لای بێتەلی شۆڕش دەست بەکاربووە، مەبەست لێی شارەزابوون بووە لە چۆنییەتی ناردن و وەرگرتنی بروسکە، گوێگرتن لە بروسکەکانی دوژمن، شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکانی حکوومەت و چۆنییەتی تۆمارکردنی بروسکەکان، واتە بەگشتی دروستکردنی کادیرێکی بێتەلی تەواو شارەزا بووە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سودی لێ وەربگیرێت لە شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەگەر دەلیڤە بڕەخسایە[١].

## بێتەلی شۆڕش و هاوکاری حیزبەکانی تری کوردستان

ئەگەر کوردستانی باشوور و شۆڕشەکەی قوتابخانە و مینبەرێك بێت بۆ پارت و کوردی هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە، دەزگای موخابەرە یان موخابەرەی گشتی بە بەشێکی گرنگی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت لە پێگەیاندن و هاوکاریکردنی پارت و بزووتنەوەکانی تری کوردستان چ لە ناوخۆ یان لە دەرەوە، بە تایبەتی حزبی شیوعی کە هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە و کادیرانی پارتی ئەوانیش چەندین نەبەردیان تۆمارکردووە، لە چەندین بەرەی شەڕ ئەرکی سەرەکی هێرشکردنیان

[١]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٣.

پێسپێردراوە و سەرکەوتن و داستانی گەورەیان بەدەستهێناوە، بە تایبەتی داستان و شەڕی کۆڕەك و هندرێن، کە ئەرکێکی گەورەیان لە ئەستوو بووە بۆ بەرگری و گیانفیدایی[1]. لە ساڵی ١٩٦٥ ڕەئیس کەمال مفتی سەرکردە لە حزبی شیوعی، کە بارەگای هێزەکانیان لە گوندی بەرسرین بووە داوای لە سەرکردایەتی شۆڕش کردووە بۆ ئەوەی بێتەلێکیان بۆ دابین بکەن لەگەڵ کادیری بێتەل بۆ ئەوەی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ سەرکردایەتی و بارەگا و بنکەکانی شۆڕش بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداو و پێشهاتەکان، بۆیە دوای ڕەزامەندی سەرکردایەتی، بڕیاردراوە بە ناردنی نوری حەیدەر هەمەوەندی، کە کادیری بێتەل بووە لە بەتالیۆنی مەلا ئەمین بارزانی سەر بە هێزی باڵەك بووە لە گوندی ئاکۆیان بۆ پەیوەندیکردن بە بارەگای حزبی شیوعی، کە پڕۆسەی بە ڕێکەوتن و پەیوەندی کردنی ناوبراو هەندێك کاتی خایاندوە و بە چەند بروسکەیەك کە ئاڵوگۆڕ کراوە ڕۆیشتووە تا گەیشتووەتە شوێنی مەبەست، گرنگترینیان ئەمانەن:[2]

لە سەرەتا بروسکەیەکی شیفرەکراو و بەپەلە لە هێزی باڵەك هاتووە، داوا لە ناوبراو کراوە بگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام لە ڕێگا بروسکەیەکی کراوەی وەرگرتووە کە تیادا هاتووە:

**١٩٦٥/١٠/٥**

**بۆ مەلا ئەمین بارزانی**

**لە هێزی باڵەکەوە**

**ژمارە/٢٥٤**

**بروسکەی پێشومان ژمارە ٢٤٩، ١٠/٥ ئیلغا کردەوە، ئەبێ لەم کاتەدا کاك هۆشیار لە ئاکۆیان بێت، تکایە وەڵام...**

بەڵام لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، واتە پاش مانگێك (١٩٦٥/١١)

---

[1]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٩، ١٦٣.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١٤٨-١٥٢.

بروسکەیەکی تری بە پەلە لە بارەگای بارزانی یەوە بۆ مەلا ئەمین بارزانی هاتووە، بە شیفرە و خێرا (فوری) دەڵێت:

**"بەپەلـە کـاك هۆشـیار خـۆی و دەزگـەی بێتەلەکـەی بگاتـە بـەرسرین بـێ دواکەوتن، هێزی باڵەك ئاگادارمان بکەن بە گەیشتنی".**

دوای گەیشتنی ناوبراو بۆ شـوێنی مەبەسـت و پەیوەنـدی کردنـی بـە بارەگـای بارزانی و مەکتەبی سیاسی و هێزی باڵەك و ئاگادارکردنەوەی کـەمال مفتـی لێـی، کە ئێستا بەرپرسەکەیەتی، ناوبراو بروسکەیەکی پێـداوە بـۆ ئـەوەی بینێریـت بـەم شێوەیەی خوارەوە:

**بـۆ/ بارەگـای بـارزانی/مەکتـەبی سیاسـی/مەکتەبی تـەنفیزی/مەکتـەبی عەسکەری/هێزی باڵەك**

**لە / کەمال نەعمان بەرسرین**

**ژمارە ١ ڕۆژی ١٩٦٥/١١/١٧**

**ئەو دەزگە بێتەلەی ناردبوتان بۆمـان لەگـەڵ بەڕێوەبەریـدا کـاك نـوری حەیـدەر ناسراو بە هۆشیار ئیمڕۆ ١٩٦٥/١١/١٧ گەیشتە لامان و کەوتە کار بۆ ئاگاداریتان.**

بێگومـان هاوکـاری کـردنی لایەنـەکانی تـری نـاو شـۆڕش نیشـانەی خـەمخۆری بارزانی و ئەو کەلتورە جوانەبووە، کە بارزانی تێیدا پەروەردە بووە، ئەمەش ئـەوە دەردەخات، کە هەر کەسێك شان بەشانی ئـەو خـەبات بکـات و لەیـەك سـەنگەر بەرگری بکەن و خوێن بڕێژن بـۆ هـەمان مەبەسـت، ئـەوا بـە هـاوبەش و خـاوەن مـاڵی دانـاوە بـێ گوێدانـە بیـروڕاو ئایـدیولوجیان، لـە هاوکاریکردنیـان درێغـی نەکردووە بە گوێرەی ئەوەی بەردەست و لە تواناییدا بووە.

## • بێتەلی تایبەت بە وڵاتانی دەورووبەر و دۆستی عێراق

کاتێك ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ دەسـەڵاتی گرتووەتـە دەسـت ڕۆژانـە بـە بــەردەوامی کلیلــی شــیفرەکانیان گۆڕیــوە، ڕۆژی وا هــەبوو ١٠ بــۆ ١٥ جــار

شـیفرەکانیان دەگـۆڕی وەك پێشـتر باسـمان کـردووە، مەبەسـت لێـی تونـدکردنی ڕێوشوێنی ئەمنی بووە بۆ زیاتر پاڵەپەستۆ خستنە سەر شـۆڕش بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیاری بۆ ئەوەی بتوانن گورزی زیاتر و تونـدتر لـە شـۆڕش بوەشـێنن بـە هـەمان شـێوە دەرفـەت بـە کـادیرە زیـرەك و چالاکـەکانی بێتـەل نـەدەن بروسـکەکان شیبکەنەوە، چونکە دەیانزانی بۆ دۆزینەوەی کلیلی شیفرەکان پێویستی بە کاتە.

شۆڕشـی ئەیلـوول شۆڕشـێکی کـوردی سرووشـتی بـوو، بەڵام زۆربـەی وڵاتـانی عەرەبی و هەندێك لە وڵاتانی بیانی بە بەردەوامی هاوکاری و پشتیوانی سـەربازی و لۆجستیکی عێراقیان کردووە بۆ دامرکاندن و لەناو بردنی شۆڕش و بزووتنـەوەی کورد، کە زۆر جار ئەم هاوکارییـە لـە بەشـداری ڕاستەوخۆی سـەربازی لـە بـەکار هێنانی فڕۆکە و ڕاوێژکاری سەربازی خۆی دەبینییـەوە، چونکـە بـە بـڕوای ئـەوان کورد دوژمنێکی هاوبەشیانە، بە تایبەتی هاوسنوورەکانی لە هەریەکـە لـە (ئێـران، تورکیا و سوریا). بۆیە بۆ ئەم مەبەستە سێ بنکەی بێتەلی تایبەت بـەم سـێ وڵاتـە لـە ناوشـاری کـەرکووك، هـەولێر و موسـڵ دامـەزرێنراون، کـە لـە ژێـر چـاودێری کۆمەڵێك ئەفسەری ئەم وڵاتانەدا بوونە جگە لە ئامێرێکی بێتـەلی دیکـە لـە سـەر چیای سەرێ ئاکرێ بەسەرپەرشتی جەنەڕاڵ عەلی عەلی عامر، کە سەرۆك ئەرکانی سـوپای ئـوردن بـووە، بـۆ سەرپەرشـتی کردنـی بـەرەکانی شـەڕ دژی هێزەکـانی پێشمەرگە و شۆڕش[1].

## • کۆنترۆڵی بێتەلی دوژمن بە بەردەوامی

بێتـەلی شـۆڕش هەمیشـە لـە کـۆنترۆڵکردنی بێتـەل و گفتوگۆیـەکانی دوژمـن گەورەترین خزمەتی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە، هەمیشە هۆکارێك بـووە بـۆ لـە گۆڕنانی پیلانەکانی دوژمن و ئاگاداربووە لە هەر جوڵە و گۆڕانکارییەك لەبەرنامـە و کاری ڕۆژانەیاندا، کـە زۆرجـار لـە ڕێگـەی گـوێگرتن لـە بروسـکەکانی ئەوانـەوە ئاگاداری سەرکەوتنی پێشمەرگە بووە لەبەرە جیاوازەکانی شـەڕ بـە تایبـەتی پـێش دامەزراندنی موخابەرەی گشتی زۆربەی هێزەکان ئامێری بێتەلی تایبەت بەخۆیان

[1]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

نەبووە تا ئاگاداری سەرکردایەتی شۆڕش بکەن، بۆیە لە کاتی ئاڵوگۆڕکردن و ناردنی هەڵوێست (الموقف) بۆ سەرەوەی خۆیان و ڕاگەیاندنی شکەستەکان و لە دەستدانی شوێنەکانیان بەرامبەر بە پێشمەرگە لەلایەن بێتەلی شۆڕش (ئاراس) زانیارییەکانیان بەدەست گەیشتووە و مستەفا بارزانیان لەم سەرکەوتن و پێشڕەویانە ئاگادارکردۆتەوە. لە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٢ لە بروسکەیەکی شیفرەکراودا زانراوە، کە سوپا هێزی پشتیوانی و پاڵپشت دەنێرێت بۆ: ڕەواندوز، کاوڵۆك، کەلەکین، مەخفەرەی گەلی عەلی بەگ، بلە ژێر، مەزنە، دیانا، سەری بەردی، خەلان، باپشتیان و خەلیفان، بە هەمان شێوە لە ڕۆژی ١٩٦٢/٤/٣٠ لە ئەنجامی گوێگرتن لە بروسکەکانی سوپا دەردەکەوێت، کە هەباسی مامەند ئاغا و هێزەکەی دوو ڕۆژە هێرشیان کردۆتە سەر گوندی وەڵاش و ئابلۆقەی شارۆچکەی گەڵاڵەیان داوە[1]. لەو کاتەی مستەفا بارزانی لە دەڤەری بادینان بووە، کە هێشتا پەیوەندی لە نێوان بێتەلی ئاراس و مەکتەبی سیاسی دروست نەببوو، ئەوا لە ڕێگەی بێتەلەکەیانەوە لەم دەڤەرە لە ڕۆژی ١٩٦٢/٥/١١ زانیویانە، کە لە ناوچەی پێنجوین بەشی زۆری مەخفەرەکانی پۆلیس لەلایەن لەشکری پێشمەرگەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، جگە لە مەخفەرەی کانی سپیکە، بە هەمان شێوە مەخفەرەکانی قەزای چوارتە و گەمارۆدانی ناوەندی قەزای چوارتا، لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی ناحیەی شوان لەلایەن پێشمەرگەوە لە ١٩٦٢/٧/٢٧ لە ئەنجامی گوێگرتن لە بروسکەیەکی حکوومەت، ئەم زانیارییە گەیشتووەتە بارەگای مستەفا بارزانی[2].

وەك لە زۆر شوێن ئاماژەمان پێکردووە دوژمن هەمیشە پلان و پیلانی هەبووە لە هەر دەرفەتێك، کە بۆی بڕەخسێت گورزی خۆی بوەشێنێت و هێرش بکات، ئەم پلانەش پێویستی بە دەلیڤە و دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی پێشمەرگە هەبووە بۆ جێبەجێکردنی، ئەمەش بە یەکێك لە ڕێکارە دروستەکانی هێرشکردن دادەنرێت لە هەر هێز و سوپایەك، ئەگەر پلانی هێرشکردنی هەبێت، هەروەك لە تاکتیکی

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٦٤، ٧٣.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٧٦-٧٧، ١٠٦.

(تعبیة)ی سەربازیشدا هاتووە پێویستە هەمیشە لە خاڵە لاوازەکانی دوژمن بگەڕێی بۆ لێدانی، بە تایبەتی ئەگەر بەرامبەرەکەت زۆر بەهێز بێت یان ڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر ئەستەم بێت، ئەمەش لە کردەوە و ڕەفتارەکانی لەشکری عێراق بە ڕوونی دیارە یان یەکێك بووە لە خوویەکانی، کە هەر کاتێك لاواز بوایە پەنای دەبردە بەر دانووستان تا لەم ڕێگەیەوە خۆی ڕێکبخاتەوە و زانیاری لە سەر شوێن و هێزەکانی پێشمەرگە کۆبکاتەوە، لە ڕۆژی ١٩٦٢/٧/٥ کاتێك وەفدێك لە فرقەی دووەوە بەناوی عەبدولکەریم قاسم سەردانی بارزانی دەکەن لە حاجی ئۆمەران بۆ مەبەستی دانوستاندن، لە هەمان کاتدا لە ئەنجامی شیکردنەوەی بروسکەیەکی هەمان فرقە زانراوە، کە (جحفل لواء ٣) لە گوندی زێوە نزیك پردی بەرسرین لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٧/٧ هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگە، واتە ئەو ئەفسەرانەی بەناوی وەفدی دانوستاندن هاتبوون مەبەستیان بەدەستهێنانی زانیاری بووە لە سەر هێز و چەك و تەقەمەنی و شوێنی هێزەکانی پێشمەرگە[1]. لە ١٩٦٣/٦/٩ پاش ئەوەی ڕژێم ئەو دانووستانەی، کە هەبوو لەگەڵ پێشمەرگە لەباربرد و کەوتە سەر پێی خۆی، لە ڕێگەی بروسکەیەکی شیکراوەی شیفرەکراو دەردەکەوێت دوژمن بڕیاری شەڕی دەرکردووە و پلانی هێرشکردنی داوە، دواتر بەیانامەی پوچەڵکردنەوەی دانووستانی ڕاگەیاندووە[2].

## کۆنترۆڵی بێتەلی دوژمن و پلانی بارزانی

شەڕی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن (حرب الاتصالات) یان شەڕی نێوان دەزگاکانی پەیوەندیکردن بە تایبەتی پەیوەندیەکانی بواری سەربازی (الاتصالات العسكرية) شتێکی نامۆ و نوێ نییە، بەڵکو ڕەگوڕیشەی هەیە، بە تایبەتی دوای بەرفراوانبوونی ئەم بوارە لە ڕیزی سوپاکاندا، بە تایبەتیش لە کاتی پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك بەکاردێت وەك:

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١٠٠-١٠١.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣.

١. وەك شەڕێکی دەروونی (الحرب النفسی) دژی یەکتری.
٢. بۆ رووخانی ورەی یەکتری.
٣. وەك ڕێگایەك بۆ سەرلێشێواندنی یەکتری و حیلە (الخدعة).

کاتێك باس لە بابەتی پەیوەندیکردن یان بێتەل دەکەین لە بواری سەربازی و ئەمنی، یەکسەر سەرنجمان دەچێتە سەر هەردوو زاراوەی بێدەنگی بێتەل (الصمت اللاسلکی أو الالکتروني) و بڕینی بێتەل (الخرق الصمت اللاسلکی أو الالکترونی)[١] کە دوو زاراوەن بەکاردەهێنرێن لە کاتی شەڕ و هێرشکردن یان هەر پلانێکی لەو شێوەیە، جێبەجێکردنیشیان لە کات و شوێنی پێویست دەگەڕێتەوە سەر خودی سەرکردە و ئەو پلانەی هەیەتی، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مستەفا بارزانی وەك سەرکردەیەکی کاریزمایی و مەیدانی باش لە سودەکانی بێتەل و بەکارهێنانەکانی گەیشتووە، توانیویەتی چۆن بەکاری بهێنێت بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، سەرەڕای بەکارهێنانی بە بەردەوامی بۆ گەیاندنی بروسکە و وەرگرتنی بروسکەکانی دوژمن، بۆیە لە ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی بێتەلی دوژمن بە بەردەوامی لەلایەن بێتەلی شۆڕشەوە توانیویەتی سود لەم کارە وەرگرێت بۆ جێبەجێکردنی گرنگترین پلانەکانی، بە تایبەتی کاتێك توانا و کات و هێزێکی لەو شێوەیەی لەبەردەستدا نەبووە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم پلانەی، وەك پلانی ڕزگارکردنی لۆلان. کاتێك دوژمن لۆلان و دوانزە لوتکەی دەورووبەری لە ژێر دەست دابووە لەگەڵ چوار بنکەی بێتەل، بارزانی بیر لە ڕزگارکردنی دەکات و پلانی بۆ دادەڕێژێت، بۆیە ڕوو دەکاتە بەرپرسە سەربازیەکانی ئەوکات لەگەڵیدا بوونە، لێیان دەپرسێت بەچەند ڕۆژ دەتوانین ئەم ناوچەیە بگرین؟ لە وەڵامدا زۆربەیان لە نێوان (٥ بۆ ٦) هەفتە دیاردەکەن، بەڵام بارزانی تەنیا هەفتەیەك دادەنێت، بۆ زانینی تەواوی پلانەکە (بڕوانە شەوکەت مەلا ئیسماعیل لاپەڕەکانی ١٣٢ تا ١٣٤)، وەك لە پلانەکەیدا هاتووە لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەرچی هێزەکانی دوژمنە لەو بەرزاییانە ڕوو لە لۆلان دەکەن بێ ئەوەی هیچ هێرشێك بکرێتە سەر بنکە و

---

[١]. الفریق الاول الرکن عبدالجبار خلیل شنشل، رئیس أرکان الجیش، کراسة واجبات الارکان الرقم ١٢٥، ص ٢٩٥-٢٩٧.

بارەگایەکانی دوژمن، بۆ دڵنیا بوونیش لە ڕاستی ئەم پاشەکشەیە تەواوەی دوژمـن بـۆ ناوەنـدی لـۆلان لـە ئـەنجامی کـۆنترۆڵکردنی بێتەلـەکانی حکوومەتـەوە بـووە لەلایەن بێتەلی ئاراس، کە هەنگاو بە هەنگاو سات بە سات ئاگاداری دوژمن بووە بە هەمان شـێوە، کـە بـارزانی پلانـی بـۆ دانـابوو، بۆیـە لـە ڕۆژی چـوارەم هێـرش دەکەنە سەر لۆلان و هێزەکانی دوژمـن تـەفروتونا دەکـرێن و جاشـەکان ئـاودیوی سـنوور دەکـرێن[1]. بـارزانی وەك سـەرکردەیەکی سـەربازی و مەیـدانی سـەرەڕای شارەزایی لە دانانی پلانی ستراتیژی و سـەربازی تۆکمـە و سـەرکەوتوو لـە هـەمان کات سودی لە موخابەرە و بێتەل وەردەگـرت بـۆ کۆکردنـەوەی هەنـدێك زانیـاری بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی کە هەیەتی، جیـاواز لـەو زانیاریانـەی لـە ڕێگاکانی تر بەدەست دەهێنرێن. داڕشتنی ئەو پلانە لەو کاتە و شوێنە دوای ئـەوە دێت، کە جاشـەکانی نـاو سـنووری ئێـران و تورکیـا بـە پشـتیوانی ئـەم دوو وڵاتـە نییەتی ئەوەیان هەبوو لەم شوێنە پشت لـە هێزەکـانی شـۆڕش بگـرن و هێرشـیان بکەنە سەر بـەدیاریکراوی کاتێـك بـارزانی لـە سـنووری خۆشـناوەتییە، کـە پێشـتر ئاماژەمان پێداوە، بۆیە چەتە و جاشەکان لە سنووری تورکیا بە نیازبوونە لە سنوور بپەڕنەوە و بە مەبەستی هێرشکردنە سەر هێزەکان پێشمەرگە لە پشتەوە، بـۆ ئـەم مەبەستەش تورکیا مۆڵەتی تەواوی دابووە ئەو بێتەلەی کە لەگەڵ جاشەکان بـووە لـە گونـدی کەپـەنك هـەموو سـەری کاتژمێرێـك پەیوەنـدی بکـات بـە هـەولێر و ڕەوانـدوز، وەك لـە بروسـکەیەکیاندا هـاتووە: "ئـەمڕۆ ئەفسـەرێکی پایـە بـەرزی سوپای تورکیا بە ڕوتبەی زەعیم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکـەی ئەفسـەرانی پایـە بڵنـد کۆبوونەوەیان لە لولان کرد لە گوندی کەپـەنك" کـە تورکیـا زۆر هـانی دەدات بـۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە لەو سنوورە[2].

---

[1]. شەوکەت مەلا ئـیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٢-١٣٣.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

## هەندێك گرنگی و بەکارهێنانەکانی تری بێتەل بەگشتی

### ● گرنگـی دان بـە موخـابەرە لەلایـەن مەسـعود بـارزانی و ئیـدریس بارزانی و مەکتەبی سیاسی:

ڕۆڵی موخابەرە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆڵیکـی دیـار و بـەرچاو بـووە، بۆیە هەمیشە جێگای بایەخ و تێڕوانینی بەرپرسان و سەرکردایەتی شۆڕش بووە بە تایبـەتی ڕابەری شـۆڕش مسـتەفا بـارزانی و ئەنـدامانی سـەرکردایەتی حیـزب، هەربۆیەش لە سەرەتای دامەزراندنی تا دەگاتە ئەم ڕۆژگارە بارەگـای موخـابەرەی گشتی بەشێك بووە لە مەکتەبی سیاسی، هەمیشە لە ناو یـان نزیـك لـە مەکتـەبی سیاسی بارەگای دامەزرێندراوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاسـتییەن، جگـە لـەوەی دوای دەست بەکاربوونی ئەم دەزگایە بـە شـێوەیەکی ڕەسـمی و بـەرفراوانبوونی شۆڕش و هەستکردن بە هەسـتیاری و گرنگـی ئـەم دەزگایـە، ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن مەسـعود بـارزانی و ئیـدریس بـارزانی سەرپەرشـتی کـراوە و لـە دابینکـردن و پڕکردنـەوەی کـەم و کورتیـەکانی درێغیـــــان نـەکـردووە. هـــەر لـە سـەرەتای دامـەزراندن و دەســت

بەکاربوونی بنکەکانی بێتـەل چ لـە بارەگـای بـارزانی چ لـە بارەگـای مەکتـەبی سیاسی، کادیرانی بێتەل هەمیشە جێگای بایەخ و ڕێـزی تایبـەت بوونـە، بـە هـیچ شێوەیەك ڕێگەیان بە کەسانی تر نەداوە دەست وەربدەنـە نـاو کاروبـاری بێتـەل، بێجگە لە کەسە دیارەکانی پەیوەست بەو دەزگایە.

لە ساڵی ١٩٦٦ بە دواوە دەزگای موخابەرەی گشتی لەلایەن مەسـعود بـارزانی و ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی کراوە[١]، لـەو کاتـەوە پشـتگیری کـردن و پاراسـتنی گیانی کادیرانی موخابەرە و دابینکردنی پێداویستییەکانی بواری پەیوەندیکردن لـە یەکێك لە کارە هەرە گرنگ و پێشـینەکانی ئـەم دوو سـەرکردەیە بـووە. هـەروەك دیارە لە داستانی هندرێن کاتێك کادیری بەتوانای بێتەل مامۆستا هۆشیار بۆ دیتنی

---

[١]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

ئـەم دوو سـەرکردەیە لەبـەرسرین چووەتـە بـەرەکانی پێشـەوە، کـە لـەو کاتـە فرۆکەکانی دوژمن بە بەردەوامی ناوچەکەیان بۆردۆمان دەکرد، لەبـەر خـەمخۆری هەردووکیان بۆ ناوبراو نیگەران بوونە لـەو سـەردانەی و پێیـان گوتـووە: "بـۆ ئـەم ڕێگا پڕ مەترسیەت بڕیوە؟ ئەی ئەگەر خوانەخواستە شتێکت بەسەر بێـت، کـێمان هەیە شوێنەکەت بگرێتەوە؟"بۆیە داوایان لێکردووە بگەڕێتەوە شـوێنەکەی خـۆی لەبەر هۆکاری ئەمنی، پێشمەرگەیەکیان لەگەڵ ڕەوانە کـردووە بـۆ ڕێپیشـاندان و پاراستنی تا گەیشتن بە شوێنەکەی بە سەلامەتی[١]. بـە هـەمان شـێوە لـە مەکتـەبی سیاسیش گرنگی بە موخابەرەی گشتی و کادیرانی بێتەل دراوە بـە تایبـەتی نـوری حەیدەر هەمەوەندی.

کاتێك ناوبراو لە مەکتەبی سیاسی لە کانی سماق بە تایبەتی لەلایەن حـەبیب محەمەد کەریم داوا دەکرێت بۆ کردنـەوەی خـولێکی بێتـەل لـە سـاڵی ١٩٦٦ کـە دانووستان و هاتووچۆی حکوومەت هەبوو، وڵات لە ئارامیدا بووە، پاش گەیشتنی ناوبراو و دانانی بەرنامە و دیـاریکردنی پێداویسـتی خولەکـە، لـە سـەر پێشـنیاری خۆی بۆ بڕینەوەی خانەنشـینی لـە حکوومەتی عێـراق بەرامبـەر ئـەو خزمەتـەی هـەبووە لـە سـوپا و شـۆڕش، مەکتـەبی سیاسـی پشـتیوانی نـاوبراوی کـردووە و نوسراوێکی تایبەتیان بۆ کردووە بۆ بەغدا [٢]. کادیری بێتەل لە شۆڕشی ئەیلوول ڕێز و ئیمتیازێکی باشی هەبووە لە ڕووی مـاددی و داراییـەوە، سـاڵێ جارێـك ٥ پێـنج دینار بە پێشمەرگە دەدرا، بـەڵام مانگانـە ١٠ دینـار بـە کـادیری بێتەلـەکان دراوە، ئەمـەش بـۆ ئەوە دەگەرێـتەوە کە کـادری بێـتەل زۆر مانـدوو بـووە و لە لایەکـی تریشەوە بۆ دڵسوزی و نهێنی پارێزی کادیرانی ئەم دەزگایە دەگەڕێتەوە، لە کاتێـك ئەم دەزگایە بەتەواوی نهێنی بووە[٣]. لە سـاڵی ١٩٦٧ لـە مەکتـەبی عەسـکەری بـە نامەیـەك لەلایـەن مەسـعود بـارزانی داوا لـە هەریەکـە لـە نـوری حەیـدەر و عەبدولخالق مەعروف کراوە لیستێك لە پێداویستی و کـەم وکورتیـەکانی بێتـەل و

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧١-١٧٢.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ل ١٧٧-١٧٨.

[٣]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

ئێزگەی ڕادیۆ ئامادە بکەن، دووبارە لە ساڵی ١٩٦٨ سەردانی کردووە بۆ وەرگرتنی هەمان ئەو پێداویستیانەی، کە داوایان کردووە[١].

## • شەهیدانی بێتەل

کاتێك باسی بێتەل و کارەکەی دەکەین، لەوانەیە خەڵکانێك وا بیر بکەنەوە، کە کاری بێتەلی جگە لە پشتیوانییەکی باشی بەرپرس و کاربەدەستان بۆیان و خۆشگوزەرانی و ئارامی، هیچی تر نەبووە، چونکە بوونی ئەوان لە بارەگا سەرەکییەکان و پشتەوەی بەرەکانی شەڕ، بە بۆچوونی ئەوان جگە لە ئارامی و پشوودان هیچی تریان نەکردووە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەتەواوی هەڵەیە، چونکە ئەگەر ڕاست بێت ئەوان لە پشتەوەی بەرەکانی شەڕبوونە!!! بەڵام پێویستە ئەوە لەبیر نەکرێت، کە هەمیشە وەك سەربازی ون، بە بەردەوامی لە شەونخونی و کەمترین پشوودا بوونە بۆ ئەوەی براکانیان لەبەرەکانی شەڕ کەمترین زیان بدەن بە ئاگادارکردنەوەیان لە پلانەکانی دوژمن، بە وەرگرتنی بروسکە شیفراوەکانیان و شیکردنەوەیان. موخابەرەی گشتی بێبەش نەبوونە لە شەهید دان و خوێن ڕشتن، یەکێك لە شەهیدانی بێتەل تاهیر محەمەد سەلیم ئاکرەیی بووە، کە لە ساڵی ١٩٦٦ شەهید کراوە[٢].

جگە لەمە کادیری بێتەلەکان زۆرجار لە ڕێگەی وەرگرتنی بروسکە هەواڵی خۆشیان پێگەیشتووە، بە تایبەتی لە سەر سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆیی و جیهانییانەی، کە لەبەرژەوەندی کورد بوونە، ئەمە سەرەڕای وەرگرتنی بروسکەی ناخۆش لە سەر شکست و ڕووداوە ناخۆشەکان[٣].

یەکێك لە ناخۆشترین ئەو هەواڵ و بروسکانەی، کە لەلایەن یەکێك لە کادیری بێتەلەکان وەرگیرابێت، هەواڵی شەهید بوونی براکەیەتی، ئەویش مستەفا

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨٨-١٨٩، ١٩٤-١٩٥.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. هەمان سەرچاوە.

ئامێدییە، کە لە ئەنجامی گوێگرتن لە سەر گفتوگۆی بێتەلەکانی ناوخۆ و دوژمن، هەواڵی شەهیدبوونی یەکێك لە براکانی لە ڕێگەی بێتەلەوە پێدەگات[1]. سەرەڕای وەرگرتنی چەندین بروسکە لە سەر شکست و شەهیدبوونی چەندین پێشمەرگە و بەرپرس، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر ورەی کارمەندانی بێتەل، جگە لەمە گوێبیستی چەندین بروسکە لە سەر کودەتا یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و هەواڵی ئاگربەستی نێوان پێشمەرگە و حکوومەت و ناردنی شاندی دانووستانکار بۆ لای یەکتری و چەندین بروسکەی تر، کە هەم موژدە بەخش بوونە هەمیش وره ڕۆخێنەر و کارەساتبار، کە لەلای هەندێکیان لێکترازانی ناومالّی کورد، بالّ بالّێن، شەڕی ناوخۆ و نسکۆی شۆڕشی کورد ناخۆشترینیان بوونە و یەکگرتنەوەی ناومالّی کورد و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری سالّی ١٩٧٠ خۆشترینیانە.

## • عیماد بارزانی و بێتەل:

ئەگەر مستەفا بارزانی و هەر یەک لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی یەکێک لە ئەرکەکانیان گرنگی پێدان و سەرپەرشتیکردنی موخابەرەی گشتی بێت، ئەوا کەسانی تری بنەماڵەی بارزانی پەرۆشی فێربوون و بەکارهێنانی ئامێرەکانی بێتەل بوونە، بە تایبەتی عیماد بارزانی، کاتێك لە سالّی ١٩٦٨ بە فەرمانی بارزانی بنکەیەکی بێتەل لە بارزان بۆ ئاگاداربوونی بارزانی لە تەندروستی شێخ ئەحمەد بارزانی دامەزرێندراوە بەسەرپەرشتی محەمەد شەریف ئاکرەیی و عەبدوڵا لاسلکی، عیماد بارزانی داوای لە عەبدوڵا لاسلکی کردووە فێری چۆنییەتی بەکارهێنان و ئیش پێکردنی ئامێری بێتەل بکات، بۆیە ناوبرا عیماد بارزانی فێرکردووە و توانیویەتی بە باشی بەکاری بهێنێت، کە ئەمە لە سالانی نێوان ١٩٦٨- ١٩٧٠ بووە[2].

---

[1]. موسڵح-ن، مستەفا حسێن ئامێدی، هەڤدیتن، ڕۆژنامەی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

- **لێهاتوویی کادیرانی بێتەل و وەرگرتنی لێپرسراوێتی:**

سەرەڕای ئەوەی ئەفسەرانی بواری بێتەل و کادیرانی دەرچووی خولی بێتەل لەبەر لێهاتوویی و زیرەکیان پۆست و پلەی بەرزیان وەرگرتووە لە بواری بێتەل لە ناو شۆڕش لە سەرپەرشتیکردنی بنکەی بێتەلی بارەگای لق و ناوچەکانی پارتی، بنکەی بەتالیۆن و ئەفسەری بێتەلی هێز تا گەیشتن بە لێپرساوی یەکەمی دەزگای موخابەرەی گشتی، هەروەك پێشتر باسمان کردووە، زۆرجار پێدانی ئەرك و بەرپرسیارێتی لەم بوارەدا دەرچووە و ئەرکی تریان پێ بەخشیووە، سەرکەوتنیشیان بەدەستهێناوە لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرك و پایانە، وەك معاون شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، کە لەبەر لێهاتوویی و زیرەکی لە بواری جیاجیادا لە ١٩٦٧/٣/٤ بە فەرمانی بارزانی کراوە بە نوێنەری خۆی لە شاری موسڵ، بۆ ئەم مەبەستەش بروسکە بەناوی بارزانی کراوە بۆ گشت لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئاگادار بوون لەم ئەرکە[١]. لە ١٩٦٨/٢/٢٤ کراوە بە لێپرساوی ئیداری ڕۆژنامەی برایەتی (التآخی) لە بەغدا سەرەڕای بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری شۆڕش و هەندێك کاری تر، کە مستەفا بارزانی پێی ڕاسپاردوون[٢].

ئەمە جگە لەوەی لە پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە، بارزانی ناوی ناوبراو و هەندێکی تری بەرزکردۆتەوە بۆ حکوومەت بۆ ئەوەی بکرێن بە باڵیۆز، بەڵام ناوەکەی ڕەتکراوەتەوە، دواتر ناوەکەیان بەرزکردۆتەوە بۆ جێگری وەزیر، دواتر بۆ جێگری پارێزگای موسڵ و سلێمانی، بەڵام حکوومەت لە سەر هیچ کامیان ڕازی نەبووە، ئەوە بوو دواجار لە ساڵی ١٩٧١ لە ڕێگەی شۆڕشەوە تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس کراوە تا کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجی پاسەوانی سنوور (امر فوج الخامس لحرس الحدود) لە سەنگاو، دواتر فەرماندەی بەتالیۆنی یەك لە بەمۆ لە پاسەوانی

---

[١]. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٣.

سنوور[١].

سەرەڕای لێپرسراوێتی، زۆرجار زیرەکی و شارەزایی کادیرانی بێتەل گەیشتووەتە ڕادەیەك، کە بتوانن پەرتووکی زانستی لە سەر بێتەل و جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن بنووسن و ببێتە بەرنامەی خوێندنی زانکۆکانی عێراق، وەك ئەندازیار حەمید کە لە سەردەمی شۆڕش ئەرکی دانان و گۆڕینی پرۆگرامی بێتەلەکانی لە ئەستۆ بووە، کەسێکی زانستی و زیرەك بووە، پەرتووکی لە سەر ئەم بابەتە نووسیووە، کە دواتر لە خوێندنی زانکۆ حکوومەت سودی لێ وەرگرتووە[٢].

- **ژاوەژاو (پارازیت) و چارەسەرکردنی:**

کاتێك باس لە ئامێرەکانی پەیوەندیکردن دەکەین ئەوانەی بە شەپۆلی دەنگی و مۆگناتیسی کاردەکەن بە تایبەتی بێتەل و ڕادیۆ، شتیکی ئاساییە کە تووشی بڕینی دەنگ و ژاوەژاو ببێ، بە تایبەتی لە سەردەمێك کە بەرامبەر بە دڕندەترین دوژمن ڕاوەستاوی باشترین و نوێترین ئامێری پەیوەندی کردنی هەیە، بەرامبەر بە سادەترین و کۆنترین ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەکار دەهێنێت بۆ بێدەنگ کردن و ژاوەژاوکردنی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش کۆڵ نەدەیت و بە باشترین شێوە، بە شەو و ڕۆژ کاربکەیت و ئەرکەکەت ڕاپەڕێنی شتێکی ئاسان نییە، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی و زیرەکی کادیری بێتەلی کورد.

لە سەردەمی شۆڕش بە تایبەتی دوای ئەوەی دوژمن زانیویەتی شۆڕش ئامێری بێتەل بەکاردەهێنێت، هەوڵی داوە ژاوەژاو بخاتە سەر پەیوەندیەکانی[٣]. ئەم ژاوەژاو دروستکردنە لە کاتی شەڕ و چالاکیدا زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی نەتوانرێت بە ئاسانی پەیامەکان بگەن، هەروەك ئەو چالاکییەی لە ناوچەی ماوەت-پیرەمەگرون کراوە لە ساڵی ١٩٦٢ کە دوژمن بە ناچاری ژاوەژاوێکی زۆری

---

[١]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٩٨-٢٩٩.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

خستووەتە سەر پەیوەندیەکانی بێتەلی شۆڕش[1]، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٦٣ میری هەموو هێزی خۆی خستووەتە سەر ژاوەژاو بۆ سەر بێتەلەکانی شۆڕش کە حکوومەت لە کاری موخابەرەدا شارەزاو پسپۆر بوونە، بۆ ئەم مەبەستەش سودیان لە دەزگای ژاوەژاوی جیهانی وەرگرتووە، کە هێزەکەی دەگاتە زیاتر لە ١٠٠٠٠ وات (واط) لە کاتی خۆی بۆ کپکردنی ئێزگەی ڕادیۆی (صوت العرب) بەکارهێنراوە[2]، جگە لەوە دەزگای بێتەلی زۆر بەهێزی بەکارهێناوە بۆ ژاوەژاو خستنە سەر بێتەلەکانی شۆڕش لە چەمی ڕێزان، وەك دەزگای بێتەلی ژمارە ١٢ی ئینگلیزی کە بە کارەبا ئیشی کردووە لەگەڵ دەزگای بێتەلی ژمارە ١٠٣ی ڕوسی پیشکەوتوو، بە هەمان شێوە لە شەڕی چیای کۆڕەك و حامیەی ڕەواندوز کە لەساڵی ١٩٦٥ڕوویداوە[3].

زۆر جار بەهێزی ژاوەژاو گەیشتووەتە ڕادەیەك، کە بۆ وەرگرتنی بروسکەیەك لە خولەکێکدا پێویست بوو کادیری بێتەلەکان نزیکە ١٠ شوێن بکەن تا بەتەواوی وەریان بگرتایە، بە تایبەتیش ژاوەژاوەکەیان دەخستە سەر ئەو فریکوێنسەی کە کادیرانی بێتەل کاریان لە سەر دەکرد[4]، بەڵام سەرەڕای ئەمەش کادیری بێتەلەکان بە باشترین شێوە کارەکانیان کردووە و هیچ کاتێك ئەم ژاوەژاوە نەبووەتە ئاستەنگ و بەربەست بۆ کارەکەیان، هیچ کاتێکیش نەتوانراوە شیفرەی بێتەلەکانی شۆڕش لەلایەن بێتەلەکانی سوپا و حکوومەت ببڕدرێت.

- **کاریگەری هەورە تریشقە (بروسکە) لە سەر بێتەل:**

کەشوهەوای ناوچە شاخاویەکان هەمیشە باراناوییە بە تایبەتی لە وەرزی بەهار، بوونی بنکە و بارەگاکانی شۆڕشیش لە ئەشکەوت و کونە بەرددا لەم شاخانە بە دووری مەزانە جار جار بروسکە لێیان بدات، بە تایبەتی لە ئانتێن و

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل ٦١.

[3]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٦٢، ١٤٠.

[4]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا لاسلکی، سەرچاوەی پێشوو.

تاوەری ئاسنین، کە بە وایەر چنراون.

لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣ کاتێك کادیری بێتەل نوری حەیدەر هەمەوەندی لە چەمی ڕێزان خەریکی وەرگرتن و ناردنی بروسکە بووە و گوشی (سماعة)ی لە گوێ بووە، هەورەتریشقە داویە لە ئەنتێنی بێتەلەکەی، ئاگری لە شوێنەکە بەرداوە، ناوبراوی فڕیداوە و لە هۆش خۆی چووە، توشی کەڕبوونی کاتی بووە، هاوکات دوو سەرە مەڕی نزیك لە ئانتێنەکەشی کوشتووە[١].

## ● گرنگی بێتەل بۆ تۆپخانە و ڕوانگە (المرصد):

ئەگەر بێتەل شادەمار بێت بۆ ناو ڕیزەکانی سوپا و لەشکر، تۆپخانە یان هێزی پشتیوانی (قوة الاسناد) یەکێکە لە کاریگەرترین یەکە و هێز لەناو ئەم سوپایە، هەروەك لە دیدی سەربازییەوە، هیچ هێرشێك بەبێ هێزی پشتیوانی ئەستەمە یان بەدەگمەن سەردەکەوێت. ئەمە جگە لە پشتیوانی ئاسمانی، هەر لەشکرێك کۆنترۆڵی ئاسمان بگرێتە دەست ئەوا براوەی جەنگەکەیە.

تۆپخانەش لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕ ناکات یان بە واتایەکی تر تۆپخانە ئەرکەکەی پشتیوانی هێرشی پیادەیە لە هێڵەکانی پاشەوەی شەڕ، کە بە گوێرەی هەلکەوتەی جوگرافیا و جۆری تۆپەکان لە پلەی قورسی، واتە دوورترین مەودا دەگۆڕێت، هەرچەندی تۆپەکان بچووك و دووری گوللەکانیان کەمتر بێت زیاتر لە پێشەوە نزیك دەکرێنەوە، سەرەڕای ئەوەی لە پشت بەربەست و گرد و بەرزایی دەهاوێژرین بێ ئەوەی ناوچەی شەڕەکەی لێ دیاربێت، بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بە دروستی بپێکێت سود لە نەخشە وەردەگیرێت و بۆ ڕاستکردنەوەی پێکانەکانی (تصحيح الرمی) پێویستی بە ڕوانگە (المرصد) هەیە بۆ ئەوەی ئەفسەری ڕوانین (ضابط رصد)ی تێیدا ڕێنمایی و ئاراستەکان بداتە تۆپچیەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سود لە ئامێری بێتەل وەربگیرێت بۆ قسەکردن و گۆڕینەوەی ئەم ڕێنمایی و ئاراستانە.

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

ملازم خدر لە شەڕی هندرێن لە ساڵی ١٩٦٦ کە تۆپەکانی جۆری ١٢٠ملم و ٢٥ ڕەتلی بەکارهێناوە، سودی لە تواناکانی نوری حەیدەر وەرگرتووە بۆ گرێدانی شەپۆلەکانی بێتەلی تۆپخانە و ڕوانگە بە یەکەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست و تۆپ هاوێشتن بتوانن بە ئاسانی لەگەڵ یەکدی قسە بکەن و ئاراستەی هاوێشتنەکان دیاری بکەن[1]. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ تاقیکردنەوەی هەردوو جۆری تۆپی ١٠٥ملم و تۆپی ١١٠ملمی دژەتانك لە گوندی ئازادی سود لە دوو بێتەل وەرگیراوە بۆ ئاراستەکردنی تۆپەکان، یەکێکیان لەلای تۆپەکان ئەویتر لە ڕوانگە لە پشت گوندی دەربەند، پاش تەقاندنی ١٧ گوللە تۆپ بە پێی ئەو فەرمانەی لە بێتەلەکەی ڕوانگە وەرگیراوە پاش ڕاستکردنەوەی تەقاندنەکە لە نیشانەکە یان ئامانجەکەی داوە[2].

ئەمەش ڕاستی گرنگی بێتەل دەردەخات لە بواری تۆپخانە و ڕوانگە، چونکە ئەگەر بێتەل لە ڕوانگەکە نەبوایە چۆن دەیانتوانی لەم دوورییە بێ ئەوەی نیشانەکە ببینن، ئامانجەکە بپێکن. بە هەمان شێوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ لە کاتی تۆپبارانکردنی مۆڵگەکانی دوژمن لە ڕەواندوز بە تۆپی هاونی ١٢٠ملم کە ژمارەیان ١٠ تۆپ بووە، تۆپخانەکەیان لە دۆڵێکی بەرامبەر گوندی وارەکەونێ داناوە، بە بێتەل لەگەڵ ڕوانگە لە سەر چیای هندرێن ئاراستە و فەرمانەکان ئاڵوگۆڕ پێکراوە، دوای تەقاندنی دوو سێ گوللە تۆپ، توانراوە نیشانەکان بپێکن[3].

## • سود وەرگرتن لە تەوژمی ئاو بۆ دابینکردنی تەزووی کارەبا:

زیرەکی و شارەزایی کادیری بێتەلی کورد تەنیا لە بەکارهێنانی بێتەل و شیکردنەوەی بروسکە شیفراوەکان قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکو لە زۆر بوارو کاری تر ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەتی لە دابینکردنی تەزووی کارەبا لە تەوژمی ئاو بە کەمترین و سادەترین کەلوپەلی بەردەست بۆ بەکارهێنانی بۆ ئەم مەبەستە.

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ١٥٧.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٠٢-٢٠٣.
[3]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ڕەحمان محەمەد مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو.

لـە سـەرەتای شـۆڕش لـە چـەمی ڕێـزان دوای ئـەوەی جەنـەراتۆری کارەبـای سـەرەکی، کـە بـۆ بەکارخسـتنی بێتـەل و پڕکردنـەوەی پـاتری بـەکاردەهێنرا، بـۆ کێوەڕەش بردراوە بۆ بەکارخستنی ئێزگەی ڕادیۆی کوردستان و بەکارهێنانی چەند جەنەراتۆرێکی بچووك بۆ ئەم مەبەستە، ئەرك و ماندوبوون و تێچوونێکی زیـاتری ویستووە، بۆیە لەلایەن نوری حەیدەر بیر لـە بەدەسـت هێنـانی تـەزووی کارەبـا کراوەتەوە لە تەوژمی ئەو تاڤگەیەی هەبووە لەو ناوچەیە بە هاوکـاری هەریەکـە لە وەستا عوبەیدی تەنەکەچی و مستەفا ئەحمـەد یـونس، بـە سـود وەرگـرتن لـە دینـەمۆی ئۆتـۆمبێلی لەکارکـەوتوو و پەروانـەی ئـاش و دوڵیـانی ئـاش بـە سـود وەرگـرتن لـە تـەنەکـەی نـەوت و بـەنزین بـۆ ئــەم دوڵیانــە، بــە دوو ڕۆژ کـارکـردن لـە سەر

پڕۆژەکـە، تـوانراوە بـەکاربخرێت، بەشـەو و ڕۆژ کـاریکردووە، بـۆ پڕکردنـەوە (چارچکردن)ی پاتریەك ٨ هەشت کاتژمێری پێویست بووە، کە ئەمە تـەنیا کـەم و کورتیەکەی بووە، چونکە ئەمپێری کەم داوە لەبەر بچووکی پوولی سەرەکییەکەی[١].

- **دەزگای بێتەل وەك ئامرازێك بۆ ڕاپەڕاندنی ئاهەنگی نەورۆز:**

لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣ لە چەمی ڕێزان، بۆ بـەڕێوەبردنی ئاهـەنگی نەورۆز و گەیاندنی دەنگی وتار و سروود و ئاواز و گۆرانی بۆ گـوێی ئامـادەبووان لە گۆڕەپانی ئاهەنگەکە بە بەرزی و ڕوونی، سود لـە ئـامێرێکی بێتـەل وەرگیـراوە لەگەڵ ئەمپلیفایەر و بڵندگۆ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاهەنگەکە، بە هەمان شـێوە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٩ لیژنەی ناوچەی گەلاڵـە داوایـان لـە مەکتـەبی سیاسـی و موخابەرەی گشتی کردووە بۆ ئاهەنگی نەورۆز ئامێرێکی بێتەلیان بدەنێ، بۆ ئـەم مەبەستەش ئامێرێکی بێتەلی ژمارە ٩ بەکارهێنراوە، کە بە ڕادیۆی پـاتری گـەورە و بچووك وەرگیراوە بە سود وەرگرتن لە بڵندگۆ (مكبرة الصوت)ی پاتری مزگەوت بـۆ بەرزکردنەوەی دەنگ و گەیاندنی بـۆ هـەموو گۆشـەکانی مەیـدانی ئاهەنگەکـە[٢].

---

[١]. نوری حەیدەر هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٦-٦٨.

[٢]. هەمان سەرچاوە، ل ل ٥٦، ٢٠٥-٢٠٩.

بۆیە بە پێویستی دەزانم باس لەو بابەتە بکەم، چونکە بێتەل سەرەڕای کارە دیار و تایبەتەکەی کە پەیوەندی کردنە لە نێوان یەکەکانی حکومی و سەربازی، بەڵام بـۆ ڕاپەڕاندنی کاری تری بەدەر لەم بوارەدا درێغی نەکردووە و کادیرانی موخابەرەش بەو پەڕی بەرپرسیارێتی و دڵسۆزیەوە ئەم کارانەیان جێبەجێکردووە.

## ناوی کادیرانی بێتەل لە شۆڕشی ئەیلوولدا

١. ئەحمەد تەها مەلیك
٢. ئەحمەد شەهاب ڕەشید هێرانی
٣. ئەحمەد شێخ تەها
٤. ئەحمەد شێخ مستەفا
٥. ئەحمەد عیسا (برای ڕەمەزان عیسی بارزانی)
٦. ئەلیاس یەزیدی
٧. ئیدریس عەبدوڵا
٨. ئیدریس هەورامی
٩. ئیسماعیل سەرهەنگ
١٠. ئیسماعیل سەعید
١١. باهر ئەحمەد
١٢. تاڵب حاجی ساڵح
١٣. تاڵب عەلی دەلۆیی
١٤. تاهر عەزۆ
١٥. تاهیر محەمەد سەلیم ئاکرەیی
١٦. تەها محەمەد شەریف ئاکرەیی
١٧. جەبار بێتەل
١٨. جەلال مامە جەلکەیی
١٩. جەمال ڕەشید

٢٠. جیهاد ڕەئووف
٢١. جیهانگیر نێروەیی
٢٢. حازم ڕەشید ئاکرەیی
٢٣. حەسەن خدر ڕەشۆ
٢٤. حەسەن ساڵح (جێگری ئەفسەر)
٢٥. حەسەن کەلاری
٢٦. حەکیم سلێمانی (بێتەلی لقی ٤)
٢٧. حەکیم ئەحمەد
٢٨. حەمکول
٢٩. حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان
٣٠. حەمە سەعید
٣١. حەمە سوور
٣٢. حەمە فەرەج
٣٣. خدر
٣٤. خەلیل دۆسکی
٣٥. خەلیل میکائیل
٣٦. خەلیل ئەحمەد مستەفا (تەنیا خولی بێتەلی بینیوە لە ساڵی ١٩٧٤)
٣٧. خۆشەوی سەعید حەیدەر (تەنیا خولی بێتەلی بینیوە لە ساڵی ١٩٧٤)
٣٨. دارا عەبدوڵا خانەقینی
٣٩. ڕەشاد مەحمود کاوانی
٤٠. ڕەشید هیرانی
٤١. ڕەفیق عوسمان
٤٢. ڕەمەزان حاجی عەزیز
٤٣. زکری حەبیب
٤٤. زکری نێروەیی
٤٥. سابر عەبدوڵا غەفور
٤٦. سالار عەبدولڕەحمان

٤٧. ساڵح (بێتەلی عیسا سوار)
٤٨. ساڵح عومەر
٤٩. سلێمان مەولود تەها نانەکەلی ( مەلا سلێمان )
٥٠. سەبری بۆتانی
٥١. سەعید جوامێر
٥٢. سەعید دەروێش
٥٣. سەعید مەحموود باریك
٥٤. شاکر سەبری (شاکر حاجی سەبری)
٥٥. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن
٥٦. شوکر غەفور
٥٧. شیت خورشید
٥٨. شێخ زاهیر شێخ حسێن(بێتەلی هێزی کاوە)
٥٩. شێخ فازیل
٦٠. شێخ محەمەد سەید ئەحمەد
٦١. عادل ئاکرەیی (عادل عەقراوی)
٦٢. عامر کەرکووکی
٦٣. عزەت شوکری ئاکرەیی (عزەت عەقراوی )
٦٤. عەبدولخالق نەریمان
٦٥. عەریف شەوکەت
٦٦. عەریف محەمەد
٦٧. عەریف ئیسماعیل
٦٨. عەزیز (بەتالیۆنی ٣ هێزی دەشتی هەولێر)
٦٩. عەزیز ڕەشید ئاکرەیی (عەزیز عقراوی)
٧٠. عەلی سەعید محەمەد (عەلی بێتەل)
٧١. عوسمان عومەر ئەحمەد
٧٢. عوسمان ئەحمەد
٧٣. عوسمان ئەحمەد

٧٤. عومەر حەسەن
٧٥. عومەر ڕەشید
٧٦. عومەر محەمەد ئەمین
٧٧. عەبدوڵا حەمەعەلی
٧٨. عەبدوڵا ڕۆژبەیانی
٧٩. عەبدوڵا مەلا دەروێش (عەبدوڵا لاسلکی)
٨٠. عەبدوڵا مەولود
٨١. عەبدوڵا نەجمەدین (عەبدوڵا غول )
٨٢. فەتاح نوری بەگ
٨٣. فەتحی محەمەد شەریف
٨٤. فەرەنسیس (خەلکی باتاسە)
٨٥. فەرەیدون حسێن ئەفەندی
٨٦. فەیزوڵا عەبدوڵا
٨٧. کەریم (بێتەلی لەشکری دوو)
٨٨. کەریم ڕەشید
٨٩. کەمال ئەحمەد بەرقی ( معاون کەمال بەرقی )
٩٠. گلیانا پترۆس
٩١. لەتیف سەعید شاڵی (لەتیف شاڵی)
٩٢. محەمەد
٩٣. محەمەد ڕەزا ئیبراهیم
٩٤. محەمەد ڕەسوڵ محەمەد ڕەسوڵ (محەمەد لاسلکی)
٩٥. محەمەد شەریف ئاکرەیی
٩٦. محەمەد عەزیز ( حەمە عەزیز )
٩٧. محەمەد عەبدوڵا حەمەعەلی
٩٨. محەمەد فەتاح
٩٩. محەمەد کەریم
١٠٠. محەمەد کەریم هەڵەبجەیی

١٠١. محەمەد نەجم
١٠٢. محەمەد یوسف هەورامی
١٠٣. مستەفا حسێن باپیر ( مستەفا ئامێدی )
١٠٤. مستەفا ئەحمەد
١٠٥. مەجید فەتاح
١٠٦. مەجید فەتاح (مفەوەزی بێتەلی پۆلیسی سلێمانی و ئەندامی پارتی)
١٠٧. مەحمود ڕەموع (عەرەب)
١٠٨. مەلا حەمەدەمین مەلا خەلیل (مەلا محەمەدئەمین)
١٠٩. مەلا محەمەد شێخ بزێنی
١١٠. مەولود ئیبراهیم
١١١. مەولود ئیبراهیم
١١٢. میرۆ عەبدولخالق
١١٣. ناجی جیهانگیر نێروەیی
١١٤. نایف ئەحمەد ئەرگۆشی
١١٥. نەجمەدین
١١٦. نوری حەیدەر هەمەوەندی ( مامۆستا هۆشیار )
١١٧. نوری عەبدوڵا  خۆشناو
١١٨. هاشم محەمەد خزر
١١٩. هەجەر سندی
١٢٠. وەلی حسێن
١٢١. وەلی ئەحمەد
١٢٢. یەحیان غەریب
١٢٣. یوسف هەورامی
١٢٤. یونس (بێتەلی هێزی ئاکرێ و شێخان)
١٢٥. یونس ئەمین

# پاشکۆی ژمارە ١

## وێنەکان



وەستاوەکان لە ڕاستەوە: ئادەم ئاشووری، مستەفا بارزانی، عەبدوڵا پشدەری، ڕۆژنامەنووسێکی بیانی
دانیشتووان لە ڕاستەوە: نەناسراو، بێتەلچی مەلا سلێمان
کوێستانەکانی حەسەن بەگ لە ساڵی ١٩٦٥
(لە ماڵپەری KDP.info وەرگیراوە)



شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن بە جل و بەرگی ئەفسەری
(لە پەرتووکی ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول وەرگیراوە)



شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن لەگەڵ چەند کادیری بێتەلەکی تر لە
کاتی وەرگرتن و شیکردنەوەی بروسکەکانی دوژمن لەساڵی ١٩٦٣
(لە ئەلبۆمی وێنەکانی شۆڕشی ئەیلوولی بڵاوکراوەی کوردستان میموریی
ڕۆژنامەنووس فرانسوا گزاڤیێ لۆڤا لە ساڵی ١٩٦٣ وەرگیراوە)



ڕاوەستاو: نەناسراوە، دانیشتوو: نوری حەیدەر هەمەوەندی (هۆشیار) لەکاتی بەکارهێنانی ئامێری بێتەل (لە پەرتووکی بێتەل وەرچەرخانێکی نوێبوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا وەرگیراوە)



لە ڕاستەوە: لەتیف شاڵی، نوری حەیدەر هەمەوەندی، ئازاد نوری حەیدەر لە کاتی چاککردنەوەی هێڵی تەلەفون (لە پەرتووکی بێتەل وەرچەرخانێکی نوێبوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا وەرگیراوە)



بێتەلچی مستەفا ئامێدی لەگەڵ فەرماندە ئەسعەد خۆشەوی و پێشمەرگەکانی لە ساڵی ١٩٦٣ (لە ئەلبۆمی وێنەکانی شۆڕشی ئەیلوولی بڵاوکراوەی کوردستان میموریی ڕۆژنامەنووس فرانسوا گزاڤیێ لۆڤا لە ساڵی ١٩٦٣ وەرگیراوە)



مەلا سلێمان بێتەلچی تایبەتی مستەفا بارزانی لە سەرەتای شۆڕش (لە پەرتووکی دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان سالانی ١٩٦١- ١٩٧٥ وەرگیراوە)



مستەفا ئامێدی بێتەلچی فەرماندە ئەسعەد خۆشەوی لە ساڵی ١٩٦٣ (لە ئەلبۆمی وێنەکانی شۆڕشی ئەیلوولی بڵاوکراوەی کوردستان میموریی ڕۆژنامەنووس فرانسوا گزاڤیێ لۆڤا لە ساڵی ١٩٦٣ وەرگیراوە)



جەمال ڕەشید بێتەلچی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ (لە پەرتووکی دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٥ وەرگیراوە)



لە ڕاستەوە: ئیدریس بارزانی، حەمە عەزیز، مستەفا بارزانی
(لە گۆڤاری پەیامی ئەیلوول ژمارە ٣٤ وەرگیراوە)



عەبدوڵا  مەلا زادە ساڵی ١٩٦٧
(لە ئەرشیفی عەبدوڵا  مەلا زادە وەرگیراوە)



لە ڕاستەوە: ئەسکەندەر مەسیفی، حاجی قشوری، عەبدوڵا مەلا زادە لەگەڵ
هەندێك پێشمەرگەی هێزی باڵەك
(لە گۆڤاری پەیامی ئەیلوول ژمارە ٣٠ وەرگیراوە)



محەمەد لاسلکی (لە گۆڤاری پەیامی ئەیلوول ژمارە ١٥ وەرگیراوە)



عەبدوڵا لاسلکی بەرپرسی مخابرەی گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەرچووی یەکەمی یەکەم خولی گشتی بێتەل لە ساڵی ١٩٦٧ لە گەڵاڵە



سەیدا ساڵح یوسفی (لە ئینتەرنێت وەرگیراوە)

بێتەل لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا

# پاشکۆی ژمارە ٢

## وێنەکانی دەزگای بێتەل




شێوەی دەزگای بێتەلی ژمارە ٩ بەشی وەرگر (لە پەرتووکی چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی وەرگیراوە)




شێوەی دەزگای بێتەلی ژمارە ٩ بەشی نێرەر
(لە پەرتووکی چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی وەرگیراوە)





شێوەی دەزگای بێتەلی ڕاکاڵ

(لە پەرتووکی چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی وەرگیراوە)

# پاشکۆی ژمارە ٣

# بەڵگە و دۆکیومێنتەکان

( ئەلف بای مورس بە عەرەبی )

| پیت | ڕەمزی مورس | پیت | ڕەمزی مورس | پیت | ڕەمزی مورس |
|---|---|---|---|---|---|
| ا | · — | د | · · — | ط | ·— |
| ب | ···— | ذ | ·· —— | ظ | —— · — |
| ت | — | ر | ·—· | ع | —·—· |
| ث | ·—·— | ز | ·——— | غ | ·—— |
| پ | ·——· | س | ··· | ف | ·—·· |
| ج | ———· | ش | ———— | ق | —·—— |
| ح | ···· | ص | —··— | ك | —·— |
| خ | ——— | ض | — ··· | ل | ·—·· |
| م | —— | ن | · — | هـ | ··—·· |
| و | ——· | ی | ·· | هەمزە | · |

( ئەلف بای مورس بە لاتینی )

| ڕەمزی مورس | پیت | ڕەمزی مورس | پیت | ڕەمزی مورس | پیت |
|---|---|---|---|---|---|
| — | T | —·— | K | ·— | A |
| ··— | U | ·—·· | L | —··· | B |
| ···— | V | —— | M | —·—· | C |
| —— | W | —· | N | —·· | D |
| —··— | X | ——— | O | · | E |
| —·—— | Y | ·——· | P | ··—· | F |
| ——·· | Z | ——·— | Q | ——· | G |
| | | ·—· | R | ···· | H |
| | | ··· | S | ·· | I |
| | | | | ·——— | J |

《 ئەلیفبای مورس بە کوردی 》

| پیتی کوردی | مورس | پیتی کوردی | مورس |
|---|---|---|---|
| گ | — ·· — | چ | — ·· |
| ژ | ·· — — | ڤ | — ··· |

| ژمارە بە مورس (درێژ) | | ژمارە بە مورس (کورتی لاتینی | |
|---|---|---|---|
| ژمارە | مورس | ژمارە | مورس |
| ١ | — — — — · | ١ | — · |
| ٢ | — — — ·· | ٢ | — ·· |
| ٣ | — — ··· | ٣ | — — ··· |
| ٤ | — ···· | ٤ | — ···· |
| ٥ | ····· | ٥ | · |
| ٦ | ···· — | ٦ | ···· — |
| ٧ | ··· — — | ٧ | ··· — — |
| ٨ | ·· — — — | ٨ | ·· — |
| ٩ | · — — — — | ٩ | · — |
| ٠ | — — — — — | ٠ | — |

ژمارە بە مورس (کورتی بە فارسی )

| ژمارە | مورس | ژمارە | مورس |
|---|---|---|---|
| ١ | — · | ٦ | ··· |
| ٢ | — ·· | ٧ | · — — |
| ٣ | — — · | ٨ | ·· — |
| ٤ | · — · | ٩ | · — |
| ٥ | · | ٠ | — |

ئەلف و بای مورس و ژمارە بە کوردی (لە پەرتووکی چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی وەرگیراوە)

* زاراوەکانی مـورس بە شیوەی سهایی *

| زاراوەکانی مورس | ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە عەرەبی |
|---|---|---|
| ث . ق | گشت ئیستگەکـان | جمیع المحطـات |
| ع . خ | تاکو....، ئەمە کاتی بروسکە وەرت گرتبیت وە لە ناوەوە ووشەیەك بە ئیشتیباە وەرت گرتبیت ووشەی د روست لی ئەدریت و ئەم زاراوەش لی ئەدریت پاشان ووشەی دوای رستەکە لی ئەدریت. | الـى ....." |
| ق . س . أ | چون ئەمبیستی ؟ | کیف تسمعنـی ؟ |
| ق . ر . م | ئەئسیری ئیستگەکانی بیگانە | تأثیرات محطات الاجنبیه . |
| ك | بفەرموو | الیك أو أجب . |
| ی . ی | فاصلە ( ـ ) | خط شارحه ( ـ ) . |
| ر . ن . ر | وەرم گرت | استلمـت . |

| زاراوەکانی مورس | ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە عەرەبی |
|---|---|---|
| و . أ | یەك رستە پاش | کلمـا بعد |
| أ . و | یەك رستە پیش | کلمه واحده قبل |
| ر . ث | راستە | صحیح |
| د . د . ق | ئەم بروسکەیەبدە بە فلان ئیستگە . | اعبر هذه البرقیه الـى فلان محطـه |
| ب . ب | ئایا وەرت گرتووە تا ئیرە . | هل استلمت لحد الان . |
| م . ی | دووبارە ئەلیمەوە یا خود دووبارە بلیرەوە . | أقول ثانیه أو قل ثانیه . |
| أ . س | راوەستە، لە یەك دەقیقە تاکو (٥) دەقیقە . | انتظر، من دقیقه واحده الی (٥) دقائق . |
| د . ب . ف | بروسکەکە دریژە لە (١٠٠) ووشە زیاترە . | البرقیه طویله اکثر من (١٠٠) کلمه . |
| م | بروسکە . | برقیه . |
| ث | کاربون . | کاربون . |
| أ . ر | لەگەل تو تەواو بووم . | انتهیت معك . |
| ر | باشە . | طیب . |
| ك . ك | کەوانە بکەرە یا خود دابخە . | افتح القوس أو سد القوس. |
| ر . ر | دوو کەوانەی بچووك (" ـ ") . | قوسین صغیرین ("ـ") . |
| ی . ص | فاصلیکی دریژ . | فاصله طویله . |
| م . م | لەسەر ( $\frac{١}{٢}$ ) . | طی ( $\frac{١}{٢}$ ) . |
| ف . ف . ف | فرۆکەکانی دوژمن لەسەرمانن . | یوجد غارات جویه للعدو فی المنطاقـه . |
| ل . ع . ت | بروسکەی زورم هەیە بوت . | عندی برقیات کثیره لك . |
| ق . س . ط | نوسخەی خوت بگورە . | تحویل الشبکه او النقطه . |

| زاراوەکانی مۆرس | ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە عەرەبی |
|---|---|---|
| غ.م | بەیانی باش . | صباح الخير . |
| غ.ن | ئیوارە باش . | مساء الخير . |
| غ.أ | شەو باش . | ليله سعيده . |
| س.س | سەرکەوە . | اصعد . |
| د.د | دابەزە . | انزل . |
| ق.ر.ط | ئایا هیچت هەیە . | هل لديك شيء . |
| م.ع | بۆ ئاگاداری . | للعلم . |
| ن.خ.ت | بروسکەی شەخسی . | تذكره . |
| د.ط | پەیوەستن . | رابطه . |
| خ | پەلەیە . | فوريه . |
| د | پەلەیە . | مستعجله . |
| خ.پ | زۆر بە پەلەیە . | فوريه للغايه . |
| ص.ء | هیلی خوار ٪ . | خط مائل / . |
| ء.ص | هیلی خوار / . | خط مائل / . |
| ذ.ب.ی | دیمە سەر ( کلام ) . | احول على الكلام . |
| غ.ب | خوا حافیز . | في امان الله . |
| ی.س.ی.ت | ئایا راستە ئەوەی دەلیم | هل صحيح ما أقول . |
| ن.خ | نەخیر . | كلا . |
| ك.أ.هـ | پیکەنین . | ضحك . |
| غ.ر | ژمارەی ووشەکانی بروسکە . | عدد كلمات البرقيه . |
| م.ی.م | ژمارەی ووشەکانی بروسکە نیه . | لا يوجد عدد الكلمات . |
| ب.ت | ناوەرۆکی بروسکە دەست پێ دەکـــــات . | تبدأ متن البرقيه . |
| و.أ | لەپاش . | كلما بعد . |

| زاراوەکانی مورس | ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە عەرەبی |
|---|---|---|
| أ.أ.أ | نوختسه . | وقوف . |
| ص.ر | بانگی هەڤالی خوت بکه . | نادی صدیقك . |
| ر.٥ | دەنگت زور باشه . | صوتك واضح . |
| ر.٢ | دەنگت خراپه . | صوتك غير واضح . |
| ص | دەنگت ئەنزیم بکه . | نظم صوتك . |
| ص.هـ | دەنگت لەسەر نوختەکسەم | نظم صوتك هنا . |
| | ریك بخه . | |
| أ.ف | لاچو . | انحرف . |
| ب.م | بروسکه هاوەشه . | برقيه مشتركه . |
| ف.ص.ك | دەزگایەکه دایبخه . | اغلق المحطه . |
| ف.ر.ن | کارتیکردنی ئاسمانی . | تأثير جوى . |
| أ.ك | پرسیارم هەیه . | عندى سؤال . |
| ر.م.م | هەڤالم لیره نییه . | صديقى ليس حاضرا هنا . |
| ص.ك | سوپاس . | شكرا . |
| م.م | جیی چاکردنەوەی ئامیر . | معمل تصليح الاجهزه . |
| ع.ك | باشه . | طيب . أوكى . |
| ف.س.ل | ئایا بروسکەکەت وەرگرت . | هل استلمت البرقيه . |
| د.ع | فاصله بەینی ناوی ئیستگەکان . | فاصله بين النداء المحطات . |
| [illegible].د | فاصله بەینی ناوی ئیستگەکان . | فاصله بين النداء المحطات . |
| ف.ر.ت | سعات چەندە . | كم الساعه . |

ئەم زاراوانە لە پەرتووکی چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی وەرگیراوە

هەندی لە زاراوەکانی مورس بە شیوەی پولیسی

| زاراوەکانی مورس | ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە عەرەبی |
|---|---|---|
| س • ی | خوئامادەکردن • | تحضیری • |
| ق • ر • ك | چون ئەبیستی • | کیف تسمعنی • |
| ق • ت • ث • ١ | بروسکەیەکم هەیە • | عندی برقیه واحده • |
| ر • ك | دەست پی بکە ،یان بەردەوام بە • | باشر أو استمر • |
| ق • خ • ت | بروسکەم زور هەیە بوت • | عندی برقیات الیك • |
| خ | پەلە • | طارئه • |
| د | بەپەلە • | مستعجله • |
| م • ی • م | پیکەنین • | ضحك • |
| ر • ق • ر • ط | هیچم نی یە • | لایوجد شیء • |
| ٠ • أ • ك | پرسیارم هەیە ،یان داوا • | سؤال أو طلب • |
| ب | لە ناوەندی ناو (فاصله) • | فاصله بین النداء • |
| غ • ر • ب • ت | دەست پی کردنی ژمارەی بروسکە • | رقم المنشیء أو عدد البرقیه |
| خ • ك | باشە • | طیب • |
| ف • أ | لاچـو • | انحرف • |
| ی • ت • م | بچو بو فلان سعات • | عزل الی الساعه الفلانیه • |
| ب • ب | فاصله بەینی بروسکە و بروسکە • | فاصله مابین البرقیه والبرقیه |

ئەم زاراوانە لە پەرتووکی چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی وەرگیراوە

| چه | ١ | ٦ | ٢ | ٧ | ٥ | ٨ | ٩ | ٠ | ٣ | ٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | | بنيرن | | | .روسكه | | | | ٦ | |
| ٠ | | | بسو | | | شان | | ٥ | | |
| ٤ | | | | لام | | | ناوبراو | | | |
| ٣ | | | ١ | | ان | | ٤ | | | ٧ |
| ١ | | | | | | ئەوە | | | | |
| ٦ | شكاوه | | بكەين | | | ٨ | ی | | | |
| ٢ | | | | ٢ | | | | ٩ | | |
| ٧ | | ٩ | | | | | | | اجراءات | |
| ٥ | | | | | ٣ | | | | | لەگەل |
| ٨ | ٠ | | | | | | | | | |

خشتەی هێمای کاروباری ڕۆژانە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول (خشتەی شیفرە)
(لە پەرتووکی چەند زانیارییێك لە سەر بێتەل و چۆنیەتی ئیشکردنی وەرگیراوە)

## لیستی ناوی پێشمەرگە بێتەلەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن

نوسینی عبدالله مەلازادە

| ژ | ناوی تەواو | شوێنی کار | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | حازم رشید ئاکرەیی | بارەگای بارزانی | بەرپرسی مخابەرە | |
| 2 | ئاغا محمد شریف ئاکرەیی | بارەگای بارزانی | بێتەل | |
| 3 | عبدالله مەلا نجم گۆران | بارەگای بارزانی | بێتەل | |
| 4 | محمد رەزا قەرەداغی | بارەگای بارزانی | بێتەل | |
| 5 | مولود ابراهیم ماستاوەیی | بارەگای بارزانی | بێتەل | |
| 6 | یوسف مەلا احمد | بارەگای بارزانی | بێتە ل | |
| 7 | عبدالله دەرویش | بارەگای بارزانی | بێتەل | |
| 8 | عبدالله حسن چیچۆ | بارەگای بارزانی | بێتەل | |
| 9 | شوکەت اسماعیل | بارەگای مخابەرەی گشتی | بەرپرسی مخابەرەی گشتی | |
| 10 | جمال رشید | بارەگای مخابەرەی گشتی | بەرپرسی بەشی ئیدارە | |
| 11 | حسن خدر رەشۆ | بارەگای مخابەرەی گشتی | بەرپرسی بەشی (جفرە) | |
| 12 | نوری حیدر(هوشیار) | بارەگای مخابەرەی گشتی | بەرپرس بەشی دەورەی مخابەرە | |
| 13 | عزەت شوکری ئاکرەیی | بارەگای مخابەرەی گشتی | بەرپرسی بەشی وەرشە | |
| 14 | فەتحی شەریف ئاکرەیی | بارەگای مخابەرەی گشتی | بێتەل | |
| 15 | عبدالله خدر رەشۆ | بارەگای مخابەرەی گشتی | نوسەری جفرە | |
| 16 | سعید احمد فتاح | بارەگای مەکتەبی عسکری | بێتەل | |
| 17 | مستەفا حسین ئامێدی | لەشکری ۱ | بەرپرسی مخابەرەی لەشکری | |
| 18 | احسان غریب علی | لەشکری ۱ | بێتەل | |
| 19 | ئاغا عبدالجلیل عوسمان | لەشکری ۱ | بێتەل | |
| 20 | اسماعیل سعید تروانشی | لەشکری ۱ | بێتەل | |
| 21 | سلیم علی ابراهیم | لەشکری ۱ | بێتەل | |
| 22 | هیلال عیسا محمد | بارەگای لقی ۱ | بێتەل | |
| 23 | کاك کریم موسلاوی | بارەگای لقی ۱ | بێتەل | |
| 24 | صابر فتاح | بارەگای لقی ۱ | بێتەل | |
| 25 | محمد سعید ئیرۆەیی | لەشکری۱ هێزی ئامێدی | بێتەل | |

2

| ژ | ناوی تەواو | شوێنی کار | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 26 | محمداحمد اسماعیل | لەشکری ا هیزی ئامێدی | بێتەل | |
| 27 | مستەفا چاوشین | لەشکری ا هیزی ئامێدی | بێتەل | |
| 28 | نایف احمد ئەرگۆشی | لەشکری ا هیزی ئامیدی | بێتەل | |
| 29 | صادق سعید مستەفا | لەشکری ا هیزی دهۆك | بێتەل | |
| 30 | تاهیر تاها مەلەك | لەشکری ا هیزی دهۆك | بێتەل | |
| 31 | اسماعیل زوبیر عبدالرمان | لەشکری ا هیزی دهۆك | بێتەل | |
| 32 | امین سعید شاهین | لەشکری ا هیزیدهۆك | بێتەل | |
| 33 | محمود رەمۆ | لەشکری ا هیزی عقرە | بێتەل | |
| 34 | یونس محمد امین | لەشکری ا هیزی عقرە | بێتەل | |
| 35 | شوکت مزوری | لەشکری ا هیزی شێخان | بێتەل | |
| 36 | الیاس قاسم | لەشکری ا هیزی شێخان | بێتەل | |
| 37 | جیهانگیر کریم | لەشکری ا هیزی شێخان | بێتەل | |
| 38 | جیهانگیر حاجی تێلی | لەشکری ا هیزی شێخان | بێتەل | |
| 39 | رەمەزان محمد گۆران | لەشکری ا هیزی شێخان | بێتەل | |
| 40 | صالح رشید احمد | لەشکری ا هیزی زاخۆ | بێتەل | |
| 41 | عبداللە جانگیر حسن | لەشکری ا هیزی زاخۆ | بێتەل | |
| 42 | انور حسن حسین | لەشکری ا هیزی زاخۆ | بێتەل | |
| 43 | عبدالکریم عبدالعزیز | لەشکری ا هیزی زاخۆ | بێتەل | |
| 44 | سلیمان محمدعلی | لەشکری ا هیزی زاخۆ | بێتەل | |
| 45 | شلێمون یونس | لەشکری ا هیزی زاخۆ | بێتەل | |
| 46 | ابراهیم سلۆ میرزا | لەشکری ا هیزی زاخۆ | بێتەل | |
| 47 | صدیق موسا سعدۆ | لەشکری ا هیزیزاخۆ | بێتەل | |
| 48 | فارس تۆفیق تاهیر | لەشکری هیزی سنجار | بێتەل | |
| 49 | دەرویش احمد دەرویش | لەشکری هیزی سنجار | بێتەل | |
| 50 | شوکر مەلا غفور | لەشکری ا هیزی حمرین | بەرپرسی مخابەرەی هیز | |

| ژ | ناوی تەواو | شوێنی کار | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 51 | عبداللە رحمان مەلازادە | بارەگای هێزی بالەك | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 52 | شیت خورشید ئاکرەیی | بارەگای هێزی بالەك | بێتەل | |
| 33 | احمد شهاب فەیلی | بارەگای هێزی بالەك | بێتەل | |
| 44 | عبداللە بچکۆل | بارەگای هێزی بالەك | بێتەل | |
| 55 | خلیل میکائیل دۆسکی | بەتالیۆنی 1 هیزی بالە | بێتەل | |
| 56 | ناجی جیهانگیر ئێروەیی | بەتالیۆنی2 هیزی بالەك | بێتەل | |
| 57 | احمد شێخ تاها | بەتالیۆنی 2هیزی بالەك | بێتەل | |
| 58 | شاکر حاجی سەبری | بەتالیۆنی3 هیزی بالەك | بێتەل | |
| 59 | رشید هیرانی(رەشۆ) | بەتالیۆنی 3هیزی بالەك | بێتەل | |
| 60 | انور کەرکوکی | بەتالیۆنی 3 هیزی بالەك | بێتەل | |
| 61 | نصرالدین فقێ عبداللە | قوەتی سەرچیا هیزی بالەك | بێتەل | |
| 62 | سعید دەرویش | بارەگای هێزی کاوە | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 63 | عریف محمد هەورامی | بارەگای هێزی کاوە | بێتەل | |
| 64 | شێخ نجم الدین | بەتالیۆنی1 هیزی کاوە | بێتەل | |
| 65 | احمد نادر | بەتالیۆنی 2هیزی کاوە | بێتەل | |
| 66 | جبار اسعد | بەتالیۆنی 3هیزی کاوە | یتەل | |
| 67 | مەلاسلیمان ئانەکەلی | بارەگای هێزی بێتواتە | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 68 | اکرم کریم | بەتالیۆنی1 هیزی بیتواتە | یتەل | |
| 69 | محمد مستەفا | بەتالیۆنی2 هیزی بیتواتە | یتەل | |
| 70 | دلاوەر حمد قادر | بەتالیۆنی 3 هیزی بیتواتە | یتەل | |
| 71 | مەلا حمدەمین | بارەگای هێزی سەفین | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 72 | جلال تاها مامەجەلکەیی | بەتالیۆنی1 هیزی سەفین | یتەل | |
| 73 | وەلی احمد | بەتالیۆنی2 هیزی سەفین | یتەل | |
| 74 | رشاد حمید کاوانی | بەتالیۆنی3 هیزی سەفین | یتەل | |
| 75 | خدر مولود رۆستەم | مخابەرەی لقی 2 | یتەل | |

| ژ | ناوی تەواو | شوێنی کار | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 76 | محمد رسول | بارەگای هێزی دەشتی هەولێر | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 77 | وەلی حسین | بەتلیۆنی 1 دەشتی هەولێر | یتەل | |
| 78 | عزیز عبدالرحمن | بەتالیۆنی2 دەشتی هەولێر | یتەل | |
| 79 | ابراهیم هەولیری | بەتالیۆنی2 دەشتی هەولێر | یتەل | |
| 80 | محمد نجم محمد | بارەگای هێزی ڕزگاری | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 81 | جبار محمد اسعد | بەتالیۆنی 1 هێزی ڕزگاری | یتەل | |
| 82 | جمال احمد | بەتالیۆنی 2هێزی ڕزگاری | یتەل | |
| 83 | حەوێز عبدالله | بەتالیۆنی3 هێزی ڕزگاری | یتەل | |
| 84 | سعید جوامێر | بەتالیۆنی4 هێزی ڕزگاری | یتەل | |
| 85 | محمد قەرەج | بارەگای هێزی قەرەداغ | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 86 | شەهید محمد تاهر ئاکرەیی | بارەگای هێزی قەرەداغ | یتەل | |
| 87 | کماله ڕەش | بەتالیۆنی 1 هێزی قەرەداغ | یتەل | |
| 88 | کاك یحی | بەتالیۆنی 2هێزی قەرەداغ | یتەل | |
| 89 | فازل ئامق | بەتالیۆنی3 هێزی قەرەداغ | یتەل | |
| 90 | هاشم کەرکوکی | بەتالیۆنی4 هێزی قەرەداغ | یتەل | |
| 91 | ادریس هەورامی | بارەگای هێزی خەبات | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 92 | کاك حەمکول بەرزنجی | بارەگای هێزی خەبات | بیتەل | |
| 93 | یوسف هەورامی | بارەگای هێزی خەبات | بیتەل | |
| 94 | نەسرەدین هەورامی | بەتالیۆنی 1هێزی خەبات | بیتەل | |
| 95 | عوسمان ژاژلەیی | بەتالیۆنی2 هێزی خەبات | بیتەل | |
| 96 | عباس ڕۆستەم | بەتالیۆنی 3هێزی خەبات | بیتەل | |
| 97 | جلال جوهەر | بەتالیۆنی 4هێزی خەبات | بیتەل | |
| 98 | عریف علی | بارەگای هێزی ئەزمەر | بەرپرسی مخابەرەی هێز | |
| 99 | عریف محمد امین | بارەگای هێزی ئەزمەر | بیتەل | |
| 100 | وریا عبدالرحمن | بەتالیۆنی 1 هێزی ئەزمەر | بیتەل | |

| ژ | ناوی تەواو | شوێنی کار | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 101 | جلال ئەمین | بەتالیۆنی2 هێزی ئەزمەڕ | بێتەل | |
| 102 | محمد فتاح | بەتالیۆنی3 هێزی ئەزمەڕ | بێتەل | |
| 103 | کاك حکیم | مخابەرەی لقی4 | بێتەل | |
| 104 | عریف سالم | بێتەلی ئیستگەی کوردستان | بێتەل | |
| 105 | مستەفا عبداللە | | بێتەل | |
| 106 | زکری حبیب ئەمەر | | بێتەل | |
| 107 | شمس الدین محسین | | بێتەل | |
| 108 | عریف هاشم خدر | | بێتەل | |
| 109 | منصور شوکر | | بێتەل | |
| 110 | محمد خۆخێ | | بێتەل | |
| 111 | | | | |
| 112 | | | | |
| 113 | | | | |
| 114 | | | | |
| 115 | | | | |
| 116 | | | | |
| 117 | | | | |
| 118 | | | | |
| 119 | | | | |
| 120 | | | | |

ئەم ناوانە لە ئەرشیفی عەبدوڵا مەلا زادە بێتەلی هێزی باڵەك لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول وەرگیراوە


Kurdistan Dimokratic Party - Iraq
Political Bureau

پارتی دیموکراتی کوردستان - عراق
مەکتەبی سیاسی

ژ/ ٤٨
ر/ ٢٣/ ١/ ١٩٨٠

بریار

لەبەر بەرژەوەندی گشتی وەلەبەر ئەوەی هەڤال مصطفى حسین ئامیدی یەکەمین بیتەلی شورشی أیلول بوە وتا ئیستا لەسەر تیکوشان بەردەوامە بریارماندا بە دانانی بەریوبەری گشتی مخابراتی شورشی. هەروەها هەڤال عبدالله درویش بەیاریدەری ولیپرسراوی مخابراتی بارەگایی م. س. ئومیدەوارین سەرکەوتوبن لەم ئیشە پیروزەی خویاندا ..م

ئیتر بوبیتـــەوە ......

وینەیەك بو /
هەڤال مصلفى ئامیدی
هەڤال عبدالله درویش
/ بونا گاداری

بڕیاری دەست بەکاربوونی مستەفا ئامێدی وەك بەڕێوەبەری گشتی بێتەل و عەبدوڵا دەروێش وەك یاریدەدەر و لێپرسراوی مخابرەی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٨٠
(لە ئەرشیفی مستەفا ئامێدی وەرگیراوە)